# جوت دەنگیی لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی
# بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا

# جوت دەنگیی لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی

# بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا

ڕاز عەزیز ئەحمەد

2021

**ئەم کتێبە بەشێک بوە لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەددین ـ ساڵی ٢٠٢١**

❖ **جوت دەنگیی لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا**

- **نوسین:** ڕاز عەزیز ئەحمەد
- **نەخشەسازی بەرگ و ناوەوەی کتێب:** هێمن حەساری
- **نرخ:** (       ) دینار
- **چاپ:** یەکەم ـ ٢٠٢٣
- **تیراژ:** ٢٠٠ دانە
- **چاخانە:** چاپخانەی

- **لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی** (      ) **ساڵی** (٢٠٢٣) **پێ دراوە..**

ناوەڕۆک:

**پێڕستی خشتەکان** ....................................................................- ١٢ -
**بەشی یەکەم** ......................................................................- ١٩ -
**پێشەکی** ...........................................................................- ١٩ -
١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە ..........................................................- ١٩ -
١-٢: سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە ................................................- ١٩ -
١-٣: ڕێباز و تیۆری کارپێکراو لە توێژینەوەکەدا ...................................- ١٩ -
١-٤: ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە ...................................................- ١٩ -
١-٥: گرفتی توێژینەوەکە ................................................................- ٢٠ -
١-٦: پرسیاری توێژینەوەکە .............................................................- ٢٠ -
١-٧: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ............................................................- ٢١ -
**بەشی دووەم** ......................................................................- ٢٥ -
**دەنگسازی و یەکە دەنگییەکان** .....................................................- ٢٥ -
٢-١: دەنگسازی و بەشەکانی ...........................................................- ٢٥ -
٢-١-١: فۆنەتیک Phonetic ..............................................................- ٢٩ -
٢-١-١-١: فۆنەتیک و بوار و بەشە جۆراوجۆرەکانی .....................................- ٣٠ -
٢-١-١-١-١: فۆنەتیکی بیستنauditory phonetics ..................................- ٣١ -
٢-١-١-١-٢: فۆنەتیکی فیزیکی(ئەکوستیکی)acoustic phonetics ...................- ٣٢ -
٢-١-١-١-٣: فۆنەتیکی ئۆرگانییarticulatory phonetics ..........................- ٣٢ -
٢-١-٢: فۆنۆلۆژیی Phonology .........................................................- ٣٢ -
٢-٢: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی دەنگ ..................................................- ٣٤ -
٢-٢-١: هەناسەدان Initiation ..........................................................- ٣٤ -
٢-٢-٢: دەنگدروستکردن phonation ...................................................- ٣٦ -
٢-٢-٣: دەربڕینی دەنگ articulation .................................................- ٣٨ -
٢-٣: یەکە دەنگییەکان .....................................................................- ٤٠ -
٢-٣-١: دەنگSound .........................................................................- ٤١ -

٢-٣-٢: فۆنPhone ........................................................................- ٤٢ -
٢-٣-٣: فۆنێمPhoneme .................................................................- ٤٢ -
٢-٣-٣-١: پۆلبەندکردنی فۆنێم ...........................................................- ٤٥ -
٢-٣-٣-١-١: فۆنێمە کەرتییەکان Segmental phoneme ...........................- ٤٥ -
٢-٣-٣-١-١-١: فۆنێمە کۆنسۆنانتەکان Constants ....................................- ٤٦ -
٢-٣-٣-١-١-١-١: پۆلێنکردنی کۆنسۆنانتەکان لەسەر بنەمای شێوەی گۆکردنیان...- ٤٦ -
٢-٣-٣-١-١-١-٢: پۆلێنکردنی کۆنسۆنانتەکان لەسەر بنەمای شوێنە ئۆرگانەکانی دەنگدروستکردن ...........................................................................- ٤٩ -
٢-٣-٣-١-١-١-٣: پۆلێنکردنی کۆنسۆنانتەکان لەسەر بنەمای هەڵوێستی تاڵەژێیەکان - ٥٢ -
٢-٣-٣-١-١-٢: فۆنێمە ڤاوڵەکان Vowels ................................................- ٥٣ -
٢-٣-٣-١-١-٢-١: پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان ...................................................- ٥٤ -
٢-٣-٣-١-٢: فۆنێمە ناکەرتییەکان Suprasegmental phoneme...............- ٥٧ -
٢-٣-٣-١-٢-١: هێزStress ...................................................................- ٥٨ -
٢-٣-٣-١-٢-١-١: جۆرەکانی هێز ............................................................- ٦٢ -
٢-٣-٣-١-٢-١-١-١: هێزی وشەWord Stress .........................................- ٦٢ -
٢-٣-٣-١-٢-١-١-٢: هێزی ڕستەSentence Stress ...................................- ٦٣ -
٢-٣-٣-١-٢-١-٢: هێز بەپێی جێگیری و سەربەخۆیی ......................................- ٦٤ -
٢-٣-٣-١-٢-٢: ئاوازIntonation ..........................................................- ٦٥ -
٢-٣-٣-١-٢-٢-١: ڕۆڵی ئاواز ..................................................................- ٦٦ -
٢-٣-٣-١-٢-٣: وەستانPause ...............................................................- ٦٨ -
٢-٣-٣-١-٢-٤: کێش Rhyme ...............................................................- ٧١ -
٢-٣-٤: بڕگەSyllable ...........................................................................- ٧٣ -
٢-٣-٤-١: بڕگە لە زمانی کوردیدا .......................................................- ٧٦ -
٢-٤: فۆنۆتاکتیکPhonotactics .........................................................- ٧٧ -
**فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان** ........................................- ٨٣ -

٣-١: فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان Generative Phonology .........................- ٨٣ -
٣-٢: ئامانجی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان ................................................- ٨٦ -
٣-٣: چەمکی فۆنێم لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان ..............................- ٨٧ -
٣-٤: ئاستەکانی نواندن لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و پەیوەندی و پێوانە جیاکەرەوەکانی نێوانیان ................................................................- ٨٩ -
٣-٤-١: ئاستی نواندنی بنچینەیی Underlying representation ...............- ٨٩ -
٣-٤-١-١: پێوانەکانی دۆزینەوەی نواندنی بنچینەیی ..................................- ٩٠ -
٣-٤-٢: ئاستی نواندنی فۆنەتیکی Phonetic representation ..................- ٩١ -
٣-٤-٣: پەیوەندیی نێوان ئاستی نواندنی بنچینەیی و فۆنەتیکی .......................- ٩٢ -
٣-٤-٤: پێوانەکانی جیاکردنەوەی نواندنی بنچینەیی لە نواندنی فۆنەتیکی...........- ٩٤ -
٣-٥: پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان ...............- ٩٦ -
٣-٥-١: پرۆسەی بەهێزکردن Fortition process ..................................- ٩٩ -
٣-٥-١-١: لەیەکجیابونەوە Dissimilation ..........................................- ١٠٠ -
٣-٥-١-٢: هەڵتۆقین (پەیدابون) Insertion ............................................- ١٠١ -
٣-٥-١-٣: بەیەکدەنگیبون ...............................................................- ١٠٢ -
٣-٥-٢: پرۆسەی لاوازکردن Lenition process ...................................- ١٠٢ -
٣-٥-٢-١: توانەوە Assimilation .......................................................- ١٠٥ -
٣-٥-٢-٢: کرتان Reduction ............................................................- ١٠٧ -
٣-٥-٢-٣: بڕگە کەمکردنەوە Syllable Reduction ..............................- ١٠٩ -
٣-٥-٢-٤: جێگۆڕکێی دەنگ Metathesis ............................................- ١١٠ -
**بەشی چوارەم** ..........................................................................- ١١٥ -
**جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا** ......................................................- ١١٥ -
٤-١ : زاراوە و چەمکی جوت دەنگیی ..................................................- ١١٥ -
٤-٢: پێداچونەوە بە هەندێک لە کارەکانی پێشو لەبارەی چەمکی جوت دەنگیی..- ١١٧ -
٤-٢-١: لە زمانی کوردیدا ...............................................................- ١١٧ -
٤-٢-٢: لە زمانی فارسیدا ...............................................................- ١٢٠ -

٤-٢-٣: لە زمانی ئینگلیزیدا ............................................. - ١٢٤ -
٤-٢-٤: لە زمانی عەرەبیدا ............................................. - ١٢٥ -
٤-٣: پەیوەندی جوت دەنگیی و درێژکردنەوە ........................................ - ١٢٩ -
٤-٤: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی ............................................. - ١٤٠ -
٤-٤-١: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (بنەڕەتی، داڕشتن) ............................ - ١٤١ -
٤-٤-٢: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (فەرهەنگی، چونییەکی، لێکدان) ............. - ١٤١ -
٤-٤-٣: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (فەرهەنگی، مۆرفۆلۆژی) ..................... - ١٤٢ -
٤-٤-٤: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (ڕاستەقینە، دروستکراو)...................... - ١٤٢ -
٤-٥: جۆرەکانی جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا ..................................... - ١٤٤ -
٤-٥-١: جوت دەنگیی بنەڕەتیUnderling geminates ........................ - ١٤٤ -
٤-٥-٢: جوت دەنگیی ڕۆنانی ............................................. - ١٤٦ -
٤-٥-٢-١: جوت دەنگیی داڕشتنDerived geminates ......................... - ١٤٦ -
٤-٥-٢-٢: جوت دەنگیی لێکدانCompound geminates ....................... - ١٤٨ -
٤-٦: جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان Gemination and phonological process ............................................. - ١٤٩ -
٤-٦-١: جوت دەنگیی و توانەوە Gemination in Total Assimilation..... - ١٤٩ -
٤-٦-٢: جوت دەنگیی و گۆڕانی دەنگ ............................................. - ١٥٢ -
٤-٧: نواندنی جوت دەنگییەکان representation of geminates ........... - ١٥٤ -
٤-٧-١: نواندنی جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان ........................................ - ١٥٧ -
٤-٧-٢: نوندنی جوت دەنگییە دروستکراوەکان ........................................ - ١٥٩ -
٤-٨: پەیوەندی جوت دەنگی و هێماکانی لە نوسیندا ................................. - ١٦٢ -
٤-٩: جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا ...................................... - ١٦٨ -
٤-٩-١: جێکەوتەی سەرەتای وشە ............................................. - ١٦٩ -
٤-٩-٢: جێکەوتەی ناوەڕاستی وشە ............................................. - ١٦٩ -
٤-٩-٣: جێکەوتەی کۆتایی وشە ............................................. - ١٧٠ -
٤-١٠: جوت دەنگیی بەپێی ڕیشەی وشەکان ........................................ - ١٧٢ -

٤-١١: جوت دەنگیی و دەرکەوتنی بەپێی قاڵبی بڕگە ................................- ١٧٤ -
٤-١٢: جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی و سیماکانیان ........................- ١٧٥ -
٤-١٣: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی .............- ١٧٩ -
٤-١٣-١: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی فۆنێمە بەشدارەکان لە جوت دەنگیی .......- ١٧٩ -
٤-١٣-٢: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جۆرەکانی جوت دەنگیی .....................- ١٨٠ -
٤-١٣-٣: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان.....- ١٨٢ -
٤-١٣-٤: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی جێکەوتەیان لە وشەدا ...-
- ١٨٣
٤-١٣-٥: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی ڕیشەی وشەکان .- ١٨٤ -
٤-١٣-٦: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی دەرکەوتنیان لەناو بڕگە .-
- ١٨٥
**بەشی پێنجەم** ...............................................................- ١٨٩ -
**ئەنجامەکان** ...............................................................- ١٨٩ -
**لیستی سەرچاوەکان** .........................................................- ١٩٢ -
**پاشکۆکان** ...............................................................- ٢٠٣ -

## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارەی هێڵکاری | ناوی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هێڵکاری ژمارە ١ | بەشە مەوداکانی فۆنەتیک | ١٠ |
| هێڵکاری ژمارە ٢ | پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان | ٣٣ |
| هێڵکاری ژمارە ٣ | پێکهاتەی وشەی (چاک) | ٤٦ |
| هێڵکاری ژمارە ٤ | مۆدێلی پێکهاتەی بڕگە | ٤٩ |
| هێڵکاری ژمارە ٥ | پەیوەندی نواندنی بنچینەیی و نواندنی فۆنەتیکی لە چوارچێوەی هێڵکاری خشتەییدا | ٦١ |
| هێڵکاری ژمارە ٦ | پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی نواندنی بنچینەیی و فۆنەتیکی | ٦٢ |

| | | |
|---|---|---|
| هێلکاری ژمارە ٧ | چۆنییەتی پێکهاتنی نواندنی فۆنەتیکی لە نواندنی بنچینەیی | ٦٣ |
| هێلکاری ژمارە ٨ | شێوەی دروستبونی جوت دەنگیی | ٨٦ |
| هێلکاری ژمارە ٩ | کۆنسۆنانتی درێژکراوە | ٩٤ |
| هێلکاری ژمارە ١٠ | کۆنسۆنانتی تاک بێ درێژکردنەوە | ٩٤ |
| هێلکاری ژمارە ١١ | ڤاوڵی درێژکراوەی (A) | ٩٨ |
| هێلکاری ژمارە ١٢ | کۆنسۆنانتی جوتی (K) | ٩٨ |
| هێلکاری ژمارە ١٣ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (سەللە) | ١٠٠ |
| هێلکاری ژمارە ١٤ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (میللەت) | ١٠٥ |
| هێلکاری ژمارە ١٥ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (کڕڕە) | ١٠٥ |
| هێلکاری ژمارە ١٦ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (کورتتر) | ١٠٧ |
| هێلکاری ژمارە ١٧ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (چاککردن) | ١٠٨ |
| هێلکاری ژمارە ١٨ | پیشاندانی وشەی (حەڤدە) پێش کارکردنی پرۆسەی توانەوە | ١١٠ |
| هێلکاری ژمارە ١٩ | پیشاندانی وشەی (حەڤڤە) پاش کارکردنی پرۆسەی توانەوە | ١١١ |
| هێلکاری ژمارە ٢٠ | پیشاندانی وشەی (یەکگرتو) پێش کارکردنی پرۆسەی توانەوە | ١١٢ |
| هێلکاری ژمارە ٢١ | پیشاندانی وشەی (یەگگرتو) پاش کارکردنی پرۆسەی توانەوە | ١١٢ |
| هێلکاری ژمارە ٢٢ | پیشاندانی جوت دەنگیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی قوڵدا | ١١٦ |
| هێلکاری ژمارە ٢٣ | پیشاندانی جوت دەنگیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ڕوکەشدا | ١١٦ |
| هێلکاری ژمارە ٢٤ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (ڕەققە) لە پێکهاتەی قوڵ | ١١٧ |
| هێلکاری ژمارە ٢٥ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (ڕەققە) لە پێکهاتەی ڕوکەش | ١١٧ |
| هێلکاری ژمارە ٢٦ | پیشاندانی جوت دەنگیی دروستکراو لە پێکهاتەی قوڵدا | ١١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| هێڵکاری ژمارە ٢٧ | پیشاندانی جوت دەنگیی دروستکراو لە پێکهاتەی ڕوکەشدا | ١١٨ |
| هێڵکاری ژمارە ٢٨ | پیشاندانی پێکهاتەی قوڵی وشەی (ڕێککردن) | ١١٩ |
| هێڵکاری ژمارە ٢٩ | پیشاندانی پێکهاتەی ڕوکەشی جوت دەنگیی وشەی (ڕێککردن) | ١١٩ |
| هێڵکاری ژمارە ٣٠ | پیشاندانی پێکهاتەی قوڵی وشەی (توندتر) | ١٢٠ |
| هێڵکاری ژمارە ٣١ | پیشاندانی پێکهاتەی ڕوکەشی وشەی (تونتتر) دوای کارکردنی پرۆسەی لێکچویی | ١٢٠ |
| هێڵکاری ژمارە ٣٢ | پیشاندانی جوت دەنگیی وشەی (کەللە) | ١٣٢ |


## پێڕستی چارتەکان


| ژمارەی چارتەکان | ناوی چارتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| چارتی ژمارە ١ | پیشاندانی ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەشدارن لە پرۆسەی جوت دەنگیی | ١٣٧ |
| چارتی ژمارە ٢ | پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی جۆرەکانیان | ١٣٨ |
| چارتی ژمارە ٣ | پیشاندانی ڕێژەی جۆرەکانی جوت دەنگیی ڕۆنانی | ١٣٨ |
| چارتی ژمارە ٤ | پیشاندانی ڕێژەی بەشداریکردنی پێشگر و پاشگرەکان لە جوت دەنگیی داڕشتندا | ١٣٩ |
| چارتی ژمارە ٥ | پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان | ١٤٠ |
| چارتی ژمارە ٦ | پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەی وشەدا | ١٤١ |
| چارتی ژمارە ٧ | پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی ڕیشەی وشەکان | ١٤٢ |
| چارتی ژمارە ٨ | پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی دەرکەوتنیان لە قاڵبی بڕگە | ١٤٣ |

## پێڕستی وێنەکان


| لاپەڕە | ناوی وێنەکان | ژمارەی وێنەکان |
|---|---|---|
| ١٤ | کردە و پرۆسەکانی هەناسەدان | وێنەی ژمارە ١ |
| ١٥ | قۆناغی داخستنی تاڵەژێیەکان | وێنەی ژمارە ٢ |
| ١٦ | قۆناغی کۆبونەوەی تاڵەژێیەکان و هەوڵدان بۆ داخستن | وێنەی ژمارە ٣ |
| ١٦ | قۆناغی کرانەوەی تاڵەژێیەکان | وێنەی ژمارە ٤ |
| ١٨ | ئەندامە بەشدارەکان لە بەرهەمهێنانی دەنگەکان | وێنەی ژمارە ٥ |


## پێڕستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناوی خشتەکان | ژمارەی خشتەکان |
|---|---|---|
| ١٣٥ | سیمای فۆنیمە بەشدارەکان لە جوت دەنگیی | خشتەی ژمارە ١ |


## لیستی کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| C | Coda |
| MIT | Massachusetts Institute of Technology |
| O | Onset |
| PR | Phonetic representation |
| R1 | Rule1 |
| R2 | Rule2 |
| Rn | Rnumber |
| R | Rhyme |

| | |
|---|---|
| SPE | The sound Patern of English |
| UG | Universal Grammar |
| UR | Underline representation |
| U | Nucleus |

## لیستی هێماکان:

| | |
|---|---|
| / / | نواندنی بنچینەیی |
| [ ] | نواندنی فۆنەتیکی |
| + | نیشانەی ئەرێ بۆ سیماجیاکەرەوەکانی دەنگەکان |
| – | نیشانەی نەرێ بۆ سیماجیاکەرەوەکانی دەنگەکان |
| [:] | درێژکردنەوە |
| Σ | برگە |
| = | یەکسان |
| ≠ | جیاواز و نەبونی هیچ پەیوەندییەک |
| ≈ | جیاواز بەڵام هەبونی پەیوەندی لەنێوان دو بابەت |
| " " | دەقی وەرگیراو بێ دەستکاری |
| < | دەبێت بە |
| # | گۆڕانکاری جۆراوجۆر |

## لیستی زاراوەکان:

| | |
|---|---|
| Auditory Phonetics | فۆنەتیکی بیستن |
| Acoustic Phonetics | فۆنەتیکی دەنگیی |
| Articulatory Phonetics | فۆنەتیکی ئۆرگانیی |
| Articulation | دەربڕینی دەنگ |
| Apex | سەری زمان |

| | |
|---|---|
| Alvolae | پوک |
| Assimilation | توانەوە |
| Aphaeresis | لابردنی دەنگێک لە سەرەتای وشە |
| Apocopate | لابردنی دەنگێک لە کۆتایی وشە |
| Closed glottis | داخستنی گەرو |
| Coronal | تۆپی زمان |
| Coda | پاش |
| Compound Geminates | جوت دەنگیی لێکدان |
| Dorsurn | پشتە زمان |
| Dentes | ددانەکان |
| Dental-alveolar | ددانی-پوکی |
| Dissimilation | لەیەکجیابونەوە |
| Derived Geminates | جوت دەنگیی دارِشتن |
| Egressive plumonic air | هەوای دەرهاتو لە سییەکان |
| Fortition Process | پرۆسەی بەهێزکردن |
| Free stress | هێزی ئازاد |
| Fricative | دەنگە خشۆکەکان |
| Glottal stop | گەرویی گیراو |
| Glottal | گەرویی |
| Generative Phonology | فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان |
| Gemination | جوت دەنگیی |
| Intonation | ئاواز |
| Initiation | هەناسەدان |
| Insertion | هەڵتۆقین |
| Lenition Process | پرۆسەی بێهێزکردن |
| Lateral | دەنگە لاییەکان |
| Labial | لچولێوی |

| | |
|---|---|
| Labiodental | لچوددانی |
| Levels of Stress | پلەکانی هێز |
| Metathesis | جێگۆڕکێی دەنگ |
| Mandibulum | چەناگەی خوارەوە |
| Nucleus | لوتکە |
| Nasal | دەنگە لوتییەکان |
| Norrow glottis | تەنگبونەوەی گەرو |
| Open glottis | کرانەوەی گەرو |
| Onset | پێش |
| Phonetic representation | نواندنی فۆنەتیکی |
| Phonological process | پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان |
| Progressive | گۆڕانی بەرەو پێشەوە |
| Phonation | دەنگدروستکردن/ دەنگکردن |
| Plosive | دەنگە تەقیوەکان |
| Pharynx | قورگ |
| palatal | ڕەقەمەلاشو |
| Palate-alveolar | ڕەقەمەلاشو-پوکی |
| Primary stress | هێزی سەرەکی |
| Pause | وەستان |
| Quaternary | هێزی چوارەم |
| Radix | ڕەگی زمان |
| Regressive | گۆڕانی بەرەو دواوە |
| Reduction | کەمکردنەوە/ کرتاندن |
| Rhyme | کێش |
| Representation of Gemination | نواندنی جوت دەنگییەکان |
| Sound | دەنگ |

| | |
|---|---|
| Segmental Phoneme | فۆنیمە کەرتییەکان |
| Suprasegmental Phoneme | فۆنیمە ناکەرتییەکان |
| Stress | هێز |
| Secondary stress | هێزی دوەم |
| Sentence stress | هێزی ڕستە |
| Sellable structure | دروستەی بڕگە |
| Syllable | بڕگە |
| Syncope | لابردنی دەنگێک لە ناوەڕاستی وشە |
| Syllable Reduction | بڕگە کەمکردنەوە |
| Trill | دەنگە لەرزۆکەکان |
| Tertiary stress | هێزی سێیەم |
| Universal Grammar | ڕێزمانی جیهانی |
| Underline representation | نواندنی بنچینەیی |
| Underling Geminates | جوت دەنگیی بنەڕەتی |
| Uvular | زمانۆچکە |
| Upper lip | لێوی سەرەوە |
| Vocal folds | تاڵەژێیەکان |
| Voiced sounds | دەنگە گڕەکان |
| Voiceless sounds | دەنگە کپەکان |
| Velum _ velar | نەرمەمەڵاشو |
| Word stress | هێزی وشە |

# بەشی یەکەم: پێشەکی

# بەشی یەکەم

# پێشەکی

### ١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــــانی (جوت دەنگیی لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا)یە، کە دەچێتە بواری فۆنۆلۆژییەوە.

### ١-٢: سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاســتی زمانی کوردی کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە، هەروەها کەرەستە و نموونەکانیش لە زمانی قسەکردن و نوســـینەکانی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاســـت و هەندێک لە زارەکانی تری زمانی کوردی، وەرگیراون.

### ١-٣: ڕێباز و تیۆری کارپێکراو لە توێژینەوەکەدا:

توێژینەوەکە، بەپێی ڕێبازی وەســفی شــیکاریی-ئاماریی، ئەنجام دراوە. تیۆری ســـود لێوەرگیراویش لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە (فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان)، دەمانەوێت بە سود وەرگرتن لەم تیۆرە بەبەرهەمی زمانی کوردی پیشان بدەین، لە دروستکردنی پرۆسەی فۆنۆلۆژیی (جوت دەنگیی).

### ١-٤: ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ناساندن و شیکردنەوەی ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییە و پیشـــاندانی جۆرەکانی بەگشـــتی و لە زمانی کوردیدا

بەتایبەتی، پاشـان خسـتنەڕوی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی بەشـێوەی ئامار و ڕێژە، بە جۆرێک کە هەریەک لە جوت دەنگییەکانی لەڕوی بەرهەم و تواناوە خراونەتەڕو.

## ١-٥: گرفتی توێژینەوەکە:

جوت دەنگیی بەهۆی ئەوەی کە زۆرجـار دەنگەکـان تێکەڵ دەبن و سـنوریان بە ئاسـانی جیاناکرێنەوە و لە نوسـیندا بە یەک دەنگ دەنوسـرێت، نەکراوەتە مژاری لێکۆڵینەوە. بۆیە ئێمە بەدوای ئەم گرفتەدا دەچین و دەمانەوێت لە ڕوانگەی تیۆرێکی فۆنۆلۆژیی و بە ئـامـار و داتـا جوت دەنگییەکـانی زمـانی کوردی بخەینەڕو.

## ١-٦: پرسیاری توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە:

_ ئایا ئەم دیاردەیە تەنها دەنگە کۆنسـۆنانتەکان دەگرێتەوە و سـنوردارە یاخود ڤاوڵەکانیش دەگرێتەوە؟ واتە ئایا تەنها لە چوارچێوەی کۆنسـۆنانتەکان ڕودەدات یان لە ڤاوڵەکانیش ڕودەدات؟

_ ئـایـا ئەم دیـاردەیە دەچێتە چوارچێوەی پرۆسـەی بەهێزکردن یـان پرۆسەی لاوازکردن؟

_ ئایا ئەم دیاردەیە لەناو زمانی کوردیدا جیاوازە لە زمانانی تر لەڕوی جۆر و جێکەوتەی شوێن، یاخود نا؟

**١-٧: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشـــەکی و ئەنجام و پوختەی کارەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە سێ بەش پێکدێت، بەم شێوەیە:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، لەژێر ناوی (دەنگسازی و یەکە دەنگییەکان)ە، کە تیایدا سـەرەتا باسـی دەنگسـازی و بەشـەکانی، لەناویشـیدا فۆنەتیک و بوار و بەشـە جۆراوجۆرەکانی، هەروەها فۆنۆلۆژیی و ئامانج و مەبەسـتەکانی، دەکرێت، دواتر باســـی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی دەنگ(هەناســـەدان، دەنگدروســـتکردن، دەربڕین) کراوە، پاشـــانیش یەکە دەنگییەکانی(دەنگ، فۆن، فۆنێم (فۆنێمە کەرتیی و ناکەرتییەکان)، بڕگە) خراونەتەڕو، لەکۆتایشـــدا دیاردەی فۆنۆتاکتیک بەگشـــتی پاشان فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی خراوەتە بەر باس.

بەشی دوەمی توێژینەوەکە، تایبەتە بە (فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکـان)، کە تیـایـدا بـاســـی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنـان و ئـامـانج و مەبەســتەکانی کراوە، پاشــان چەمکی فۆنێم لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان خراوەتەڕو، کە ئایا لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا چۆن ڕوانیویانەتە فۆنێم و چۆن لێیـان کۆڵیوەتەوە؟ دواتر ئـاســـتەکـانی نوانـدن لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنـان و پەیوەندی و پێوانە جیاکەرەوەکانی نێوانیان خراوەتەڕو، کە دو ئاســـتی نواندنی بنچینەیی و نواندنی فۆنەتیکی دەگرێتەخۆ، لە کۆتاییدا پرۆســـە فۆنۆلۆژییەکان لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان خراونەتەڕو، کە هەردو جۆری پرۆســـەکان (پرۆســـەی بەهێزکردن و لاوازکردن) دەگرێتەوە، لە پرۆســـەی بەهێزکردنـدا هەریەک لە پرۆســـەکانی (لەیەکجیابونەوە، هەڵتۆقین، بەیەکدەنگی بون) خراونەتە بەرباس، لە پرۆسـەی لاوازکردندا هەریەک لە پرۆسـەکانی (توانەوە، کەمکردنەوە، بڕگە کەمکردنەوە، جێگۆڕکێی دەنگ) خراونەتەڕو.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، تایبەتە بە (جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا)، کە تیایدا زاراوە و چەمکی جوت دەنگیی، هەروەها پێداچونەوە بە کارەکانی پێشو لەبارەی چەمکی جوت دەنگیی لە زمانەکانی (کوردی، فارسی، ئینگلیزی، عەرەبی) خراوەتەڕو، پاشـان پەیوەندی جوت دەنگیی و درێژکردنەوە باسـکراوە، دواتریش پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بەگشتی ڕونکراوەتەوە، پاشان جۆرەکانی جوت دەنگیی لە زمـانی کوردیـدا، کە تیـایدا جۆرەکـانی (جوت دەنگیی بنەڕەتی، جوت دەنگیی ڕۆنانی) خراونەتە بەرباس، دواتر باس لە جوت دەنگیی و پرۆسـە فۆنۆلۆژییەکان کراوە و ڕۆڵی هەریەک لە پرۆســـەی توانەوە و گۆڕینی دەنگ لە دروســـتکردنی جوت دەنگیی پیشـان دراوە، دوای ئەوەش نواندنی جوت دەنگییەکان خراوەتەڕو، پاشـــان پەیوەندی جوت دەنگیی و هێماکانی لە نوســـیندا، دواتر جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەکانی وشـەدا (جێکەوتەی سـەرەتای وشـە، جێکەوتەی ناوەڕاستی وشـە، جێکەوتەی کۆتایی وشـە) باسکراون، دواتر جوت دەنگیی بەپێی ڕیشـەی وشـەکان خراوەتەبەربـاس، دوابەدوای ئەوەش جوت دەنگیی و دەرکەوتنی بەپێی قـاڵبی بڕگە، لە کۆتایشـــدا جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی و ســـیماکانیان، هەروەها خســـتنەڕوی ئـامـار و ڕێژەی جوت دەنگییەکـانی زمـانی کوردی لەڕوی (دەنگە بەشـدارەکان لە جوت دەنگیی، جۆرەکانی جوت دەنگیی، جوت دەنگیی و پرۆسـە فۆنۆلۆژییەکان، جوت دەنگیی بەپێی جێکەوتەیان لە وشـەدا) خراونەتەڕو.

# بەشی دووەم: دەنگسازی و یەکە دەنگییەکان

## بەشی دووەم

## دەنگسازی و یەکە دەنگییەکان

### ٢-١: دەنگسازی و بەشەکانی

دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە لەم ئاستەی زمان گرنگی زۆری هەیە و هەر لە کۆنەوە دەنگەکانی زمان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە، "یەکەم لێکۆڵینەوەی دەنگسازی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی چوار هەزار و پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا کاتێک پانینی Panini یاساکانی زمانی سانسکریتی Sanskrit بە درێژی دارِشت."(فەرهادی: ٢٠١٣: ١١).

دەنگسازی، ئاستێکی گرنگە لە ئاستەکانی زمان، کە گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن لێکۆڵەرانی بواری دەنگ بەتایبەتی و زمانەوانی بەگشتی. زمانەوانەکان دو بۆچونی جیاوازیان هەیە لەبارەی لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی زمانەوە، یەکێک لەو بۆچونانە ئەوەیە لە ئاستی دەنگسازییەوە لە زمان دەکۆڵنەوە و پاشان بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن بۆ مۆرفۆلۆژیی و دواتر بۆ سینتاکس، بەڵام هەندێ زمانەوانی تر بە پێچەوانەوە سەرەتا لە ئاستی سینتاکسەوە دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن پاشان بەرەو خوار دێن بۆ مۆرفۆلۆژیی دواجاریش بەرەو دەنگسازی. کەواتە ئەگەر بە هەریەکە لەو دو بۆچونە کاربکەین نرخ و بایەخی ئاستی دەنگسازیمان بۆ دەردەکەوێت، کە ناتوانین دەستبەرداری بین، چونکە ئاستێکی سەرەکی زمانە، هەر بۆیە پێویستە ئاشنای دەنگسازی و تایبەتمەندییەکانی و یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی بین(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ١١).

بەم شێوەیە لایەنی دەنگی زمان، یەکێکە لە لایەنە گرنگ و بنچینەییەکانی لێکۆڵینەوەی زمانی، چەمکی ڕاستەقینەی بەرجەستەبون بەگوێرەی ڕەچاوکردنی

ئەوەی دەنگن، هەروەکو (ئیبن جنی) دەڵێ: هەریەک لە نەتەوەکان نیازەکانیان لەڕێی دەنگەوە دەردەبڕن. ئەمە لەگەڵ بیروبۆچونی (دی سۆسێر) یەکدەگرێتەوە، کە بانگەشـــەی بۆ لێکۆڵینەوەی هەنوکەیی زمان دەکرد لەشـــێوەی دەربڕاو، واتە گرنگی بە لایەنی دەربڕاو دەدا لە لێکۆڵینەوەی زمانیی نەوەک شتی نوسراو. بۆیە دەبینین لایەنی دەنگی زمـــان ژمـــارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە و شـــیکردنەوە و تاقیکردنەوەی لەخۆگرت، بوە هۆی ئەوەی دەنگســـازی دابەش بێتە ســـەر چەند لقێک هەر بەشـــێکیان لایەنێکی دیاریکراویان لە لێکۆڵینەوەکان گرتەوە(فەرهادی: ٢٠١٣: ١١). مەبەست لە دابەشبونی دەنگسـازیش بەسـەر چەند بەشێک، هەردو بەشـــی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی دەگرێتەوە. "دەنگســـازی بە هەردو بەشـــەکەیەوە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی و پتەویان بە زمانەوانییەوە هەیە. ئەگەرچی هەندێک لە زمانەوانان تەنیا گرنگی بە فۆنۆلۆژیی دەدەدەن و فۆنەتیک پشـــتگوێ دەخەن و بە زانســـتێکی ســـەربەخۆ لەقەڵەمی دەدەن، یان دەیبەستنەوە بە زانستەکانی تری وەک فیزیا و فسیۆلۆژی ...تاد. کەچی زۆر لە زمانەوانانی تر لەگەڵ ئەوەن، کە ناکرێ دەســـتبەرداری فۆنەتیک ببین و لە زمانەوانی جیای بکەینەوە."(هەمان ســـەرچاوەی پێشـــو: ١٢). لەلایەکی ترەوە، بە درێژایی مێژوی زمانەوانی یەکێک لە کێشە قورسەکان بریتیی بوە لە دیاریکردنی پەیوەندی گونجاو و دروســـت لەنێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، ســـەبارەت بەم پرسە سێ ڕوانگەی گونجاوی ڕون هەن:

**یەکەم:** هیچ پەیوەندییەک لەنێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی نییە، هەریەکێکیان ســـروشـــتێکی ســـەربەخۆیان هەیە(Fudge: 1967: 1-2). دەتوانین ئەوە ڕونبکەینەوە بەوەی کە لە شـــێوەی ئەبســـتراکتی فۆنۆلۆژیی وەرگیراوە، لەبەرئەوەی تایبەتمەندییە هەســـتپێکراوەکانی یان بەرجەســـتەکانی فۆنەتیک

بەکارنـایەت بۆ گوزارشـــتکردن لە تـایبەتمەندییە ئەبســـتراکتەکانی پێکهـاتەی فۆنۆلۆژیی.

**دوەم:** فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی یەکگرتو و یەکســانن، بەم جۆرە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی هاوڕێکن لەگەڵ پەیوەندییە ڕاســـتەوخۆکانی نێوانیان( Flemming: 2001: 7-44). بیرۆکەی ســـەرەکی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی پێویســتە بە یەکســانی یان یەکگرتو لێکبدرێتەوە، لەجیاتی ئەوەی وەک دو بابەتی جیا شیبکرێنەوە.

**سـێیەم:** دوا ڕوانگە تاڕادەیەک دەکەوێتە ناوەڕاسـتی دو ڕوانگەی پێشـو، واتە جیاوازی هەیە لەنێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا بە بەهێزی پێکەوەبەندن. لەڕاســـتیدا ئەم ڕوانگەیە بە شـــێوەیەکی باش لەلایەن لێکۆڵەری فۆنۆلۆژیی(Anderson) خرایەڕو، کە جەخت لەســـەر کارلێک یان پەیوەندی نێوان فۆنەتیـک و فۆنۆلۆژیی دەکـاتەوە(Anderson: 1981: 493-539).

بەپێی ڕوانگەی یەکەم جیـاکـارییەکی تەواو هەیە لە بونی پەیوەنـدی نێوانیـان (فۆنەتیـک ≠ فۆنۆلۆژیی)، بەڵام بەپێی ڕوانگەی دوەم یەکســـــانن و پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ لەنێوانیـاندایە (فۆنەتیک = فۆنۆلۆژیی)، بەپێی ڕوانگەی ســـێیەمیش فۆنەتیـک و فۆنۆلۆژیی جیـاوازن، بەڵام پەیوەنـدییەکی بنەڕەتی لەنێوانیاندایە (فۆنەتیک≈فۆنۆلۆژیی).

بە بۆچونی ئێمە فۆنەتیـک و فۆنۆلۆژیی دو بواری جیـاوازن، بەڵام پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و هەر یەکێکیان بەشـــدارییەکی هاوبەشـــیان هەیە لە دەنگەکانی هەمو زمـانەکانی مرۆڤدا، هەروەهـا هەر یەکێکیـان ئـامـانج و پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە و هەریەکەشـــیان باســـی لایەنێکی دیاریکراوی زمان دەکەن.

لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەم دو لقە (مەحویی) دەڵێت: "هێڵی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی هێندە دیار و ئاشـــکرا نییە، بەڵام جیاکردنەوە و بەشـــبەشـــکردنی بابەتەکە بۆ بەشـــە پێڕەوبەند و ڕێکوپێک_ڕێکخراوەکانی systematic parts پێویســـتە. پێویســـتە زمانەوان لە خاڵەکانی بەیەکگەیشـــتن و پێکەوەبەندییان بەئاگابێت. دەبێت ئاگاشـــی لەوەبێت، وەچەبوارێکی کامانە و چی دیکە دەگرێتەوە و لەکوێدا یەکتری دەبڕن و دەکەونە سەریەک. دیارە کە ناتوانریت لە بەجێهێنانی ئەرکی واتاگۆڕینی دەنگ ("گۆکردنی دەنگ") بکۆڵرێتەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە نیشـــانەی ئۆرگانی articulatory features دەنگەکانیان ("گیراوی پوکیی") و ئەدگار و نیشـــانەی دەنگییان auditory features ("[ɫ]ی قەڵەو/تۆخ/تاریک و [l]ی لاواز/کـاڵ/ڕون")نەدرێـت، چونکە بەبێ ئەو ئـامـاژەدان و نـاوهێنـانەی نیشـانەکانیان، لێکۆڵەر و توێژەر نازانن لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکەیان لەسـەرچی دەکەن و لەچی دەدوێن. بەهەمان شـــێوەش ناتوانرێت لە بۆشـــاییدا لە "دەنگ" بکۆڵرێتەوە و ئاماژە بە بەجێهێنانی ئەرکی واتاگۆڕینی دەنگ لە زماندا("گۆکردنی زمانیی دەنگ") نەدرێت(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٦٣-٦٤).

کەواتە هەریەک لەم دو لقە لە پەیوەنـدیـدان لەگەڵ یەکتر، نـاتوانرێـت لێکۆڵینەوە لە یەکێکیـان بکرێـت بێ گوێـدانە ئەویتر، لەلایەکی ترەوە هەر لێکۆڵینەوەیەک لەســـەر دەنگەکانی زمان بکرێت بێ جیاکردنەوەی ئەم دو بوارە، ئەوا تێکەڵییەک دروستدەبێت و باسەکە زانستی نابێت لێرەدا هەریەک لەم دو لقە ڕوندەکەینەوە لەگەڵ ئەرک و تایبەتمەندییەکانیان.

## ٢-١-١: فۆنەتیک Phonetic

فۆنەتیـک لە وشـــەی (Phonetikos)ی یۆنـانیەوە وەرگیراوە، کە ئەم وشەیەش لە (Phone)ەوە هاتوە، کە واتای (دەنگ) دەگەیەنێت، کەواتە (فۆنەتیک) واتای زانستی دەنگ دەگەیەنێت(خۆشناو: ٢٠١٤: ٩). دەتوانین بڵێین "فۆنەتیک ئەو زانســـتەیە کە لە تایبەتمەندییەکانی دروســـتکردنی دەنگی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن و ڕێگە بۆ وەســـفکردن و پۆلێنکردن و نوســـینەوەیان دادەنێت"(Crystal: 2008: 363). بە واتایەکی تر، "ئەو لقە زانســـتیەی زمانە، کە لە دروســـتکردن و گواســـتنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، وەک دیاردەیەکی گشـــتی."(ئەمین: ٢٠٠٩: ٤٦). بەم شـێوەیە، فۆنەتیک لە چۆنیەتی دروسـتبونی دەنگەکانی زمان لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتن پاشـــان گواســـتنەوەیان بە شـــەپۆلی هەواو و وەرگرتنیان لەلایەن گوێگرەوە دەکۆڵێتەوە. بەو واتـایەی، فۆنەتیـک لێکۆڵینەوەیەکی زانســـتیـانەی دەنگەکانی زمانی مرۆڤە بەگشتی و لەو دەنگانە دەکۆڵێتەوە، کە قسەکەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان لە گوتندا بەکاریان دەهێنن.

کـارە ســـەرەکییەکـان لە فۆنەتیکـدا بریتین لە: دۆزینەوەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتن، چۆن لە زمانی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن، چۆن گوێمان لێدەبن و دەنگە جیاوازەکان دەناســـینەوە. لە یەکەم بابەتی ئەم کارانەی ســـەرەوەدا، کاتێک ئێمە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتن دەکەین، دەتوانین هەوڵبدەین و تێبگەین کە لەنـاو ئەنـدامـانی ئـاخـاوتنمـانـدا چی ڕودەدات. دوەم بابەتی ئەم کارانەی ســەرەوە ئەوەیە، کە چۆن فۆنەتیک لەگەڵ فۆنۆلۆژییدا بەیەکـدا دەچێـت: لە فۆنەتیکـدا بەتـایبەتی گرنگی بەو دەنگـانە دەدەین، کە لە ئـاخـاوتنـدا بەکـاردەهێنرێن و زانـایـانی فۆنەتیکی گرنگی بە دۆزینەوەی تێکڕای

دەنگە جۆراوجۆرەکان، کە لە هەمو زمانە ئاشـــناکانی دنیادا بەکاردێن، دەدەن. هەروەها سێیەم بابەتیش ئەوەیە، لێرەدا پێویستییەکی زۆر گرنگ هەیە، کە دەبێت لەسـەر کۆدەنگی کۆنگرە و ڕاسـپاردەکان لە بەکارهێنانی هێما فۆنەتیکییەکان، کە دەنگەکـانی ئـاخـاوتن دەنوێنن، ڕازی ببین؛ ئەلفوبێی فۆنەتیکی نێودەوڵەتی لەم بوارەدا دەورێکی زۆر گرنگی گێڕاوە. کۆتا بابەتی ئەم کارانەی سـەرەوە ڕوکاری بیســـتنەکی ئـاخـاوتنە، کە زۆر گرنگە، چونکە: گوێ توانـای لە نـاســـینەوە و دروســـتکردنی جیاکاریکردنێکی باش و ورد لەنێوان دەنگە جیاوازەکاندا هەیە، بۆیە هەنـدێکجـار ئـاســـــان نییە کە ئەم وردەکـارییـانە لەژێر زاراوەی دەنگدروستکردنەکاندا پێناسە بکەین و ڕون بکەینەوە (Roach: 2002: 58).

### ٢-١-١-١: فۆنەتیک و بوار و بەشە جۆراوجۆرەکانی


فۆنەتیک زانســـتێکی زۆر پێشـــکەوتوە، بەشـــێوەیەک هەندێک بەشـــی مەوداکانی فسـیۆلۆژیی و فیزیکیش دەگرێتەخۆ، بەڵام قورســایی خۆی لەســەر ڕێبازەکانی پشکنین و وشەکانی تایبەت بە پسپۆڕییەکەی خۆی داناوە. دەنگەکانی زمان بەزۆری لە دەرەوەی زمانی پســـپۆڕییەکەی خۆی بە دەربڕاوی کەســـیی ("زمانی_خود_ زمانیی metalanguage _مێتا دەربڕاو meta-utterance") و بەگشـــــتـی بە دەربــڕیــنــی وەک <ڕەق>، <نەرم>، <تەخـت> ... پەسندکراون(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٧٢). فۆنەتیک دەکرێت بە سێ لقەوە، کە ئەمانەن:

١_ فۆنەتیکی بیستن auditory phonetics

٢_ فۆنەتیکی فیزیکی/ ئەکوستیکی acoustic phonetics

٣_ فۆنەتیکی ئۆرگانیی articulatory phonetics (قوامی: ١٣٩٣: ٢-٣)

وەک بینرا فۆنەتیک دەکرێت بە سـێ بەشـەمەوداوە، ئەم دابەشـکردنە لەسـەر بناغەی دەنگەکانی زمانی ئاخاوتن- زنجیرەی کردەی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن- کراوە و ساکارانە خراوەتەڕو، وەک هێڵکاری ژمارە (١)( مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٧٣):




**هێڵکاری ژمارە ١ بەشەمەوداکانی فۆنەتیک**

کەواتە دەتوانرێت لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنان، فیزیکیی و بیستن لێکۆڵینەوە لەسەر دەنگەکانی زمان بکرێت. ئەم شێوازە دابەشکارییەی ژمارە (١) بۆ هەمو دەنگەکانی ئاخاوتنی زمانی مرۆڤ بە یەکسانی دروستە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمان یان قسـەکەر، بۆیە زۆرجار پێیدەوترێت فۆنەتیکی گشـتی. لێرەدا هەریەک لەم بەشەمەودایانەی فۆنەتیک دەخەینەڕو:

## ٢-١-١-١-١: فۆنەتیکی بیستن auditory phonetics:

ئەو لقەیە، کە لێکۆڵینەوە لە ئەندامانی بیسـتن دەکات، واتە لە چۆنیەتی وەرگرتنی دەنگەکانی زمان و هەسـتکردن بەو دەنگانە دەکۆڵێتەوە(عەلی: ٢٠١٥: ١٢). بە واتـایەکی تر، فۆنەتیکی بیسـتن لێکۆڵینەوەیە لە وەڵامی مێشـک بۆ دەنگەکانی ئاخاوتن، وەک کارکردنی گوێ و ئەندامانی گوێ و مێشک( Crystal: 2008: 363).

### ٢-١-١-١-٢: فۆنەتیکی فیزیکی(ئەکوستیکی) acoustic phonetics

ئەم جۆرە باس لە دەنگەکانی زمان دەکات لەڕوی تایبەتمەندیی فیزیایی و مادییەکانی لەکاتی گواستنەوەی لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، کە باس لە لەرەلەری دەنگ و سروشتی شەپۆل و بەرزونزمی ئاوازەی دەکات(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ١٥). بە واتایەکی تر، "فۆنەتیکی ئەکوستیکی لێکۆڵینەوەیە لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی دەنگەکانی زمان"(قوامی: ١٣٩٣: ٣).

### ٢-١-١-١-٣: فۆنەتیکی ئۆرگانیی articulatory phonetics

لێکۆڵینەوەیە لە شێوازی دەربڕینی دەنگەکانی ئاخاوتن، کە لەلایەن ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دروستدەکرێت(Crystal: 2008: 363). بە واتایەکی تر، ئەو لقەی فۆنەتیکە، کە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمان دەکات(قوامی: ١٣٩٣: ٢-٣). کەواتە ئەم لقەی فۆنەتیک لە ڕۆڵی ئەندامەکانی ئاخاوتن لە دروستکردن و دەربڕینی دەنگدا دەکۆڵێتەوە.

### ٢-١-٢: فۆنۆلۆژیی Phonology

زاراوەی "فۆنۆلۆژیی" لە وشە یۆنانییەکەی "Phone"ەوە هاتوە، کە واتای "دەنگ/دەنگێکی بچوک(دەنگیلە)" و "زرنگدانەوە" دەبەخشێت. ناوەڕۆکە ئیتمۆلۆژییەکەی زاراوەکە تیۆریی و زانستی شێوە و بیچمی دەنگەکانی زمانی ئاخاوتن و قسەکردن دەگرێتەوە(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٦١). فۆنۆلۆژیی بەو بەشەی زانستی زمان دەگوترێت، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، بە مەبەستی خستنەڕوی ئەرکی ئەو دەنگانە لەناو سیستەمی

پەیوەندیکردندا. واتە فۆنۆلۆژیی ئەرکی ئەو دەنگە زمانیانە دەخاتەڕو، کە ڕۆڵیان هەیە لە جیاکردنەوەی وشـــەیەک لە وشـــەکانی تری زمانێک(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ١١٣). بە واتـایەکی تر، "ســـەرەکیترین کـار لە زانســـتی فۆنۆلۆژییـدا شـیکردنەوەی فۆنێمیکە، ئامانج لێی ڕێکخسـتنی فۆنیمەکان و گەیشـتن بە لیسـتی فۆنێمیکی زمانەکەیە"(Roach: 2002: 58). بە شـــێوەیەکی تر، "فۆنۆلۆژیی ئەو لقەی زانســـتی زمـانە، کە لە دەنگەکـانی زمـانێکی دیـاریکراو(تـایبەت) لەڕوی دەسـتنیشـانکردنی فۆنیمەکانی ئەو زمانە و چۆنیەتی ڕیزبون و لێکدانیان لە قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژییدا دەکۆڵێتەوە، واتە لە ســـیســـتەمی دەنگیی زمانێکی تایبەت دەکۆڵێتەوە."(فەرهـادی: ٢٠١٣: ٥١). کەواتە لەم ڕوانگەیەوە فۆنۆلۆژیی گرنگی بە دەستنیشانکردنی فۆنێمەکان و ڕێکخستنیان دەدات لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆژیی، بەم شێوەیە فۆنۆلۆژیی لە سیستەمی دەنگیی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە.

**گرنگترین ئامانج و پەیڕەو و مەبەستەکانی فۆنۆلۆژیی بریتیین لەمانە:**

١_ ئەو یاســـا و دەســـتورانەی کە بەهۆیانەوە فۆنێمەکانی زمـانێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێن.

٢_ دیاریکردنی یاسای لێکدانی فۆنێمەکان لە سنوری بڕگەدا بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر لە چوارچێوەی مۆرفیم و وشەدا.

٣_ دیـاریکردنی ئەو گۆڕانکـارییـانەی کە بەســـەر فۆنێمەکـاندا دێت لە ئەنجامی هاتنیان بەیەکەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری(حەمەد: ٢٠١٦: ٦).

کەواتە ئامانج و مەبەســـتی فۆنۆلۆژیی دیاریکردنی فۆنێمەکانی زمانێکی دیاریکراوە، پاشـــان لێکدانی ئەو فۆنێمانە لەناو قاڵبەکانی بڕگە و دیاریکردنی یاساکان.

## ٢-٢: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی دەنگ

بەرهەمهێنانی دەنگ دەستەواژەیەکە لە فۆنەتیک بۆ گوزارشتکردن بە چالاکی کۆئەندامی هەناسەدان، قورگ و ئەندامانی بەرهەمهێنان لەکاتی قسەکردندا و ئەندامانی تری پەیوەست بە ئەوان(قوامی: ١٣٩٤: ٨٤). بەگشتی بەرهەمهێنانی دەنگی ئاخاوتن دابەشدەکرێت بۆ سێ قۆناغی جیاواز، بەڵام لە پەیوەندیدان بەیەکەوە، ئەوانیش: (١) هەناسەدان (هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە) Initiation دەستپێکردنی تەوژمی هەوا، بە شێوەیەکی ئاسایی لە سییەکاندا، (٢) دەنگدروستکردن phonation، کە لەناو گەرو بەهۆی کرداری تاڵەژێیەکانەوە، ئاراستەدەکرێت بۆ ناو بۆشایی دەم و لوت. کۆتا قۆناغ دەربڕینە articulation، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی دەمەوە، لەناو بۆشایی دەم دێتەدەرەوە(Giegerich: 1992: 1). لێرەدا باسی هەرسێ قۆناغ دەکەین بەشێوەی سەربەخۆ، چونکە هەر دەنگێک بەرهەم دەهێنرێت بەم سێ قۆناغەدا تێدەپەڕێت.

### ٢-٢-١: هەناسەدان Initiation


کۆئەندامی هەناسە بەو کۆئەندامە تایبەتییە دادەنرێت، کە هەوای پێویست(کەرستەی سەرەکی دەنگ) دەردەخات بۆ دروستکردنی دەنگ(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ١٨). بەرهەمهێنانی دەنگ یاسائاسا لە هەناسەدانەوەدا تەواو دەبێت(وروژمی با بەرەو دەرەوە، بە پێچەوانەی وروژمی با بەرەو ناوەوە)(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٨٧). دەنگ لە ئەنجامی جوڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن لە ڕێڕەوی هاتوچۆی هەوا بەرهەم دەهێنرێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم هەوایە لە ڕێگەی سییەکانەوە دابیندەکرێت. "لە قسەکردندا قەبارەی هەوا لەناو سیەکاندا

دەبێت لە قەبارەی هەوا لە حاڵەتی هەناســـەداندا زیاتربێت. مرۆڤ دەتوانێت قەبارەیەکی زۆر لە هەوا بەشێوەی کۆنترۆڵکراو لە یەک کاتدا بڵاوبکاتەوە"(بحراني: ١٣٩٦: ٥٢). کردە و پرۆســـەکانی هەناســـەدان دەتوانرێت بەم شـــێوەیەی لای خوارەوە دەستنیشان بکرێن:

١_ هەنـاسـەوەرگـرتـن: لەڕێـی نـزمـکـردنەوەی نـاوپەنـچـکەوە و بەرزکردنەوەی/کردنەوەی قەفەزەی ســـنگەوە قەوارەی(چەنـدێتی گرتنی بـا) سییەکان فراوانتر و گەورەتر دەبێت و فشارێکی کەم لە سییەکاندا دروستدەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی با لە لوت یان لە دەمەوە بڕژێتە ناو بۆڕیەکانی باوە.

٢_ هەناسەدانەوە: بەرزکردنەوەی ماسولکەکانی ناوپەنچک و داخستنی قەفەزەی ســـنگ، دەبنە هۆی بچوککردنەوە و تەســـککردنەوەی قەوارەی گرتنی چەندێتی بای ســـییەکان. دەرئەنجامی ئەمەش فشـــارێکی زۆرە لە ســـییەکاندا، ئەمەش میکانیزمی ڕژانی با بەرەو ناوەوەی ســـییەکان بەرپادەکات(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٨٧). هەوای دەرهاتو لە ســـییەکان بۆ مەبەســـتی زمانی پێیدەوترێت (egressive pulmonic air)(Lodge: 2009-A: 14-15).

**هەردو پرۆسەکانی هەناسەدان لە وێنەی ژمارە (١) پیشاندراوە.**





**وێنەی ژمارە ١ کردەی پرۆسەکانی هەناسەدان**

## ٢-٢-٢: دەنگدروستکردن phonation

گەرو بەهۆی ڕۆڵی زمانی بە ئەندامی دەنگکردن ناودەبرێت. گرنگی گەرو لە گوتن بەهۆی تاڵەژێیەکانەوەیە vocal folds. تاڵەژێیەکان ڕۆڵی جۆراوجۆریان هەیە، ڕۆڵی سەرەکییان لە قسەکردندا بەرهەمهێنانی دەنگە، واتە پرۆسەی دەنگدروستکردنە (دەنگکردن)(Crystal: 2008: 513). ئەو دەنگانەی کە لە بەرهەمهێنانیان تاڵەژێیەکان دەلەرنەوە پێیاندەوترێت دەنگە ژێدارەکان، ئەو دەنگانەشی کە لە بەرهەمهێنانیان تاڵەژێیەکان نالەرنەوە پێیاندەوترێت دەنگە بێ ژێیەکان(Ladefoged and Johnson: 2011: 4). قسەکەر دەتوانێت جوڵە بە تاڵەژێیەکان بکات، کە دەبێتە هۆی هەمەچەشنی شوێنی جیاواز، بەم شێوەیە گۆڕانکاری لە شێوەی گەرودا ڕودەدات. بە لایەنی کەمەوە سێ شوێنی لەم جۆرە لەلایەن زمانەوانانەوە گرنگە:


١_ داخستنی گەرو Closed glottis: تاڵەژێیەکان بەیەکەوە نزیک دەکەونەوە، بۆئەوەی هیچ هەوایەک لەنێوانیاندا تێنەپەڕێت. ئەو دەنگانەی زمان، کە لە ئەنجامیاندا گەرو دادەخرێت و دواتر ئازاد دەکرێت، پێیان دەوترێت (گەرویی گیراو)(١) (glottal stop). وەک وێنەی ژمارە (٢):




**وێنەی ژمارە ٢ قۆناغی داخستنی تاڵەژێیەکان**


[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مەحوی: ٢٠٠٨: ٨٢).

٢_ تەنگبونەوەی گەرو Narrow glottis: کاتێک تاڵەژێیەکان کۆدەبنەوە و نزیکدەبنەوە، بەشـــێوەیەک کە تەنیا بۆشـــاییەکی تەســـک بمێنێتەوە بۆئەوەی تەوژمی هەوا پیایدا تێپەڕببێت، ئەمەش وادەکات ڕێڕەوی هەوا بلەرێتەوە. ئەم لەرینەوەی تاڵەژێیەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی جوڵەی هەوا لە بەشـــی ســـتونی سـەرەوەی گەرو، لە ئەنجامی شـەپۆلی دەنگیی تایبەتمەندی دەنگی گڕ ( voiced sounds) لە قسەکردندا دروستدەبێت. وەک وێنەی ژمارە (٣):




**وێنەی ژمارە ٣ قۆناغی کۆبونەوەی تاڵەژێیەکان هەوڵدان بۆ داخستن**

٣_ کرانەوەی گەرو Open glottis: ئەمە ئەو حـــاڵەتەیە کە گەرو لە هەناســـەدانی ئاســـایی، هەروەها لە بەرهەمهێنانی دەنگی کپ ( voiceless sounds) وەریدەگرێت. تاڵەژێیەکان دەکرێنەوە و نالەرنەوە، گەرو بەڕادەیەکی فراوان کراوە دەبێت، بۆئەوەی ڕێگە بە تێپەڕبونی تەوژمی هەوا بـدرێت بەبێ ڕێگری کردن(Giegerich: 1992: 3). وەک وێنەی ژمارە (٤):




**وێنەی ژمارە ٤ قۆناغی کرانەوەی تاڵەژێیەکان**

## ٢-٢-٣: دەربڕینی دەنگ articulation

ئەم قۆناغەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانین دەنگەکانی ئاخاوتن دەربڕین و جیابکەینەوە. شوێن و جوڵاندنی ئۆرگانەکان لەم قۆناغەدا سەرەکین. دروستکردن و دەربڕینی دەنگ پەیوەستە بە شوێن و جوڵاندنی ئۆرگانەکانی دەنگدروستکردن و دەنگ بەرهەمهێنانەوە، لە "بۆشایی سەرو تاڵەژێیەکان"داو لە فۆنەتیکی دەنگییدا auditory phonetic ناوی "سەرەتای قورگ" (گەرو)ی لێنراوە. سێ ناوچەی بۆشایی لەیەکجیادەکرێنەوە: (١) بۆشایی قورگ، کە دەکەوێتە پشت بۆشایی ناو دەمەوە و (٢) بۆشایی لوت و (٣) بۆشایی ناودەم(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٩٠-٩١).


یەکەم بۆشایی واتە بۆشایی قورگ، وەک بەشێک لە ڕێڕەوی گوتن ڕۆڵێکی کەم لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان دەگێڕێت. بە واتایەکی تر، ژمارەی ئەو دەنگانەی کە لەم بۆشاییەدا بەرهەمدەهێنرێن کەمن، لەگەڵ ئەوەشدا بە گۆڕینی قەبارە و شێوەکەی، دەکرێت ئەو دەنگانە بەرهەمبهێنرێن، کە لە

بۆشـــاییەکانی تردا بەرهەمدەهێنرێن وکاریگەری لەســـەر تایبەتمەندیی دەنگەکانی ئاخاوتن دروست دەکەن(قوامی: ١٣٩٣: ٢٢).

ســەبارەت بە بۆشـایی دوەم واتە بۆشـایی لوت، دەتوانین بڵێین، ڕێڕەوی لوت بە بۆشـــــایی لوت تێدەپەڕێت (هەمان ســــەرچاوە: ٢٣). لوت کەمتر لە دو بۆشاییەکەی تر نەرمترە، بۆیە شێوەکەی ئەو گۆڕانکاریانەی تێدا دەرناکەوێت کە دەبێتە هۆی ســــەرهەڵـدانی دەنگی جۆراوجۆر، واتە لەکـاتی دەربڕینی دەنگە لوتییەکان، لوت شـــێوەکەی وەک خۆیەتی و گۆڕانکاری تێدا دەرناکەوێ، چونکە کەمتر نەرمترە لە دو بۆشـــاییەکەیتر. تەنها زمانە بچکۆلە، کە دەکەوێتە ناوەندی یەکتربڕی سێ بۆشاییەکە، بۆی هەیە بەرزببێتەوە و بۆشایی دەم و لوت دابخات. لەم حـاڵەتەدا لوت لە بەرهەمهێنـانی دەنـگ لاوازە و کـاریگەری لەســــەر ئەو دەنگانەی کە لەم شـــوێنە بەرهەمدەهێنرێن ســـفرە. هەروەها زمانە بچکۆلە بۆی هەیە بەرزببێتەوە، لەم حاڵەتەدا دەم و لوت دەکرێنەوە و هەوا یان دەنگ لە لوت دێتە دەرەوە و دەنگی لوتیی دروســـــتدەبێت. بەو واتایەی، ئەگەر تایبەتمەندیی لوتیی بەشـێک بێت لە بەرهەمهێنانی دەنگی ســەرەکی primary articulation، ئەو دەنگە پێیدەوترێت دەنگی لوتیی (حقشناس: ١٣٨٠: ٤٥).

بۆشایی سێیەم، واتە بۆشایی دەم، گرینگترین بەشە لە ڕێڕەوی گوتن، کە لە لێوەکانەوە دەسـتپێدەکات و بە بۆشـایی دەم/ گەرو کۆتایی دێت. بۆشـایی دەم بەشـــــی جێگیر و جوڵاوی هەیە، کە بە جوڵەکردن و گۆڕانکاری لە شـــێوەیان، دەکرێت دەنگی جۆراوجۆری زمان بەرهەمبهێنرێت. لەم ڕووەوە ئەو ئەندامانەی، کە لە بۆشــــایی دەم لەبەرهەمهێنـانی دەنگەکـان بەشــــدارن، ئەنـدامەکـانی بەرهەمهێنانیان پێدەوترێت. بۆشـایی دەم پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، لە ئێسـک و

ماسوولکەی بێشومار پێکهاتوە. ئەندامەکانی بەرهەمهێنان لە بەشی دەم بەم شێوەیەیە: لێوی سەرەوە upper lip، ددانەکانی سەرەوەی پێشەوە upper front teeth، پوک، مەڵاشوی ڕەق hard palate، نەرمە مەڵاشو، زمانە بچکۆلە. مەبەست لە پوک ئەو بەشەیە کە لە سەقفی دەمە، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ددانەکانی پێشەوەی سەرەوە و پێش مەڵاشو. ئەندامەکانی بەرهەمهێنان لە بەشی شەویلگەی خوارەوە، لێوی خوارەوە و زمان دەگرێتەوە(قوامی: ١٣٩٣: ٢٣-٢٥). لە وێنەی ژمارە (٥) ئەندامە بەشدارەکان لە بەرهەمهێنانی دەنگەکان دەخەینەڕو:




**وێنەی ژمارە ٥ ئەندامە بەشدارەکان لە بەرهەمهێنانی دەنگەکان**

## ٢-٣: یەکە دەنگییەکان

مەبەست لە یەکە دەنگییەکان هەمو ئەو دانە زمانیانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە چوارچێوەی دەنگسازی و هەریەکەیان پێکهاتە و تایبەتمەندیی خۆیان

هەیە و هەموشـیان چوارچێوە و هێڵێکی گشـتی پێکەوەیان دەبەسـتێتەوە. لێرەدا یەکە دەنگییەکانی زمان دەخەینەڕو، لەوانە (دەنگ، فۆن، فۆنێم، بڕگە،...).

### ٢-٣-١: دەنگ Sound

دەنگ جوڵەیەکی لەرەییە، کە مادە بە لەرینەوەی یەک لەدواییەک و پەنگ خواردو لەنێوان دو سـنوردا دروسـتی دەکات. یان دەنگ جموجۆڵێکی دەرەکییە تەنی مـاددی پێی هەڵـدەسـتێ، کـاریگەری وا لەگوێ دەکـات کە بیسـتن ڕوبدات(فەرهادی: ٢٠١٣: ٥٧). بە واتایەکی تر، دەنگ، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی دو تەن دروستدەبێت، کە تا لەیەکتر نزیک ببنەوە و هێزەکەی زیاتر بێت، دەنگەکە زیاتر دەبێت(ثمرە: ١٣٩٥: ٣).

بە جۆرێکی تر، "هەر کات لە شـتێک یان ماددەیەک، لەرینەوەیەکی توند سـازبکرێت و پەیدابێت و ئەم وزە و هێزە بە ئاڵوگۆڕ و جموجۆڵ و تەوژم خستنەسـەر گەردیلەکانی هەوا تێکەڵ بکرێت، دەنگ دروسـتدەبێت. کەواتە دەنگ لەڕاسـتیدا شـەپۆلی هەوان، کە تێکەڵ بە شـەپۆلی فیزیکی پەردەی گوێچکەی گوێگر دەلەرێنەوە و دەگاتە نێو مێشـک و لە ئاکامدا دەنگ دەبیسـترێت."(باقری: ١٣٧٤: ١٨١). لە ڕوانگەی کۆی ئەم پێناسـانەوە دەتوانین بڵێین سـەرجەمیان لەسـەر ئەوە کۆکن، کە دەنگ لە ڕێگەی بەریەککەوتنی ماددە بەرجەسـتەکانی دەوروبەر دروسـتدەبێت، یاخود جموجۆڵێکە تەنی ماددی دروسـتی دەکات، هەروەها لە ڕێگەی ئەندامی بیسـتن دەبیسـترێت و هەسـتی پێدەکرێت. بۆ نموونە وەک: دەنگی هاژەی ئاو، دەنگی هۆڕنی سـەیارە، یان ئەو دەنگەی لە ئەنجامی کارکردنی ئامێری فێنککەرەوە دروستدەبێت، یان دەنگی میوزیک ... هتد.

### ٢-٣-٢: فۆن Phone

دەتوانین بڵێین فۆن Phone لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕدرێن و بەهۆی بیستنەوە هەستی پێدەکرێت(خۆشناو: ٢٠١٤: ١٣). بەو واتایەی، هەمو ئەو دەنگانەی، کە لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەبن و بەهۆی گوێچکەوە دەبیسترێن، پێیان دەوترێت فۆن. بە شێوەیەکی تر، "فۆن، لە ئاکامی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوە لەبەشی قورگ و زار و زمان و لێوەکان، کە بە ئەندامانی ئاخاوتن دەناسرێن، ساز دەبێت. کەواتە کرداری بیستن و گوتن هەندێک ڕەوتی فیزیکی و فیسیۆلۆژی پەیڕەو دەکەن"(باقری: ١٣٧٤: ١٨١). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، ئەم پێناسانەی سەرەوە کۆکن لەسەر ئەوەی فۆن لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروستدەبێت، واتە ئەندامانی ئاخاوتنی قورگ و زار و زمان و لێو ...هتد، بەشداری لە دروستکردنی فۆندا دەکەن.

دەتوانین بڵێین، فۆن بەرجەستەکەری فۆنێمە، واتە دانەیەکی بەرجەستەکراوە، کە دانە هۆشەکییەکەی بریتییە لە فۆنێم، بە نموونە کاتێک دەڵێین (پیاو، پشیلە، پڵنگ، ...) [پ] لە هەر یەکێک لەمانە فۆنە، بەڵام [پ] وەک دانەیەکی ئەبستراکت فۆنێمە. واتە فۆنێم دانەیەکی هۆشەکییە و لەناو مێشکدایە، ئەو کاتەی دەخرێتە ناو زنجیرەی گوتن یان نوسینەوە دەبێت بە فۆن، یان پێیدەوترێت فۆن.

### ٢-٣-٣: فۆنێم Phoneme

لەڕوی زاراوەوە، فۆنیم (Phoneme) وشەیەکی فەرەنسیە، کە بە واتای دەنگی (دەنگێکی) زمانی دێت، وەک زاراوەیەکیش فۆنیم بۆ یەکەمجار لە ساڵی

(١٨٧٣) لە لایەن (Dufriche Desgenettes) بەکارهاتوە، دواتریش (سۆسێر) لە خستنەڕوی بۆچونەکانی خۆی پشتی بەو زاراوەیە بەستوە، تیۆری فۆنیم بە یەکێک لەو تیۆرە گرنگانەی زمانەوانی دادەنرێت، کە زمانەوانەکان بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانی پشتیان پێبەست(دزەیی و هاوەڵانی، ٢٠١٣: ١١٥-١١٦). لە زمانی ئینگلیزیدا هەمان زاراوە بەکاردێت، تەنها دەربڕین و شێوازی نوسینی زاراوەکە جیاوازە. لە زمانی عەرەبیشدا هەندێ لە زمانناسە عەرەبەکان هەمان زاراوە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێنن. لە زمانی کوردیشدا هەمان زاراوە جیهانییەکە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت بەتەواوی بەکارهێنان و تایبەتمەندییەکانیەوە.

لەڕوی چەمکەوە، دەتوانین بڵێین دیاریکردنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ فۆنێم کارێکی ئاسان نییە، چونکە خودی فۆنێم لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پێناسەی بۆ دەکرێت، لەوانە ڕوانگەی هۆشەکی و ڕوانگەی ئەرکی، لێرەدا چەند پێناسەیەکی فۆنێم لەم دو ڕوانگەیەدا دەخەینەڕو:

(مارف) لەبارەی فۆنێمەوە دەڵێت: "فۆنیم بەو دەنگانە دەوترێت، کە لە زماندا وشە پێک دەهێنن و بە گۆڕان و لاچونیان واتا دەگۆڕن"(مارف: ١٩٨٢: ٨١٥). پێوەری دیار لەم پێناسەیەدا بۆ فۆنێم واتا گۆڕینە. بەو واتایەی، فۆنیم توانای گۆڕینی واتای هەیە و هەر گۆڕانێک لە ڕیزبەندی و لابردن و زیادکردنی فۆنیمێک بۆ وشەیەک ڕوبدات، ئەوا گۆڕانی واتایی ڕودەدات. ئەم پێناسەیە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە لە فۆنێم دەڕوانێت. بەپێی بۆچونی ئەرکی، فۆنێم لەسەر بنەمای ئەو ئەرکە پێناسە دەکرێت، کە لە زماندا هەیەتی، بەم پێیە فۆنێم بچوکترین دانەیە، کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ.

(Van Riper) له پێناســـەی فۆنیمدا دەڵێت: "فۆنیم بچوکترین یەکەی دەنگییە، کە دەتوانێت جیاوازی واتایی دروســـت بکات"( Van Riper: 1996: 522). پێوەری دیار لەم پێناســـەیەدا بۆ فۆنیم واتا گۆڕینە، پێوەرێکی تریش بچوکترینە، لەنێو یەکەکانی زماندا پێگەی ئەم دانە زمانییە دیاریدەکات. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە ئەم پێناســـەیەش لە ڕوانگەی ئەرکییەوە لە فۆنیم دەڕوانێت، کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا بەجێدەهێنێت. کەواتە بەپێی ئەم بۆچونە ئەرکی فۆنیم ڕۆڵی ســـەرەکی هەیە لە جیاکردنەوەی واتای وشـــەکان لەیەکتر. لە زمانی کوردیدا زۆر نموونەمان هەیە بە گۆڕین و ڕیزبەندکردنیان واتای وشە دەگۆڕێت، بۆ نموونە: (دار ≠ بار، جار ≠ کار،...)

(ئەمین) لەبارەی فۆنیمەوە دەڵێت: "فۆنیم شـتێکی ئەبسـتراکتە abstruct. چەند دەنگێکی جیا دەنوێنێت لە زمانێکی تایبەتیدا. ئەم دەنگانە شـــێوەی جیا دەگرنەخۆ بەپێی ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایاندا دەردەکەون"(ئەمین: ٢٠٠٩: ١٣). لەم پێناسەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە (ئەمین) لە ڕوانگەی هۆشەکییەوە لە فۆنیمی ڕوانیوە. لە ڕوانگەی هۆشـــەکیدا فۆنیم هیچ بونێکی بەرجەســـتەی نییە، بەڵکو شتێکە لەناو مێشکدایە.

(عەلی) لە پێناســـەی فۆنیمدا دەڵێت: "فۆنیم دەنگێکی نابەرجەســـتەیە، کە لەمیانەی چالاکی ئاخاوتندا بونی نییە."(عەلی: ٢٠١٥: ٨). ئەم پێناســـەیەش لە ڕوانگەی هۆشـــەکی یان دەرونییەوە لە فۆنیم دەڕوانێت، پێی وایە فۆنیم دانەیەکی هۆشەکییە(ئەبستراکتە) و لە مێشکدا هەڵگیراوە، تا ئەو کاتەی دەخرێتە زنجیرەی گوتن یان نوســـینەوە لە ڕێگەی فۆنەکانەوە. "ئەم بۆچونە بۆ یەکەم جار لەلایەن، زمانەوانی پۆڵەندی (دی کورتنێ)ەوە خراوەتەڕو، بەڵام جۆرێک لەم باوەڕە لە نوســـینەکانی ســـاپیردا هەســـتی پێدەکرێت، بە باوەڕی دی کورتنێ فۆنیم ئەو

دەنگەیە کە قسەکەر نیازی وایە دەریببڕێ نەک ئەو دەنگەی کە لەڕاستیدا لە ئەنجامی هەوڵەکەیەوە دێتەئاراوە."(فتاح: ٢٠١١: ٦٤).

بە بۆچونی ئێمەش، فۆنێم بچوکترین دانەی زمانە لە ئاستی فۆنۆلۆژیی، کە خۆی واتای نییە بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە.

### ٢-٣-٣-١: پۆلبەندکردنی فۆنێم

فۆنێم لە ڕوانگەی جیاجیاوە پۆلێن دەکرێت، بەپێی سروشت و پێکهاتەیان لە زماندا، بەم شێوەیە دابەشکراون.

### ٢-٣-٣-١-١: فۆنێمە کەرتییەکان Segmental phoneme

فۆنێمە کەرتییەکان سەرجەم ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکانی زمان دەگرێتەوە، بۆیەش پێیان دەوترێت فۆنێمی کەرتی، "چونکە کەرت دەکرێن و لەیەکتر جیادەکرێنەوە و دەتوانرێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێنەوە و لە ڕۆنانی وشەی تردا ڕۆڵی خۆیان ببینن و کار لە گۆڕانی واتا بکەن."(واحد: ٢٠١٣: ٣٤). ئەوانیش ژمارەیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە و بەپێی پێویستی زمانەکە دیاریدەکرێن. بە واتایەکی تر، فۆنێمە کەرتییەکان "بریتیین لەو یەکە دەنگییانەی، کە هەمو ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکانی زمان دەگرنەوە و دەبنە بچوکترین دانەی بنچینەیی لە پێکهاتەی زمان بەگشتی و وشە و بڕگە بەتایبەتی، توانای جیاکردنەوە و گۆڕین و دروستکردنی وشەی نوێیان هەیە، کە بەپێی یاسا و دەستوری تایبەت بە زمانەکە لێکدەدرێن و وشە و فرێز و ڕستەیان لێپێکدێت، کە هەڵگری بیر و واتا و مەبەستەکانی قسەپێکەرانی زمانەکە دەگەیەنێت."(حەمەد:

٢٠١٤: ٤٩). کەواتە دەتوانین بڵێین فۆنیمە کەرتییەکان بنچینەی ئاخاوتنن، دەتوانرێت کەرت بکرێن و لە پێکهاتنی وشەی تردا ڕۆڵ ببینن، هەروەها وشەی نوێ و واتای نوێ دروست بکەن. وەک فۆنیمەکانی /ش/ و /ا/ و /د/، کە فۆنیمەکانی وشەی (شاد) پێکدەهێنن. فۆنیمە کەرتییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

### ٢-٣-٣-١-١-١: فۆنیمە کۆنسۆنانتەکان Constants

بەو دەنگانە دەوترێت، کە لە دەربڕینیاندا هەندێ لە ئەندامەکانی ناو دەم لێک نزیک دەکەونەوە و دەبنە بەرهەڵست بۆ ئەو لۆزەوی هەوایەی لە سیەکانەوە دێت، لە ئەنجامدا لە دەربازێکەوە دێنە دەرەوە(مارف: ١٩٧٦: ٣٥). یاخود، ئەو فۆنیمانەن کە شوێنی درکاندنی دیاریان هەیە و لە بڕگەدا دابەشدەبن بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی زمانی دیاریکراو، کە ئەمانەن:

<ئـ – ب – پ – ت – د – ج – چ – ح – خ – ر – ڕ – ز – ژ – س – ش – ع – غ – ف – ق – ڤ – ک – گ – ل – ڵ – هـ – م – ن – و – ی> (خضر: ٢٠١٥: ١٤). فۆنیمە کۆنسۆنانتەکان بەپێی چەند بنەمایەکی دیاریکراو پۆلێن دەکرێن بۆ چەند شێوەیەک، کە گرنگتریان ئەمانەن:

### ٢-٣-٣-١-١-١-١: پۆلێنکردنی کۆنسۆنانتەکان لەسەر بنەمای شێوەی گۆکردنیان

کۆنسۆنانتەکان بەپێی شێوەی دەرچونی هەوا دەکرێن بە چەند بەشێکەوە، کە ئەمانەن:

### ٢-٣-٣-١-١-١-١-١: تەقیوەکان Plosive

لەم شێوەیەدا ڕێگریەکی تەواو بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دروستدەبێت، کە لە ئەنجامدا تەوژمی هەوا ناتوانێت لە ڕێگەی دەمەوە دەربچێت. ئەگەر جگە لە گرتنی دەم، نەرمەمەڵاشـــوش بەرزببێتەوە، بە جۆرێک، کە هەوا نەتوانێت بچێتە ناو بۆشـــایی لوت، فشـــاری هەوا لە بۆشـــایی دەم زیاد دەبێت و دەبێتە هۆی داخرانی دەم. بە دورکەوتنەوەی ئەنـدامەکـان لەیەکتری هەوا بە یەکجـار دێـتەدەرەوە، بەمەش دەنـگە تەقـیـوەکـان بەرهەمـدێـن( Ladefoged and Johnson: 2011: 14). کە بریتیین لە دەنگەکانی(ب، پ، د، ت، ک، گ، ق، ئـ).

### ٢-٣-٣-١-١-١-١-٢: لوتییەکان Nasal

کۆنســـۆنانتە لوتییەکان بە گرتنی تەواوی بۆڕی دەم و تێپەڕینی هەوا لە بۆڕی لوت بەرهەم دەهێنرێن(قوامی: ١٣٩٣: ٧٨). کە بریتیین لە دەنگەکانی(م، ن).

### ٢-٣-٣-١-١-١-١-٣: خشۆکەکان Fricative

نزیککردنەوەی دو ئەندامی ئـاخـاوتن لەیەکتری دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕێڕەوی هەوا تـاڕادەیەک دابخرێـت، شـــڵەژان لە تەوژمی هەوا دروســـــت ببێت(Ladefoged and Johnson: 2011: 14). بەمەش دەنگە خشـــۆکەکان بەرهەمدێن، کە بریتیین لە دەنگەکانی(ش، س، ژ، ز، هـ ف، ڤ، خ، ح، غ، ع).

### ٢-٣-٣-١-١-١-١-٤: لاییەکان Lateral

بونی بەربەســـت لەبەردەم تەوژمی هەوا لە ناوەڕاســـتی بۆشـــایی دەم، لەگەڵ تێپەڕبونی هەوا لە لایەکی زمان یان هەردو لای زمان و ســـەقفی دەم،

دەبێتە هۆی بەرهەمهێنـانی دەنگە لاییەکـان(بحرانی: ١٣٩٦: ٥٨). کە بریتیین لە دەنگەکانی(ل، ڵ).

**٢-٣-٣-١-١-١-١-٥: خلیسکاو**

ئەو دەنگانەن لە خشتەی ئەلفوبێی جیهانی بە دەنگە درێژە ناخشۆکییەکان (Approximant) ناودەبرێن. لە کاتی دروسـتکردنی ئەم جۆرە دەنگانە هەوای دەرچو لە قورگەوە بۆشاییەکی فراوانتر لەو بۆشاییەی، کە لە دەنگە خشۆکەکان هەیە بۆی دەهێڵـدرێتەوە، تـاکو هەواکەی لێی دەربچێـت، بەمەش هەواکە لە ئەنـدامـانی ئـاخـاوتن نـاخشـێت(دزەیی و هـاوەڵانی: ٢٠١٥: ٤٩). کە بریتیین لە دەنگەکانی (و، ی).

**٢-٣-٣-١-١-١-١-٦: لەرزۆکەکان Trill**

ئەو کۆنسـۆنانتانەن، کە بەهۆی چەند جارێک بەریەککەوتنی ئەندامێکی ئـاخـاوتن بە ئەنـدامێکی تر، بەرهەم دەهێنرێن. لە بەرهەمهێنـانی کۆنسـۆنـانتی لەرزۆک، ئەندامێکی نەرم و ئەندامێکی ڕەق بە ئەندازەیەک نزیک دەبنەوە، کە بە تـێـپەڕبـونـی هەوا ئەنـدامە نەرمەکە چەنـد جـارێـک بەر ئەنـدامە ڕەقەکە دەکەوێت(قوامی: ١٣٩٣: ٧٩). بە سەرنجدان لەم پێناسەیەی سەرەوە دەردەکەوێت، دەنگە لەرزۆکەکان کاتێک دروست دەبن، کە ئەندامانی ئاخاوتن لەکاتی گۆکردنیان بەتایبەتی زمان، جۆرە لەرینەوە و لێک خشـاندن و بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەندامانی تری نێو زار و چەند جارێک ئەم حاڵەتە ڕودەدات لە ماوەیەکی کەمدا، ئەو دەنگانەی بەم شێوەیە بەرهەم دەهێنرێن بریتیین لە دەنگی(ڕ، ر).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢: پۆلێنکردنی کۆنسۆنانتەکان لەسەر بنەمای شوێنە ئۆرگانەکانی دەنگدروستکردن

ئۆرگانەکانی بەرهەمهێنان لە بەشە جیاوازەکانی بۆشایی دەم دەگرێتەوە. بە جۆرێک، گرتن یان داخرانیان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەنگی زمانی جۆراوجۆر. ئەو ئۆرگانانە بەپێی ئەو ڕۆڵەی، کە لە بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمان هەیانە، دابەش دەبن بۆ دو گروپ، ئەوانیش: ئۆرگانە چالاکەکان و ئۆرگانە سستەکان. ئەو ئۆرگانانەی، کە جوڵەیان هەیە و لە ئۆرگانەکانی تر دەدەن یان نزیک دەبنەوە لێیان، ئۆرگانە چالاکەکانیان پێدەوترێت. لەلایەکی ترەوە، ئەو ئۆرگانانەی، کە لە شوێنی خۆیان جێگیرن و جوڵەیان نییە، ئۆرگانە سستەکانیان پێدەوترێت(بحرانی: ١٣٩٦: ٥٦). لێرەدا هەردو گروپی ئۆرگانە دەنگدروستکەرەکان دەخەینەڕو، کە ئەمانەن(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٩٣):

**ئۆرگانە دەنگدروستکەرە چالاکەکان (ئەوانەی دەجوڵێنرێن)**

(ا) لچولێو

(ب) زمان: سەری زمان apex، تۆپی زمان coronal، پشتەزمان dorsurn، ڕەگی زمان radix.

(پ) نەرمەمەلاشو velum، زمانۆچکە uvula.

(ت) قورگ pharynx، کە زۆر کەم دەجوڵێت.

(ج) چەناگەی خوارەوە mandibulum.

(چ) تاڵەژێیەکان glottis= گەرویی

**ئۆرگانە دەنگدروستکەرە سستەکان(ئەوانەی ناجوڵێن)**

(ا) ددانەکان dentes.

(ب) پوک alvolae.

(پ) ڕەقەمەڵاشو palatal.

لێرەدا کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردی لەسەر بنەمای شوێنە ئۆرگانەکانی دەنگدروستکردن، دەخەینەڕو:

**٢-٣-٣-١-١-١-٢-١: لچولێوییەکان**

ئەم شوێنەی بەرهەمهێنانی دەنگە، کە لە دو شوێنی سەرەکی دروستکردن پێکدێت، ئەوانیش: (لچولێویی labial، لچوددانی labiodental)ین.

لچولێوییەکان ← لچولێویی / لچوددانی

لە بەرهەمهێنانی لچولێوییەکانی [m]، [b]، [p] (م، ب، پ). لێوی سەرەوە ئۆرگانێکی سستە، چونکە لەکاتی دروستکردنی ئەو دەنگانەدا، لێوی خوارەوە زیاتر بەرەو لێوی سەرەوە دەجوڵێت. بە شێوەیەکی سروشتی ددانەکانی سەرەوەی پێشەوەش لە بەرهەمهێنانی دەنگەکانی لێوی ددانیی [v]، [f] (ڤ، ف) ئۆرگانێکی سستە، چونکە لە بنەڕەتدا ناتوانێت بجوڵێت(قوامی: ١٣٩٣: ٦٢).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢-٢: ددانی_ پوکیی dental-alveolar

ددانی، ئەو شوێنە ئۆرگانییەی دەنگدروستکردنە، کە ڕاستەوخۆ لەپشت ددانە بڕەڕەکانی سەرەوەدایە. پوکییش alveolar، ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە، کە کەمێک لەدوای ئەوەوە دێت. لە پێڕەوی کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردییدا، جیاوازییەکە نییە و ددانی_ پوکییەکانی بەگشتی پوکیین، بۆیە ئەگەر هەردوکیشیان بەکاربهێندرێن، ئەوا جیاوازییەکە گرنگ نییە(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٩٥-٩٦). ئەو دەنگانەی زمانی کوردیی تەنها پوکیین، کۆنسۆنانتەکانی [t]، [d]، [n]، [s]، [z] (ت، د، ن، س، ز).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢-٣: ڕەقەمەڵاشو-پوکیی palate-alveolar

ئەو دەنگانەن کە ناوەڕاستی زمان بەر پوک و مەڵاشوی ڕەق دەکەوێت(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ٥٧). لە زمانی کوردیدا، ڕەقەمەڵاشو- پوکییەکان [ʒ]، [ʃ] (ژ،ش)ن.

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢-٤: ڕەقەمەڵاشو palatel

ئەو دەنگانەی لەنێوان بەشی پێشەوەی زمان و ڕەقەمەڵاشو دروست دەبن، پێیاندەوترێت ڕەقەمەڵاشوییی(Carr: 2020 :5). کۆنسۆنانتەکانی [ʧ] و [ʤ] (چ، ج) لە ڕەقەمەڵاشودا بەرجەستە دەکرێن(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٩٨).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢-٥: نەرمەمەڵاشویی (velum) velar

ئەو دەنگەی لەنێوان پشتەوەی زمان و مەڵاشوی نەرم دروستدەبێت، پێیدەوترێت نەرمەمەڵاشویی(Carr: 2020 :5). وەک دەنگەکانی [g]، [k] (گ، ک).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢-٦: پشتە نەرمەمەڵاشو uyular

کۆنسۆنانتەکانی[x] و [ɣ] (خ، غ) پشتە نەرمە مەڵاشویین(مەحویی: ٢٠٠٨(ا): ٩٨).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٢-٧: گەرویی Glottal

لە شــوێنی بەرهەمهێنانی گەرویی، تاڵەژێیەکان بەشــدارن، بەڵام ئۆرگانە دروســتکەرە چالاکەکان و ســـــتەکان بەشــدارنین. ســازگەی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی[ʔ]، [ɦ]، [h]، [ʕ] (ع، ح، هـ ئـ) گەرویە(قوامی: ١٣٩٣: ٦٦).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٣: پۆلێنکردنی کۆنســـۆنانتەکان لەســـەر بنەمای هەڵوێســـتی تاڵەژێیەکان

بەپێی لەیەکتر نزیکبونەوە و دورکەوتنەوەی تــاڵەژێیەکــان لەیەکتری، کۆنسۆنانتەکان دەکرێن بە دو جۆر، ئەوانیش:

### ٢-٣-٣-١-١-١-٣-١: دەنگە کپەکان

ئەو دەنگانەن، کە لەکاتی تێپەڕبونی هەوای ســـەرکەوتوی ســـییەکان بە قورگەوە، ئەوا دو ژێیەکە لەیەکتر دور دەکەونەوە، واتە بەهیچ شـێوەیەک ڕێگری لە هەواکە ناکەن، بەمەش لەکاتی تێپەڕبونی هەواکە تاڵەژێیەکان نالەرێنەوە. ئەو دەنگانەی، کە بەم شـــێوەیە هەواکەی تێدەپەڕێت بریتیین لە(پ، ت، ک، ق، چ، ش، ف، س، خ، ح، هـ ئـ)(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ٦٦).

### ٢-٣-٣-١-١-١-٣-٢: دەنگە گڕەکان

هەمو ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە لە کاتی دەرچونی هەوای ناو سـییەکان تاڵەژێیەکان دەلەرنەوە و جۆرە ئاوازێکی دەنگیی گڕ دروسـتدەبێت، کە بە دەنگی (ئاوازدار – المجهور – Voiced) ناو دەبرێت وەک دەنگەکانی(ب، د، گ، ج، ڤ، ن، ژ، ع، غ، م، ن، ل، ڵ، ر، ڕ، و، ی)(مارف: ١٩٧٦: ٤٦-٤٧).

### ٢-٣-٣-١-١-٢: فۆنێمە ڤاوڵەکان Vowels

ڤاوڵەکان بەوە دەناسرێن، کە لە کاتی درکاندنیان هەوا بە ئارەزوی خۆی لە سـییەکانەوە دێتە دەرەوە و هیچ تەگەرەیەک ناکەوێتە ڕێیان(وەیس: ١٩٨٤: ٥١). یان ئەو فۆنێمانەن، کە لەکاتی دەربڕینیاندا هەوا لە بۆڕی گوتن دەردەچێت، بەبێ بەرکەوتن و بونی هیچ بەربەسـتێک لە ڕێگەیان(بحرانی: ١٣٩٦: ٥٥). بە سـەرنجدان لەم پێناسـانە بۆمان دەردەکەوێت، کە فۆنێمە ڤاوڵەکان لەکاتی درکاندنیان هیچ ڕێگری و بەربەسـتێک ناکەوێتە بەردەمیان، بە ئاسـانی دەردەبڕدرێن و درێژ دەکرێنەوە و هەوا بە ئاسـانی دێتە دەرەوە و دەم بە شێوەیەکی گشتی کراوەیە.

کەواتە ڤاوڵەکان ئەو فۆنێمانەن، کە شـوێنی درکاندنی دیاریکراویان نییە، لە بڕگەدا چەقی بڕگە یان ناوکی بڕگە پێکدێنن(خضر: ٢٠١٥: ١٤). کە ئەمانەن:

[i، ʉ، ɨ، ə، a، o، e] <ا – ە – و – ۆ – ی – ێ – بزرۆکە (i)>

### ٢-٣-٣-١-١-٢-١: پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان

شـــێوەی بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکان جیاوازە لە شـــێوەی بەرهەمهێنانی کۆنســـۆنانتەکان. لە بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکان مەودای نێوان ئۆرگانەکانی ئاخاوتن بە ئەندازەیەکە، کە هەوا لە کەناڵی گوتن دەردەچێت بەبێ بەرکەوتن و بونی هیچ ڕێگرییەک لەبەردەمیان.

لەڕاســـتیدا ڤاوڵەکان بە تاڕادەیەک کراوەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن بەرهەم دەهێنرێن، بۆیە ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی بۆ پۆلێنکردنی کۆنسۆنانتەکان سودی لێوەردەگیرێت، بۆ ڤاوڵەکان بەکارنایەن. سەرەڕای ئەوەش، ڤاوڵەکان لە بەشێکی بچوکی کەناڵی گوتن –ڕەقەمەڵاشـــو و نەرمەمەڵاشـــو– بەرهەم دەهێنرێن. ئەمە واتـای ئەوەیە، کە پۆلێنکردنی شـــوێنی کۆنســـۆنـانتەکـانیش بۆ ڤـاوڵەکـان بەکارنایەت(Davenport and Hannahs: 2005: 39). ڤاوڵەکان بەپێی دو بنەمای سەرەکی پۆلێن دەکرێن، کە بریتیین لە:

ا_ بەپێی ئەو بەشەی زمان، کە بەشداری دەکات لە گۆکردنی دەنگەکان.

ب_ بەپێی بەرزونزمی زمان لەکاتی گۆکردنی ڤاوڵەکان.

پێش ئەوەی ڤـاوڵەکـان پۆلێن بکەین پێویســـتە تـایبەتمەنـدییەکـانیـان بخەینەڕو، ڤاوڵەکانی زمانی کوردی بەپێی ئەم تایبەتمەندییانەی ژێرەوە پۆلێن دەکرێن و دەناسرێن(رخزادی: ١٣٧٩: ٧١-٧٢):

١_ هەمو ڤاوڵەکان گڕن.

٢_ لە بەرهەمهێنانیاندا، هەوای ناو ســـنگ لە قۆناغی هەناســـەدانەوە لە ڕێڕەوی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن، توشـــی هیچ بەربەســـتێک نابێت و بە ئاســـانی دەردەچێت.

٣_ له بەرهەمهێنانیاندا، ڕێڕەوی لوت دەگیرێت و ڕێڕەوی دەم بۆ هەوای هاتو له سییەکان، دەکرێتەوە.

٤_ قەبارە و شـــێوەی دەم، زمان و لێوەکان له بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکاندا کاریگەرییان هەیە و ئەم ســـێ دانەیە یان ئەندامە، جۆرەکانی ڤاوڵ دروســـت دەکەن.

٥_ ڤاوڵەکان پۆلێن دەکرێن بۆ ڤاوڵی پێشــەوە و ناوەڕاســت و دواوە: له بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکانی پێشــەوە، پێشــەوەی زمان و ڕەقەمەڵاشــو کاریگەرییان هەیە. له بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکانی ناوەڕاست، ناوەڕاستی زمان بەشداری دەکات. له دروســتکردنی ڤاوڵەکانی دواوەش، دواوەی زمان و نەرمەمەڵاشــو بەشــداری دەکەن.

- ڤاوڵەکانی پێشەوە، واتە: (/i/ی ، /e/ێ).
- ڤاوڵەکانی ناوەڕاست، واتە: (/ɨ/بزرۆکە، /ʉ/و، /ə/ه، /a/ا).
- ڤاوڵەکانی دواوە، واتە: (/o/ۆ).

٦_ ڤـاوڵەکـان پۆلێن دەکرێن بۆ کراوە، داخراو، نیمچە کراوە و نیمچە داخراو: له بەرهەمهێنانی ڤاوڵە کراوەکاندا، مەودای نێوان زمان و مەڵاشـو زیاترە و زمان زیاتر دادەبەزێت لەناو دەمدا. له بەرهەمهێنانی ڤاوڵە داخراوەکاندا، زمان بەرز دەبێتەوە. له دروستبونی ڤاوڵە نیمچە کراوە و نیمچە داخراوەکانیشدا، زمان له نیوە بەرزیدا دەبێت.

- ڤاوڵە کراوەکان، واتە: (/a/ا).
- ڤاوڵە داخراوەکان، واتە: (/i/ی، /ɨ/بزرۆکە، /ʉ/و).
- ڤاوڵە نیمچە کراوەکان، واتە: (/ə/ه).

- ڤاوڵه نیمچه داخراوەکان، واته: (/o/ۆ، /e/ێ).

٧_ ڤاوڵەکان بەپێی هەڵوێستی لێوەکان پۆلێن دەکرێن: له بەرهەمهێنانی بەشێک له ڤاوڵەکان، لێوەکان بەرەوپێشەوە دێن و تاڕادەیەک خڕ دەبنەوە. له بەرهەمهێنانی بەشێکی تریان، لێوەکان جیادەبنەوە و فراوان دەبن.

- ئەو ڤاوڵانەی له باری خڕبونەوەی لێوەکان دروست دەبن: (/ʉ/و، /o/ۆ).

- ئەو ڤاوڵانەی له باری جیابونەوە و فراوانبونی لێوەکان دروست دەبن: (/a/ا، /i/ی، /e/ێ).

**لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییانەی باسکران، پۆلێنکردنی ڤاوڵەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

١_ /i/ی: پێشەوە، داخراو، فراوانبونی لێوەکان

٢_ /e/ێ: ناوەڕاست، نیمچە داخراو، فراوانبونی لێوەکان

٣_ /a/ا: ناوەڕاست، کراوە، فراوانبونی لێوەکان


٤_ /o/ۆ: دواوە، نیمچە داخراو، خڕبونی لێوەکان

٥_ /ə/ە: ناوەڕاست، نیمچە کراوە

٦_ /ʉ/و: ناوەڕاست، داخراو، خڕبونی لێوەکان

٧_ /ɨ/بزرۆکە: ناوەڕاست، داخراو

له هێڵکاری ژماره (٢) پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان دەخەینەڕو(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ٦٩-٧١).




**هێڵکاری ژماره ٢ پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان**

## ٢-٣-٣-١-٢: فۆنێمە ناکەرتییەکان Suprasegmental phoneme

له زۆربەی زمـانەکـانـدا هەنـدێ ســـیمـای تری دەنگی لەگەڵ فۆنێمە کەرتییەکان(segmental phoneme) دێن، کە ئەوانیش پێیاندەوترێت فۆنێمە ناکەرتییەکان(Suprasegmental phoneme).

فۆنێمە ناکەرتییەکان ئەو تایبەتمەندییانەن، کە بەسەر فۆنێمە کەرتییەکاندا ڕودەدەن، یان زیاد دەکرێن لەســەر کۆنسـۆنانت و ڤاوڵەکان. ئەم تایبەتمەندییانە ســنوردارنین بۆ تاکە دەنگەکان، بەڵام زۆرجار درێژ دەبنەوە لەســـەر برگەکان، وشەکان یان دەستەواژەکان، کە ڕۆڵیان هەیە لە ئاخاوتندا، وەک فۆنێمی سەرەکی نابن بە بەشێک لە پێکهاتەی وشە، ئەو کاتە دەردەکەون، کە وشـەیەک بچێتە پاڵ وشـــەیەکی تر، یان وشـــەیەک بە شـــێوەیەکی تایبەت بەکاردێت. کەواتە فۆنێمە نـاکەرتییەکـان "کۆمەڵێـک ئەدگـار و ســـیمـای دەنگیی بەهـادارن، کە نرخی ڕاســتەقینەیان لە قســەکردندا دەردەکەوێت"(بشـــیر: ٢٠٠٠: ٤٩٦). هەروەها بۆیە

پێیان دەوترێت فۆنێمە ناکەرتییەکان، چونکە ناتوانرێت پارچە پارچە بکرێن و جیابکرێنەوە، بەمەش بەشـــداری ڕۆنان و پێکهێنانی وشـــە ناکەن. ئەم فۆنێمانە لەسەرەوەی پێکهاتی وشەکانن، واتە هەمو وشەکە و دواتر سەرتاپای ئاخاوتنەکە دادەپۆشن و ڕوبەری داپۆشینەکەیان کەرت ناکرێت(واحد: ٢٠١٣: ٣٥).

لێرەدا دەتوانین بڵێین فۆنێمە ناکەرتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە واتا گۆڕین هەیە، بە شـێوەیەک کە "دەورێکی گرنگ و ڕاستەوخۆ دەبینن لە ئاڕاستەکردن و گۆڕینی واتادا، بە جۆرێک، کە لە ئاســـتی قســـەکردندا بەرجەســـتە دەکرێن و قســـەپێکەرانی زمانیش بەردەوام لە دەربڕین و ئاخاوتندا بەکاریان دێنێت."(عەلی: ٢٠١٥: ٨٦).

فۆنێمە نـاکەرتییەکـان پۆلێنکردنی جۆراوجۆریـان هەیە، دابەشـــکردنی جۆراوجۆری فۆنێمە ناکەرتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندیە هەمەچەشنانەی، کە ئەم جۆرە فۆنێمانە لە بەرجەســـتەکردنی ئەرکە جیاوازەکان لە ئاســـتەکانی زماندا دەیگەیەنن، چونکە پەیوەندی جۆراوجۆری بە ئاســـتەکانی دیکەی زمانەوە هەیە. (Roach) دەڵێت: هەرگیز ڕێککەوتنی تەواو نییە دەربارەی ئەوەی کە چەند تایبەتمەندی فۆنیمی ناکەرتی بدۆزرێتەوە لە قسـەکردندا، بەڵام (ئاواز، هێز، کێش) باوترین جۆری ئەو فۆنێمانەن (Roach: 2002: 75). لێرەدا گرنگترین جۆری فۆنێمە ناکەرتییەکان دەخەینەڕو، کە بریتین لە:

### ٢-٣-٣-١-٢-١: هێز Stress

هێز یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ســەروســەگمێنتەکان و لە قســـەکردندا دەردەکەوێت، کە درێژ دەبێتەوە بەســـەر زیاتر لە ســـەگمێنتێکی دەنگ. لەڕوی فۆنەتیکەوە هێز بریتییە لە "چـالاکی هەمو ئەنـدامەکـانی دەربڕین لە یەک کـاتـدا،

لەکاتی دەربڕینی بڕگەیەکی هێزداردا تێبینی ئەوە دەکەین، کە هەمو ئەندامەکانی دەربڕین دەگەنە ئەوپەڕی چـالاکی، ئەگەر چـالاکی مـاسـولکەی سـییەکـان چـالاکییەکی گەورە بێت جوڵەی تـاڵەژێیەکـان بەهێز دەبێت و نزیک دەبنەوە لەیەکتر بۆ ڕێگەدان بە بڵاوبونەوەی کەمترین بڕی هەوا و فراوانبونی لەرینەوەکان و ڕێکخستنیان، کە بەمەش لەکاتی بیستندا دەنگەکە بەرز و ڕون دەبێت، وەک لە گڕەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لەگەڵ کپەکاندا تاڵەژێیەکان لەیەکتری دور دەکەونەوە بە دورکەوتنەوەیەکی زیاتر لە کپە بێهێزەکـان، بەمەش بڕێکی زۆر لە هەوا دەردەچێت"(هاشم: ٢٠١٢: ٢٣-٢٤). واتە چالاکی ئەندامانی ئاخاوتن وەک ماسولکەی سییەکان و لەرینەوەی تاڵەژێیەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە چۆنییەتی هێزی دەنگە دەربڕاوەکە هەیە، کە دەبێتە هۆی دەرخستنی هێزداریی و بێهێزی دەنگەکان لە دەنگسازیدا.

بەڵام لە فۆنۆلۆژییدا هێز: هێزێکی گۆکردنی ڕێژەییە، دەخرێتە سەر ڤاوڵی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشـە یان ڕسـتە، هەروەها پلەی هێزیش کار دەکاتە سـەر درێژی و بەرزی دەنگە ڤاوڵەکە، لەگەڵ ئەوەشـدا ڕێژەیەکی ڕاسـتەوانە (طردی) لەنێوان پلەی هێزەکە لەلایەکەوە و درێژی و بەرزی دەنگە ڤاوڵەکە لە لایەکی ترەوە هەیە(عەلی: ٢٠٠٥: ١٩٢). بە واتایەکی تر، هێز پەستانێکی پلەدارە و دەکەوێتە سەر دەنگێک یان بڕگەیەکی وشەیەک، یان دەکەوێتە سەر وشەیەک لە وشەکانی ناو ڕستەیەک، کە بە گۆڕینی شوێنی هێزەکە واتا و شێوەی وشەکە یان ڕستەکە دەگۆڕێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان هێز و بڕگە. (Lodge) ئاماژە بەوە دەکات، کە بڕگەی بەهێز بەهۆی وزەیەکی زۆر و بەهێزەوە دروستدەبێت، کە تایبەت و بێهاوتایە(Lodge: 2009-B: 76).

هەروەها (Gussenhoven and Jacobs) باس لەوە دەکەن، کە ئەو بڕگەیەی هێزی لەسـەرە لەناو هەر وشـەیەک دیارتر و گرنگترە وەک لە بڕگەکانی تری هەمان وشەدا(Gussenhoven and Jacobs: 2011: 32).

سـەرەڕای ئەمە، هێز لە دو ڕوانگەوە پێناسـە دەکرێت: بەرهەمهێنان و درککردن (Roach: 2009: 73). (Al-Hamash) پێناسـەی هێز دەکات و دەڵێت: لە ڕوانگەی قسـەکەرەوە وەک هەوڵدانێک بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی دەنگێکی نـاو بڕگە، لە ڕوانگەی گوێگرەوە هێز بەرزی دەنگێکی دیـاریکراو و تایبەتە بە بەراورد بە دەنگێکی دیکەی نزیک لە خۆی( Al-Hamash: 1984: 93). هەروەها "هێز تایبەتمەندییەکی تایبەتە، کە سـنوردار کراوە بۆ ژمارەیەک هۆکـاری فۆنەتیکی، کە توانـای جیـاکردنەوەی بڕگەیەکی هێزدار لە بڕگەیەکی بێهێزی نزیکی خۆی هەیە"(McMahon: 2002: 118).

دەربـارەی خـاڵی پێشـو (Roach) ئەوە دەخـاتەڕو، کە تـایبەتمەندیی سـەرەکی بڕگەی هێزدار دەرکەوتنە. هەروەهـا ئـامـاژە بەوە دەکـات، کە ئەم دەرکەوتنە (دەرکەوتنی بڕگەی هێزدار)، بەهۆی کاریگەری چوار هۆکاری گرنگە، کە ئەمانەن:

١_ بەرزی پێکهـاتەی یـان بنچینەی بڕگە هێزدارەکە. بڕگە هێزدارەکـان هەمویان بەرزترن لە بڕگە بێهێزەکان، ئەمەش ئەنجامی ڕاستەوخۆی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنە. بە نموونە لە وشـەی (ڕانیە) Ra:n.yə، بڕگەی یەکەم بەرزتر دەردەبڕدرێت بەراورد بە بڕگەکەی تر بەهۆی ئەو ڤاوڵەی، کە بەشـدارە تیـایـدا، چونکە ڤـاوڵێکی درێژە و بەرزتر گۆدەکرێت بەراورد بە ڤـاوڵی کورت، ئەمەش وایکردوە بڕگەی یەکەم زیاتر دەربکەوێت.

٢_ درێژی یەکێکە لە کـاریگەرییە بنچینەییەکـان لە دەرکەوتنـدا. بڕگە هێزدارەکە ماوەکەی درێژترە و ڤاوڵێکی بەهێزی هەیە بەراورد بە بڕگە بێهێزەکە. بە نموونـە لە وشـــەی (لاپەڕە),la: pə: .rə بڕگەی یەکەم مـاوەکەی درێژترە بەراورد بە بڕگەکـانی تر ڤـاوڵێکی درێژ و بەهێزی هەیە، کە وایکردوە زیـاتر دەربکەوێت.

٣_ پلەی دەنگ بەشـــێکی گرنگی تـایبەتمەندیی دەرکەوتنە لە دەربڕینی دەنگ. هەریەک لە بڕگەکانی وشـــەکە بەشـــێوەی نزم یان بەرز بەرهەمدەهێنرێن، بڕگە هێزدارەکە بەرزتر دەردەبڕدرێت، کە ئەمەش وادەکات دیارتربێت. بە نموونە لە وشـەی (قوتابییەکان) qu.tab.yə.ka:n، بڕگەی چوارەم بە شێوەیەکی بەرزتر دەردەبڕدرێت و بەراورد بە بڕگەکانی تر هێزی زیاترە، ئەمەش وایکردوە زیاتر دەربکەوێت.

٤_ کوالیتی یـان جۆری ڤـاوڵەکە یەکێکە لە بەشـــە کـاریگەرەکـان لە دیـاریکردنی دەرکەوتنی بڕگە هێزدارەکە. بڕگە هێزدارەکە ڤـاوڵێکی تێـدایە، کە جیـاوازە لە بڕگەکـانی تری دەوروبەری. کەواتە، دەرکەوتنی بڕگە هێزدارەکە دەکرێت نیشاندرابێت بە بەراوردکردنی بە بڕگەکانی نزیکی. بە نموونە لە وشـەی (سـەرەتا) :sə.rə.ta، ڤاوڵی بەشداربو لە بڕگەی سێیەم ڤاوڵێکی درێژە و جیاوزە لە ڤاوڵەکانی تری ناو بڕگەکانی دەوروبەری، ئەمەش وایکردوە بڕگەی ســـێیەم زیاتر دەربکەوێت بەراورد بە بڕگەکانی تر.

هەروەهـا (Roach) دەڵێت، کە دەرکەوتنی بڕگە هێزدارەکە لەلایەن ئەم چوار هۆکارە لە بنچینەدا دروستدەبێت، ڕەنگە تەنها بە یەک یان دو لە هۆکارەکان دروستبێت(Roach: 2009: 73-74).

### ٢-٣-٣-١-٢-١-١: جۆرەکانی هێز

هێز لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پۆلێنکراوە و خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت، پۆلێنکردنی هێزە بەپێی کەرەستەکانی زمان، کە بریتیین لە:

### ٢-٣-٣-١-٢-١-١-١: هێزی وشە Word Stress

بریتییە لەو وزە زیادەیەی کە دەکەوێتە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە بە تەنها و لە دەرەوەی ڕستەدا دەدرکێت.(دزەیی و هاوەڵانی: ٢٠١٥: ١٤١). لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، هێزی وشە هێزێکە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، بە گۆڕینی هێز لەسەر بڕگەی وشەکان، گۆڕان بەسەر واتای وشەکاندا دێت، **بە نموونە:**

(ئا/ زا/ 'دی)، (ئا/ 'زا/ دی)

وشەی (ئازادی) لە سێ بڕگە پێکدێت، واتە (ئا/ زا/ دی)، ئەگەر هێز بخرێتە سەر بڕگەی سێیەم بە واتای (سەربەستی) دێت، بەڵام ئەگەر هێز بخرێتە سەر بڕگەی دوەم ئەوا بە واتای (تۆ ئازادی) دێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە "هێز لە وشە یەک بڕگەییەکاندا، هیچ ڕۆڵێکی واتا گۆڕی و گۆڕینی لایەنی ڕێزمانی نابینێ" (قادر: ٢٠٠٠: ٤٨).

**بە نموونە:** دار، فرە (واتە زۆر)، لێرەدا بەگۆڕینی شوێنی هێز، واتای وشە ناگۆڕێت.

### ٢-٣-٣-١-٢-١-١-٢: هێزی ڕستە Sentence Stress

ئەو هێزەیە، کە دەخرێتە سەر وشەکانی ڕستە "لێرەدا هێزی دابڕاوی وشە نامێنێ" بەڵکو هێزی سەرەکی وشەیەک لە وشەکانی ڕستە وەریدەگرێت "بەوەی کە ڕستە یەکەیەکی ئاخاوتنە و بە وەستان دەست پێدەکات و بە وەستانیش کۆتای دێت" ئاسایی هێزەکەش دەکەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەکە" یان ئەو وشەیەی کە گرنگی پێدەدرێت(عەلی: ٢٠١٥: ٨٩). بەو واتایەی، ئەو هێزەیە لە ڕستەدا دەخرێتە سەر وشەیەک، بە مەبەستی تیشک خستنەسەری، دەکرێت ئەو وشەیە لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستەکە بێت. بە نموونە لە ڕستەی (شاد ڕەنگە بڕوات):

_ ئەگەر هێزی سەرەکی لەسەر وشەی (شاد) بێت، بەم شێوەیە:

'شاد ڕەنگە بڕوات.

ئەوا واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە (تەنها شاد و کەسی تر نا) ئەگەری هەیە بڕوات.

_ ئەگەر هێز بخرێتە سەر وشەی (ڕەنگە)، بەم شێوەیە:

شاد 'ڕەنگە بڕوات.

بە واتای ئەوە دێت، کە (ڕەنگە شاد یان کەسێکی تر بڕوات).

_ ئەگەر هێزیش بخرێتە سەر وشەی (بڕوات)، بەم شێوەیە:

شاد ڕەنگە 'بڕوات.

ئەوە واتای ئەوە دەدات، کە (شاد ڕەنگە بڕوات یان بمێنێتەوە).

### ٢-٣-٣-١-٢-١-٢: هێز بەپێی جێگیری و سەربەخۆیی

بێگومان زمانەکان جیاوازن لەڕوی شـــوێنی دەرکەوتنی هێز. (Roach) لەســـەر بنەمای دانانی هێز، زمانەکانی جیهان دابەش دەکات بەســـەر دو گروپدا، گروپی یەکەم ئەو زمانانە لەخۆدەگرێت کە شـــوێنی جێگیریان هەیە بۆ هێز لە وشـەدا، وەک زمانی فەرەنسـی، کە زۆربەی کات دوا بڕگە هێزی دەکەوێتە سـەر، گروپی دوەم ئەو زمانانە لەخۆدەگرێت، کە هیچ شـوێنێکی جێگیرییان نییە بۆ هێز لە وشـەدا. بە نموونە وەک زمانی ئینگلیزی، کە قورسیەک هەیە بۆ پێشبینیکردنی دانانی هێزی وشـــە(Roach: 2009: 76). بە واتایەکی تر، لە هەندێ زمانی تر شـــوێنی هێز لە وشـــەیەکەوە بۆ وشـــەیەکی تر بەپێی ڕۆنانیان، واتە ڕۆنانی دەنگییان یان ڕۆنانی بڕگەییان یان جیاوازی ئەرکی وشـــە و ڕێزمانی، دەگۆڕێت. یان بەپێی ئەو گیرەکانەی کە وەریان دەگرێت دەگۆڕێت، واتە ئەو وشـــانەی کە بەهۆی پاشـــگر و پێشـــگرەوە پێکدەهێنرێن، دەکەونە ژێر گروپی دوەمەوە و بە هێزی ئازاد (free stress) ناودەبرێن. ســـەبارەت بە جێگیری و ئازادی هێز لە زمـانی کوردیـدا ڕای جیـاواز هەیە، (فەتـاح) لە گۆشـــەنیگـای پۆلێنکردنی (Typological) زمانەکانەوە دەڵێت: "بەگوێرەی هێز، زمانی کوردی نە زمانێکی هێز جێگیرە، نە زمانێکی هێز ئازادیشـــە، بەڵکو زمانێکە کە ئازادی هێز ( free stress)ی دیاریکراوە و ســـنوردارە و ناوچەیەکی تایبەت بە هێزی هەیە، کە دەکەوێتە سێ بڕگەی کۆتایی وشـە-بڕگەی کۆتایی، بڕگەی پێش کۆتایی، بڕگەی پێش پێش کۆتایی"(Fattah: 1980: 179). بەڵام (سەعید) دەڵێت: زمانی کوردی لە جۆری هێزی ئازادە، ئەو زمانانەی کە شـوێنی هێزی بڕگە ئازادە، هێز ڕۆڵێکی ســـەرەکی دەگێڕێت لە گۆڕانی واتـا، بۆیە فۆنیمی ئەرکی (Phonemic) بەپێی یاســـاکانی ڕۆنانی ئەمریکی دادەنرێت(ســـەعید: ٢٠٠٦: ١١٧). ئەم دو ڕوانگەیە

شوێن و جۆری هێز لە بەکارهێناندا لە زمانی کوردیدا دەخەنەڕو. (فەتاح) شوێنی دەرکەوتنی هێزی دیاریکردوە، بەڵام (سەعید) شێواز و جۆری بەکارهێنانی هێز بە مەبەستەوە دەبەستێتەوە.

### ٢-٣-٣-١-٢-٢: ئاواز Intonation

یەکێکە لە فۆنێمە ناکەرتییەکان، لە ئەنجامی بەرزونزمی پلەی دەنگ لە قسەکردندا دروستدەبێت، ئەم بەرزونزمییەی قسەکردنیش بەهۆی هەڵبەز و دابەزی تاڵەژێیەکانەوەیە، بەم پێیە ئاواز "بریتییە لە بەرزکردن و نزمکردنی چین یان پلەی دەنگ، ئەم بەرزکردن و نزمکردنە پەیوەستە بە لەرینەوەی تاڵەژێیەکان، کە بەهۆیانەوە ئاوازەی مۆسیقی دروستدەبێت."(واحد: ٢٠١٣: ٤٠). ئەم پێناسەیە لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە باس لە ئاواز دەکات و لایەنی فۆنەتیکی ئاواز دەخاتەڕو. لە ڕوانگەیەکی ترەوە "ئاواز پەیوەستە بە گۆڕانکاری لە ویستگەی دەنگییدا. ئێمە ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕێگەی گۆڕینی فریکوێنسی لەرەلەرەکانی تاڵەژێیەکان قورقڕاگەوە بەدەستدەهێنین. لە هەندێ زماندا، گۆڕینی ئاوازی هەندێک وشە دەبێتە هۆکاری گۆڕینی واتای وشەکە، بۆ نموونە قسەکەر جەخت لەسەر یەک برگەی وشەکە دەکات، یان بە جۆرێکی تر، ئەگەر وشەیەک لە دو برگە پێکهاتبێت، ئەوا برگەیەکیان بە بەرزی sharp (acute) دەگوترێت، ئەویتریان بە نزمی heavy (grave)، ئەم دیاردەیە پێی دەگوترێت tonal accent یان "جەختەدەنگ"، هەروەها ئێمە دەتوانین هەست بە ئاواز و "جەختەدەنگ"ە بکەین کاتێک گوێبیستی قسەی هەندێک قسەکەر دەبین، کە ڕەچەی ناوچەیی یان چینایەتییان جودایە. هەڵبەتە لێرەدا جیاوازی لە جەختەدەنگدا نابێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشە و ڕستانەی کە ئەم قسەکەرانە دەیڵێن، هەروەها گۆڕینی ئاوازی

ڕستەیەک دەتوانێت دۆخی ڕستەکە لە ڕستەی ئاساییەوە بۆ پرسیاری بگۆڕێت. دیسان ئاواز دەتوانێت ڕەنگدانەوەی دۆخی قسەکەر نیشانبدات، بە نموونە: توڕەیی، هێمنی، سەرسوڕمان... هتد."(خورشید: ٢٠١٠: ٢٣_٢٤). ئەم پێناسەیە زیاتر فۆنۆلۆژییە، چونکە لایەنی فۆنۆلۆژیی ئاواز دەردەخات، کە وەک فۆنیمێکی ناکەرتی ئەرکی گۆڕینی واتا دەبینێ. لەم پێناسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاواز پەیوەندی بە زمانی گوتنەوە هەیە و لە قسەکردندا دەردەکەوێت. ئەگەر سەیری **ئەم نمونانە** بکەین:

چەند جوانە! (چەند) بۆ سەرسوڕمان.

چەند جوانە؟ (چەند) بۆ پرسیارکردن.

ئاوازە چەند ئەرکێکی ئاڵۆز دەبینێت، بەڵام لە هەمویان بەسودتر و ڕاستەوخۆتر ئەرکی دەربڕینە، کە لە بواری کاریگەری خستنەسەر گرنگییەکی زۆری هەیە. زمانەوانی ڕۆژئاوایی (وتنگشتین) دەڵێت: "بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای چۆنیەتی دەربڕینیدا بگەڕێ"، ئەگەر بە وردی سەیری ئەم وتەیە بکەین گرنگی ئاوازمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەبێتە هۆی لێکجیاکردنەوەی شێوازی قسەکردن(واحد: ٢٠١٣: ٤٦).

### ٢-٣-٣-١-٢-٢-١: ڕۆڵی ئاواز

بێگومان ئاواز وەک هەریەک لە فۆنیمە ناکەرتییەکانی تر ڕۆڵی گرنگی لە زماندا هەیە، کە دیارترینیان بریتیین لە:

١_ دیاریکردنی سنورەکانی ڕستە. گۆڕانی ئاواز، وەک هێماکانی نوسین، سەرەتا و کۆتایی یەکەکانی ڕێزمان، وەک دەستەواژەکان و ڕستەکان دەستنیشان دەکەن. واتە بەهۆی ئاوازەوە سنوری ڕستەکان دیاریدەکرێت، بەو

واتایەی، ئایا ڕستەکە کۆتایی هاتوە یاخود نا؟ یان ئایا ئەو ڕستەیە چ جۆرێکە. بە واتایەکی تر، ئاواز ڕۆڵی خاڵبەندی دەبینی لە قسەکردندا. **بە نموونە:**

نزا ئۆتۆمبێلێکی کڕی.

ڕستەیەکی هەواڵییە، لە نوسیندا نیشانەی خاڵ (.) دادەنرێت، بەڵام لە دەربڕیندا لە کۆتایی ڕستەی هەواڵداندا دابەزینێک هەیە، واتە کۆتاییەکەی دەبێتە ئاوازی نزم، بەم شێوەیە ڕۆڵی ئاواز دەردەکەوێت.

٢_ جیاکردنەوەی ڕستەی هەواڵی، سەرسوڕمان، پرسیاری و داخوازییەکان. لە زۆربەی زمانەکان ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستە پرسیارییەکانی بەڵێ_نەخێر بە شەپۆلی ئاواز دیاریدەکرێن. بە واتایەکی تر، ئاواز لە سەرەتای ڕستە هەواڵییەکان و لە کۆتایی ڕستە پرسیارییەکانی بەڵێ_نەخێر دایە.

**بە نموونە:**

- یاد ڕۆیشت. هەواڵدان
- یاد ڕۆیشت؟ پرسیاری

لە ڕستەی یەکەمدا، کە ڕستەیەکی هەواڵییە، ئاواز لە سەرەتای ڕستەکەدایە، لە ڕستەی دوەمیشدا، کە ڕستەیەکی پرسیارییە، ئاواز لە کۆتایی ڕستەکەدایە.

٣_ جەختکردنەوەی پراگماتیک (pragmatic). لە زۆربەی زمانەکاندا دەکرێت بڕگەیەکی هێزدار بەپێی ڕەچاوکردنی پراگماتیک لەناو ڕستەیەک بەگوێرەی بڕگە هێزدارەکانی تر لە هەمان یەکەی زمانی بەرجەستە بکرێت. بە نموونە، دەتوانرێت بڕگەی هێزدار لە هەریەک لە وشەکانی ڕستەی (مریەم

شیرینی خۆشدەوێت) بەپێی ڕەچاوکردنی پراگماتیک دەربکەوێت. بە واتایەکی تر، ئەم دەرکەوتنەی ئاواز پلە یان بەرزونزمی هەیە.

٤_ نیشـــاندانی ســـەرەی قســـەکردن. دەتوانرێت بە گۆڕینی ئـاواز نیشانبدرێت، کە ئایا قسەکانمان تەواوکردوە یان بە کۆتایی قسەکانمان گەیشتوین یاخود ئارەزو دەکەین سەرەی قسەکردن بۆ یەکێکی تر بەجێبهێڵین(قوامی: ١٣٩٣: ١٢٠). بە نموونە لە ڕستەی پرسیاری:

لە ساڵی چەند لە دایک بوی؟

لێرەدا قســەکەر چاوەڕێی وەرگرتنی زانیاری دەکات لە گوێگر و ســەرەی قسەکردن دەدات بە گوێگر.

دەتوانین بڵێین، گۆڕانکـاری ئـاواز لە ئـاخـاوتنـدا دەتوانێت حـاڵەتی وەک هیلاکی، بێ ئارامی، جۆش و خرۆش، ســـەرســـامی، مکوڕبون و گاڵتەجاڕی قســەکەر پیشـان بدات. هەروەها چەشـنەکانی ئاواز لە گوتنی کەسێک وەک دایک، پەیــامنێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، نوێنەری پەرلەمــان و هەروەهــا بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی گوێگر و بابەتی قسەکەر، جیاوازیان هەیە. ئەم گۆڕانکارییانەی، کە دەکەونە ژێر کـاریگەری هۆکـارە نـازمـانیەکـانی وەک تەمەن، ڕەگەز، حـاڵەتی دەرونی قســەکەر، تایبەتمەندییەکانی گوێگر و ... هتد، دەکەونە دەرەوەی ســنوری لێکۆڵینەوەی ئاواز(اسلامی: ١٣٨٤: ١).

### ٢-٣-٣-١-٢-٣: وەستان Pause

جۆرێکە لە بێدەنگی، کە هەندێک بە ڕاوەســـتان یان بە گواســـتنەوە ناوی دەبەن، لەنێوان وشەیەک و وشەیەکی تر، دەنگێک و دەنگێکی تر، لەنێوان گرێیەک و گرێیەکی تر یان ڕســـتەیەک و ڕســـتەیەکی تر، دەبینرێت. وەســـتان فۆنێمێکی

نـاکەرتییە، واتـا دەگۆڕێـت(دزەیی و هـاوەڵانی: ٢٠١٥: ١٣٦). بە واتـایەکی تر، وەستان لەڕوی دەنگسازییەوە دەتوانرێت وا پێناسە بکرێت، کە بریتییە لە پچڕان و کەمبونەوەی دەنگ یاخود بێدەنگییەک لە نێوان بڕگە و دەنگی وشـەکاندا بەپێی پێویسـتی و مەبەسـتی قسـەکەر، ئاماژەیە بۆ هەر دەنگێک کە تیایدا تاڵەژێیەکان تەواو داخرابن، لە کاتێکدا کە پێکهاتێک لەڕوی ڕۆنان و واتا تەواوبو وەسـتان دروستدەبێت(هاشم: ٢٠١٢: ٣٤). **بە نموونە:**

ئاسا ڕۆیشت، تەمەن هات.

لێرەدا وەسـتان هەیە لەنێوان ئەم دو ڕسـتەیە، کە هەردوکیان لەڕوی واتاوە تەواون و کاتێک ڕسـتەی یەکەم تەواو دەبێت وەسـتانێک دروسـتدەبێت و تاڵەژێیەکان بەتەواوی دادەخرێن، پاشان ڕستەی دوەم دەستپێدەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین وەستانێکە، کە لەکاتی قسەکردندا ڕودەدات و وەک یەکە زمانەوانییەکانی تر، وەسـتان دەپێورێت. وەسـتان ڕۆڵی جیاوازی فیزیکی، زمانی و دەرونناسـی دەبینێت، لەوانە وەسـتان بۆ هەناسـەدان، وەسـتان بۆ دیاریکردنی سـنوری ڕێزمانی، وەسـتان بۆ دیاریکردنی سـەرەی قسـەکردن و وەسـتان بۆ دانانی پلانی فکری یان بابەتی نوێ. وەسـتانی قسـەکەر لە گفتوگۆدا دەتوانێت بە گوێگر نیشـانبدات، کە سـەرەی ئەوە بۆ قسـەکردن یان کاتی ئەوە بۆ قسـەکردن. هەندێجار قسـەکەر ڕادەوەسـتێت بۆ بڕیاردان لە قسـەکانی دواتر و چۆنیەتی وتنیـان(قوامی: ١٣٩٣: ١١٣-١١٤). لێرەدا مەبەسـت لە وەسـتان بۆ هەناسـەدان، پێویسـتی قسـەکەرە بۆ پڕکردنەوەی سـییەکان لە هەوا. هەروەها مەبەست لە وەستان بۆ دیاریکردنی سـەرەی قسـەکردن ئەوەیە، کاتێک قسـەکەر لەکاتی گفتوگۆدا دەوەسـتێت ئەوە دەگەیەنێت، کە سـەرەی قسـەکردن دەدات بە کەسی بەرانبەر و چاوەڕێی گوێگر دەکات تا دەستبکات بە قسـەکردن. وەستان

بۆ دانانی پلان و بابەتی نوێش، مەبەست لێی وەستانی کەسێکە بە بێدەنگی، کە بیەوێت بیربکاتەوە و پلان دابنێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین گرنگترین ڕۆڵ و ئەرکەکانی وەستان بریتیین لە:

١ــ پێویستی قسەکەر بۆ پڕکردنەوەی سییەکان لە هەوا، بۆئەوەی سەرلەنوێ دەست بە قسەکردن بکات.

٢ــ ئەرکی واتا: پێویستی قسەکەر بۆ دەرخستنی واتا (واتە زەقکردنەوەی واتای ئەو وشانەی کە قسەکەر مەبەستیەتی لە ڕێگەی وەستانەوە دەریدەخات)، یان وەستان لە هەندێ شوێنی دیاریکراوی قسە. کەواتە وەستان نیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی واتای ڕستە و دۆزینەوەی واتا، بە نموونە ڕستەیەکی وەک: ئەو کچە بەنازە.

ــ ئەو کچە بە نازە. (ئەو کچە ناز دەکات)

ــ ئەو کچە بەنازە. (ئەو کچە ناوی بەنازە)

لەم ڕستانەی سەرەوە هەرچەندە هەردو ڕستەکە هەواڵدانن، بەڵام بە گۆڕینی شوێنی وەستان واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، لە ڕستەی یەکەمدا وەستان لەنێوان (بە + نازە)، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا وەستان لەنێوان (ئەو کچە ⟵ بەنازە)دا هەیە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە ئاوازدا ڕوبدات.

زۆرجاریش وەستان چەمکی دژایەتی دەردەخات، بە نموونە لە ڕستەیەکی وەک: نەکەی دەتکوژم.

ــ ئەگەر بیکەی دەتکوژم.

ــ ئەگەر نەیکەی دەتکوم. (لەم بارەدا برگەی یەکەمی نەکەی کورت دەکرێتەوە برگەی دوەم لەپڕ دەوترێت و وەستانێک دوای نەکەی هەیە، برگەی سێیەمی دەتکوژم بەرزبونەوەیەکی خێرای پێوە دیارە، (نەکەی دەتکوژم) بۆ

دەربڕینی مەبەستی دوەم وەستان دوای وشەی نەکەی نییە، بەڵکو نزمبونەوەی خێرای پێوەدیارە و بڕگەی سێیەمی دەتکوژم هێزی خراوەتەسەر)(واحد: ٢٠١٣: ٣٩-٤٠).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرنگانەی کە وەستان لە ئاخاوتندا هەیەتی، بەڵام لە خشتەی ئەلفبای فۆنەتیکی جیهانیدا بۆ نیشاندانی وەستان و جۆرەکانی هیچ نیشانەیەک دانەنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا براون(Brown)(1990) بۆ نیشاندانی وەستانە کورت و درێژەکان لە نیشانەکانی [+] و [++] سودی وەرگرتوە. دوکورت و هاوکارەکانیشی( Duckworth et al)(1990) ئەم سیستەمەی خوارەوەیان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەشکردوە:

x(.)x وەستانی کورت

x(..)x وەستانی مام ناوەند


x(...)x وەستانی درێژ (قوامی: ١٣٩٣: ١١٣-١١٤)

**٢-٣-٣-١-٢-٤: کێش Rhyme**

لەسەرەتادا کێش بۆ داڕشتن و نواندنی دروستەکانی قورسایی stress structure-representation هێنرایە ئاراوە، بەڵام پاشان بۆ مەودا و بواری دیکەش، بەتایبەتی بۆ داڕشتن و نواندنی دروستەکانی بڕگە syllable structure بەکارهێنرا و بەمەش بەکارهێنانەکەی فراوانکرا. مۆدێلی کێشی بڕگە یەکەم جار لە ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن (Kiparsky)ەوە پروپاگەندەی بۆکرا و بڵاوبوەوە، پاشان لە ساڵی (١٩٨٥) لەلایەن (Giegerich)وە بەسەر زمانی ئەڵمانیدا جێبەجێکرا(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ١٠٠-١٢٢). کێش یەکێکە لە فۆنێمە ناکەرتییەکان، "زاراوەیەکە ئاماژەیە بۆ پێکهێنەری سەرەکی پێکهاتەی بڕگە واتە

ناوکی بڕگە(کە کۆنسـوّنانت ناگرێتەوە)، هەروەها زنجیرە کۆنسـوّنانتەکانی کۆتایی"(Crystal: 2008: 417). بە واتایەکی تر، "ئەگەر لێکۆڵینەوە لەو زنجیرە دەنگـانە بکەین، کە بەیەکەوەدێن و دەگونجێن لەگەڵ یەکتر، ئەوا بۆمـان دەردەکەوێت، کە ئەوانە لە ڤاوڵ و کۆنسـوّنانتەکانی کۆتایی پێکهاتون، لە کۆتایی بڕگەدا. چەمکی کێش لە شـیکردنەوەی فۆنۆلۆژییـدا گرنگە لە بڕگەدا، وەک ڕێگەیەک بۆ ئاماژەکردن بە لوتکەی بڕگە(ڤاوڵ)، لەگەڵ هەر دەنگێک کە بەدوای لوتکەدابێت لەناو بڕگە"(Roach: 2002: 66).

**بۆ نموونە:**




**هێڵکاری ژمارە ٣ پێکهاتەی وشەی (چاک)**

بە سەرنجدان لەم هێڵکارییە بۆمان دەردەکەوێت، کە کێش (لوتکە، پاش)ی پێکهاتەی بڕگە دەگرێتەخۆ.

لێرەدا پێویسـتە ئـامـاژە بەوە بکەین، کە فۆنیمە کەرتییەکـان توانـای جیاکردنەوە و گۆڕین و دروسـتکردنی وشـەی نوێیان هەیە، کە بەپێی یاسـا و دەستوری تایبەت بە زمانەکە لێکدەدرێن و وشە و فرێز و ڕستەیان لێپێکدێت، کە هەڵگری بیر و واتا و مەبەسـتەکانی قسـەپێکەرانی زمانەکە دەگەیەنێت، فۆنیمە ناکەرتییەکانیش لەگەڵ دەربڕینی فۆنیمە کەرتیەکان لەکاتی ئاخاوتندا کاریگەری خۆیـان دروسـت دەکەن، بەڵام بـابەتی سـەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە فۆنیمە

کەرتیەکانن، چونکە جوت دەنگیی دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە و تایبەتە بە سەگمێنتە کەرتییەکان(فۆنیمە کەرتییەکان)، نەک سەرو سەگمێنتەکان(فۆنیمە ناکەرتییەکان).

## ٢-٣-٤: برگە Syllable

برگە وەک گرنگترین دانەی ئاستی دەنگسازی، زۆرترین پێناسەو تێروانینی جۆراوجۆری لەبارەوە خراوەتەڕو. دەتوانین بڵێین "زاراوەی برگە بۆ یەکەیەکی ئاستی دەنگسازی بەگشتی و فۆنۆلۆژیی بەتایبەتی لە زمانەوانیدا بەکاردێت"(حەسەن: ١٩٩١: ١). واتە لە زمانەوانیدا، برگە یەکەیەکە لە ئاستی دەنگسازی بەگشتی و فۆنۆلۆژیی بەتایبەتی. بە واتایەکی تر، برگە زاراوەیەکە وەکو بەشێکی بنچینەیی لە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە بە یەکەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە لێکۆڵینەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییدا.( Roach: 2002: 76).

لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە برگە "بریتییە لە دەنگێک یاخود پتر لە دەنگێک، کە بە یەک تەوژم یاخود تەکانی هەوای دەربازبو لە دەم هاتبێتە دەرەوە."(مارف: ١٩٧٦: ٦٨). پێوەری دیار لەم پێناسەیەدا بونی دەنگێک یان زیاتر لە دەنگێکە، پێوەرێکی تر دەربڕینی ئەو دەنگەیە بە یەک تەکانی هەوای دەربازبو لە دەمەوە.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە (قوامی) سەبارەت بە برگە دەڵێت: "لە پێناسە سەرەتاییەکان، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمدار بون، (استتسون Stetson ، ١٩٥١) پێی وایە برگە لە ئەنجامی یەک جار تەنگبونەوەی ماسولکەکانی هەناسەدان بەرهەمدێت. بە واتایەکی تر، لەم پێناسەیەدا برگە بەدوایکداهاتنی ژمارەیەک لە دەنگەکانی زمانە، کە بە یەکجار تەنگبونەوەی یان چونەوەیەکی

ماســـولکەکانی هەناســـەدان دەردەبڕدرێن. بەڵام لە توێژینەوەی دواتر (لدیفوگد، ١٩٦٧) دەردەکەوێت، کە گونجانی تەواو لەنێوان چالاکی ماســـولکەکان و بڕگەدا نییە، هەندێجار وشـــەیەکی دو بڕگەیی بە یەک جار تەنگبونەوەی ماســـولکەکانی هەناسەدان بەرهەمدەهێنرێت و هەندێجاریش یەک وشەی تاک بڕگەیی بە دوجار تەنگبونەوەی ماسولکەکان بەرهەمدێت."(قوامی: ١٣٩٣: ١٠٩).


لە ڕوانگەی ئەم پێناســـــانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بڕگەی فۆنەتیکی خۆی نابەســـتێتەوە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، چونکە پەیوەســـتە بە کاری هەناســـەدان و هەناســـەوەرگرتن و کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتن و ئەو تەوژمە هەوایەی لەکاتی درکاندندا دێتە دەرەوە. لە بەرانبەر بڕگەی فۆنەتیکی، کە گشتییە و خۆی بە زمانێکی دیاریکراوەوە نابەســـتێتەوە، بڕگەی فۆنۆلۆژییمان هەیە، کە تایبەتە و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت. ئەوەی لێرەدا مەبەســـتمانە بڕگەی فۆنۆلۆژییە.

لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژییەوە "بڕگە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە، کە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە سنوری بۆ دیاریدەکات"(فتاح: ٢٠١١: ٧٩). بەو واتایەی، ئەو یاسـایانەی دیاریدەکرێن لە بڕگەی فۆنۆلۆژییدا گشتی نین و بۆ هەمو زمانێک ناشێن، چونکە هەر زمانێک ڕیزبونی دەنگیی و یاســـای فۆنۆتاکتیکی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانێکی تر. لەبەرئەوەیە پێناســـەکردن و باســـکردنی بڕگە لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو. هەر لەم بارەیەوە (ئیســـماعیل) دەڵێت: "لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە هەر زمانێک یاســـای تایبەتی خۆی هەیە بۆ کۆبونەوەی یەکە دەنگییەکان لە بڕگەدا، لەوانەیە ئەو کۆمەڵە دەنگەی کە لە زمانێکدا بە بڕگەیەک دادەنرێت، لە زمانێکی تر دو بڕگە بێت. بەمەش پێناســـەی بڕگە بە گەڕانەوە بۆ لایەنی فۆنۆلۆژیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاواز دەبێت، هەروەک بڕگە،

یەکەیەکە یەک ڤاوڵی تێدایە، یان بە تەنها یان لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە کۆنسۆنانت بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو."(ئیسماعیل: ٢٠٠٩: ٣٩-٤٠).

بەم شێوەیە لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە ئەو یاسایانەی دادەنرێن تایبەت نین بە زمانێکی دیاریکراو، بەڵکو شێوەیەکی گشتی وەردەگرێت. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین "یەکێک لە کەم و کورتی لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی بڕگە بە شێوەیەکی گشتی لەوەدایە، کە ناتوانێت سنوری بڕگەمان بۆ جیابکاتەوە. بە واتای ئەوەی، کە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەی فۆنەتیکی لە بڕگە بکۆڵینەوە، ئەوا لەوانەیە هەرگیز نەگەینە یاسایەکی گشتی، کە سنوری بڕگەمان لە هەمو زمانەکاندا بۆ دیاریبکات، چونکە نەک هەر زمانە بە جۆرێک سنوری بڕگە دیاریدەکات و جۆرێکی بڕگە پەسەند دەکات بەسەر جۆرەکانی تردا، بەڵکو سنوری بڕگە لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تری هەمان زمانیش دەگۆڕێت، لەبەر ئەم کەموکورتیەی تێڕوانینی فۆنەتیک دەربارەی بڕگە، زۆربەی زمانەوانەکان باوەڕیان وایە کە دەبێت بەپێی فۆنۆلۆژیی لە بڕگە بکۆڵدرێتەوە"(فتاح: ٢٠١١: ٧٩).

لەڕوی پێکهاتنەوە بڕگە بەپێی ڕێسای دو پەلکیی دابەشدەبێت بۆ کێش و سەرەتای بڕگە و کێشیش لە بنە_ وەچەپێکهاتەکانی کرۆکی بڕگە و کۆتایی بڕگە پێکهاتوە.(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ٨٦). بەم شێوەیە:




**هێڵکاری ژمارە ٤ مۆدێلی پێکهاتەی بڕگە**

### ٢-٣-٤-١: بڕگە لە زمانی کوردیدا

بڕگە لە زمانی کوردیدا لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، پێش و لوتکە و پاش، ئاسایی پێش و پاشی بڕگە دەنگێکی کۆنسۆنانت پێکیدێنێت، لوتکەش دەبێت ئاسایی ڤاوڵ بێت(فتاح: ٢٠١١: ٨٠). ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە بڕگە لە زمانی کوردیدا بەبێ ڤاوڵ نابێت، چونکە ڤاوڵەکان کرۆکی بڕگە پێکدەهێنن، هەر لەبەرئەوە (مەحویی) دەڵێت: "بڕگەکانی زمانی کوردی پرۆژەی ڤاوڵەکانن" (مەحویی: ٢٠٠٠: ٢٢). بۆ ڕیزبون و بەیەکەوەهاتنی دەنگەکانی زمانی کوردی لەناو قاڵبی بڕگە، ئەم مەرجانەی لای خوارەوە ڕەچاودەکرێت:

١_ ڤاوڵ ناوکی بڕگە پێکدەهێنێت.

٢_ سەرەتای بڕگە بە ڤاوڵ دەستپێناکات، واتە بە کۆنسۆنانت دەستپێدەکات و ناکرێت لە کۆنسۆنانتدا چۆڵ بکرێت.

٣_ دو ڤاوڵ بەدوای یەکتردا نایەت.

٤_ ئەگەر کۆنسۆنانتێک کەوتە نێوان دو ڤاوڵەوە، ئەوا ڤاوڵی دوەم کۆنسۆنانتەکە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، بۆئەوەی مەرجی (٢) جێبەجێبکرێت. هەمان مەرج بۆ دو کۆنسۆنانت جێبەجێ دەبێت بۆ هەمان مەبەست.

٥_ هێشوە کۆنسۆنانت (Cluster) کە بریتییە لە بەیەکەوەهاتنی دو کۆنسۆنانت یان زیاتر بەدوای یەکترییەوە دروست دەبن. لە زمانی کوردیدا زیاتر لە دو کۆنسۆنانت یان کۆنسۆنانتێک و نیمچە کۆنسۆنانتێک بۆ جەمسەری سەرەتای بڕگە و نیمچە کۆنسۆنانتێک و دو کۆنسۆنانت لە جەمسەری کۆتایی بڕگەدا ڕێگە پێنەدراوە، ئەم یاسایە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزی هێشوە کۆنسۆنانت لە جەمسەری سەرەتای بڕگە ڕێگە بە دو کۆنسۆنانت یان زیاتر دەدات، بە نمونە (spring, street)(قادر: ٢٠١٦: ٩١-٩٢).

## ٢-٤: فۆنۆتاکتیک Phonotactics

لە ئاستی دەنگدا و بەپێی تایبەتمەندی دەنگەکان لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا شـــێوازی دابەشـــبون و ڕیزبونی دەنگەکـان جیـاوازییـان هەیە، هەر زمـانێک بەگوێرەی یاســــاکانی نـاو زمانەکەی دەنگەکانی پێکەوەدێن و ڕیزدەکرێن، بەم بەیەکەوەهـاتنەی فۆنێمەکـانیش دەوترێت فۆنۆتـاکتیـک. "فۆنۆتـاکتیـک زاراوەیەکە بەکارهـاتوە لە فۆنۆلۆژییدا بۆ ئاماژەکردن بە زنجیرەی ڕێکخســــتنی یەکەکانی فۆنۆلۆژیی، کە لە زمانێک ڕودەدەن و پێکەوەدێن"(Crystal: 2008: 366). بەو واتـــایەی، کـــاتێـــک کە یەکەکـــانی فۆنۆلۆژیی پێکەوەدێن، ڕێکـــدەخرێن. ئەم ڕێکخســـتەنەش بەهۆی کۆمەڵە یاســـایەکەوە دەبێت کە لە زمانەکەدا هەن، بۆیە دەتوانین بڵێین "بە یاســـاکان و چۆنیەتی تێکەڵکردن و ڕێکخســـتنی فۆنێمەکانی زمانێک دەوترێت (فۆنۆتاکتیک)."(باقری: ١٣٧٤: ٢٠٨). واتە ئەو یاســـایانەن، کە لە زماندا بەکاردێن بۆ ڕێکخســـتنی فۆنێمەکانی زمان و چۆنیەتی بەیەکەوەهاتنی فۆنێمەکان لەتەنیشـــت یەکتر، لەبەرئەوە (مشـــکوةالدینی) لەبارەیەوە دەڵێت "بە چۆنیەتی پەیوەندی و چۆنیەتی ڕێکخستن و دەرکەوتنی فۆنێمە کۆنسۆنانتەکان و ڤاوڵەکان لە پێکهاتەی بڕگەدا دەوترێت فۆنۆتاکتیک."(مشـــکوةالدینی: ١٣٨٥: ١٠٩). هەروەها (قادر) لە پێناسـەی فۆنۆتاکتیکدا دەڵێت "ئەو مەرج و یاسایانەن، کە لەناو مۆرفیمەکان و وشـــەکان و بڕگەکاندا تەحەکوم بە فۆنێمەکانیانەوە دەکەن"(قادر: ٢٠٠٨: ٢٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەبەســـت لە فۆنۆتاکتیک ئەو مەرج و یاســـایانەن، کە حکومی فۆنێمەکان دەکەن و ڕێگە بە هاتن و نەهاتنی فۆنێمەکان دەدەن لەتەنیشـــت یەکتر، چونکە لەنێوان هەندێک لە فۆنێمەکـان پەیوەنـدی و هاوڕێیەتی هەیە و لەنێوان هەندێکی تر پەیوەندی و هاوڕێیەتی نییە، (هاوڕێیەتی بریتییە لە ڕێکخســـتنی دەنگەکان لە دروســـتبوندا. دەنگەکانی زمان هەندێکیان

هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و هەندێکی تریان ئەم هاوڕێیەتییەیان نییە و حەز بەیەکتر ناکەن، بە نمونە دەنگی (ر) هاوڕێیەتی لەگەڵ (د) هەیە، بەهۆی ئەوەش کە دەنگی (ت) زۆر نزیکە لە دەنگی (د) بۆیە هاوڕێیەتی لەگەڵ (ت)یشدا هەیە، بەڵام ئەم هاوڕێیەتییە لەگەڵ دەنگی (د) زیاترە بە بەراورد لەگەڵ دەنگی (ت)، هەروەها دەنگی (ر) لەگەڵ دەنگی (ج)یش دێت، بەڵام هاوڕێیەتی نێوانیان کەمترە لە هی (د، ت). دەنگی (ن)ش هاوڕێیەتی لەگەڵ دەنگی (گ) هەیە و زۆر حەز بەیەکتری دەکەن، هەروەها لەگەڵ دەنگی (د)ش هاوڕێیەتی هەیە، بەڵام لەگەڵ دەنگی (گ) زیاتر هاوڕێیە، بۆیە خەڵکی سلێمانی لە قسەکردندا دەنگی (د) دوای دەنگی (ن) دەکەن بە (گ)، وەک: دەنگ، مەنگ، ڕەنگ، ... هتد(واحد: ٢٠١٣: ١٠٧-١٠٩).

لەلایەکی ترەوە (عەلی) بەم شێوەیە باس لە سیستەمی بەیەکەوەهاتنی فۆنیمەکانی زمان دەکات و دەڵێت: "ئەو سیستەمەیە کە فۆنیمەکانی تێدا دابەش دەکرێتە سەر سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە، هەروەها کۆبونەوەی ڤاوڵەکان و کۆنسنەنتەکان _ فۆنیمە کەرتییەکان _ و ناکەرتییەکان دەگرێتەخۆی، ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە"(عەلی: ٢٠١٥: ٥٤). کەواتە دەتوانین بڵێین، لە هیچ زمانێکدا یاسا فۆنۆتاکتیکەکان بە شێوەیەکی یەکسان دەرناکەون و جیاوازن لەیەکتری، ئەگەر جیاوازیەکی کەمیش بێت. زانینی ئەم یاسا فۆنۆتاکتیکیانەش کارێکی قورس و ئاڵۆز نییە، چونکە قسەکەرانی زمانەکان هەر لەکاتی ئاخاوتندا بە ئاشکرا هەست بە بونی ئەم یاسایانە دەکەن و لەکاتی هەر کەلێنێکدا هەوڵ دەدەن ناتەواوییەکان پڕ بکەنەوە و بیگونجێنن لەگەڵ زمانەکەیاندا(حەمید: ٢٠١٥: ٥٣). بەم جۆرە دەکرێت بوترێت، شێوەی ڕێکخستن و ڕیزکردنی فۆنێمەکان لەناو وشەکان و ئەو سنورانەی فەرمانڕەواییان دەکات،

له زمانه جیاجیاکانیش جیاوازه و هەر زمانێک چەند سـنوربەندییەکی دیاریکراو بەسـەر پێکهاتنی فۆنیمەکانی خۆیدا دەسـەپێنێت. بە نمونە لە زمانی کوردیدا بە هیچ شـێوەیەک دو ڤاوڵ بەدوای یەکتردا نایەن، کاتێک وشـەی (چرا) بەهۆی نیشـانەی (ان)ەوە دەکرێت بە کۆ، بۆئەوەی دو ڤاوڵ بەدوای یەکتریدا نەیەن، پێویستە (نیمچە کۆنسۆنانت)ێک لەنێوان ڤاوڵەکان دابنێین، بەم شێوەیە:

چرا + ان > چرایان

یەکێکی تر لەو سـنوربەندیانەی بۆ فۆنیمەکانی زمانی کوردی دانراوە ئەوەیە، کە هەرگیز ڤاوڵ لە سـەرەتای وشـە و بڕگەدا نایەت، هەروەها لە بڕگەیەکدا تەنها ڕێگە بە هاتنی تاکە ڤاوڵێک دەدرێت و ناتوانرێت دو ڤاوڵ لە بڕگەیەکدا بێن، چونکە یاسای زمانی کوردی ڕێگە بەم بەیەکەوەهاتنە نادات.

یاسـایەکی تری فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی ئەوەیە، کە ئەگەر دەنگێکی کۆنسـۆنانت کەوتە نێوان دو دەنگی ڤاوڵەوە، ئەوا کۆنسـۆنانتەکە لەگەڵ بڕگەی دوەمدا دەڕوات. بە واتای ئەوەی، دەبێتە پارچەی پێشـەوەی بڕگەی دوەم، وەک لەم نمونانەدا دەردەکەوێت: ئەڕۆم (ئە. ڕۆم)، ناخۆم (نا. خۆم)، ناکەم (نا. کەم)، ئەزانم (ئە. زا. نم)... هتد. ئەم یاسایەش بەشێکە لە یاسـایەکی گەورە و بڵاوتری فۆنۆتاکتیکی کوردی، کە ناهێڵێت بەشـی پشـتەوەی بڕگە دەنگێکی تێدا گزرە بێت و مەیلی ئەوەی تێدایە کە زۆربەی بڕگەکانی کراوە و سـوک بێت(فتاح: ٢٠١١: ٧٩-٨٠). لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین "لایەنێکی دیکەی فۆنۆتـاکتیـک گشـتگیرییەکی سـەرەو ڕیزبونە دەربارەی دروسـتەی بڕگە. جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لە بڕگەدا بە شێوەیەکی گشتیی بەسەر کاتەگۆرییە گشتییەکانی وەک (کۆنسـۆنانت و ڤاوڵ)ەکاندا جێبەجێدەکرێن. فۆڕمی ناوەوەی ڕێگەپێدراوی بڕگە لە چەشـنی CV و VC و CVC ین. بڕگەکانی زمانێک دەشـێت چەپکی زۆریان

_له ســـــەرەتـای بڕگەو کۆتـایی بڕگەدا_ هەبێت و هـاوکێشـــــەکانی بڕگەکەی ئـاڵۆزترن."(قـادر: ٢٠٠٨: ٢٤). کەواتە "لەبەرئەوەی لە فۆنۆتـاکتیکـدا گرینگی و بەهای هەر فۆنێمێک پەیوەســـــتە بەو جێگایەی کە لە پێکهاتەی بڕگەدا هەیەتی، بۆیە پێکهـاتەی بڕگە لە لێکۆڵینەوە فۆنۆتـاکتیکەکـانی زمـانـدا بـایەخێکی زۆری هەیە"(حەمید: ٢٠١٥: ٥٣).

بەم شـێوەیە لە کۆی ئەم ڕوانگانەی ســەرەوە دەتوانین بڵێین فۆنۆتاکتێک ئەو مەرج و یاســـــایانەن، کە بەیەکەوەهاتن و ڕیزبونی دەنگەکانی زمان لەناو چوارچێوەی بڕگەو وشەکان دیاریدەکەن، هەروەها هەر زمانێکیش یاسای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ بەیەکەوەهاتنی فۆنێمەکانی لە ســــنوری وشـــــە و بڕگەکان، کە جیاوازە لە زمانێکی تر.

# بەشی سێیەم: فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان

# بەشی سێیەم

## فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان

### ٣-١: فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان Generative Phonology

یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمانی مرۆڤ لایەنی "بەرهەمهێنان" یان "داهێنان"ە. فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان Generative phonology بەشێک لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان Generative Grammer پێکدەهێنێت. دەتوانین بڵێین لقێکە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکی، کە بە تیۆری ستانداردی بەرهەمهێنان ناسراوە(Hameed: 2018: 7). چەمکی بەرهەمهێنان یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆرەکە و چۆمسکی زۆر گرنگی پێداوە و لەسەری وەستاوە و میکانیزمەکەی ڕونکردۆتەوە، تیۆرەکە جەخت لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێسنور ڕستە دەکاتەوە لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە. بەم شێوەیە، کرۆکی بیری بەرهەمهێنان بریتییە لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێسنور و بێ کۆتا لە ڕستە لە ژمارەیەکی سنوردار و بە کۆتا و دیاریکراو لە کەرستە و یاسادا(محەمەدئەمین: ٢٠١٥: ١٧).

ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە ساڵی ١٩٥٠ لە پەیمانگای ماسا چوست (MIT) بۆ تەکنەلۆژیا لەلایەن نەوام چۆمسکی و مۆریس هالێ پەرەپێدراوە. ئەم ڕێزمانە وەک تیۆرێکی بنچینەیی لە بواری فۆنۆلۆژیی و سینتاکس لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خزمەتدەکات. لەم ڕێزمانەدا، مەبەستی سەرەکی


زماننـاسـان چارەسـەرکردنی کێشـەیەکە، کە چۆمسـکی (١٩٦٨) وەک کێشـەی ئەفلاتون یان (نەبونی هاندەر) دایناوە. لە دیدی چۆمسـکی نەبونی هاندەر یان وریاکەرەوە بێبایەخە لە زماندا، کە لە منداڵدا دەیخاتەڕو، لە وەڵامی ئەو کێشـەیە دەڵێت، لەبەرئەوەی منداڵ لەکاتی لەدایکبونیدا زانیاری زمانی و زگماکی هەیە، توانای گۆڕینی زانیاری سنوردار و کەمی هەیە بۆ سیستەمێکی ئاڵۆز. چۆمسکی دوای سی ساڵ لە خوێندنەوەیەکی وردو بیرکردنەوەیەکی قوڵ لەسەر کێشـەی (ئەفلاتون) پێشنیاری ئەوە دەکات، کە وا باشترە لە تیۆری بەرهەمهێناندا لەجیاتی جەختکردنەوە لەسـەر جیاوازی زمانەکان ڕەچاوی لەیەکچونی نێوانیان بکرێت(Kenstowicz: 1994: 2).

بەم شـێوەیە دەتوانین بڵێین، فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، کە لەنێوان دەیەی ١٩٥٠ بەولاوە باسـی لێکرا، لە دو بیرکردنەوەی جیاواز سـەرچاوە دەگرێت: بیرکردنەوەکانی چۆمسکی و هالێ، کە چۆمسکی لە قوتابخانەی ئەمریکی و لای (زلێگ هاریس) سـەرچاوەی گرتوە، کە مامۆسـتای بوە، هالێ لە ڕێچکەی زماننـاسی ئەوروپی لای (ڕۆمان یاکوبسـن) لە قوتابخانەی پڕاگ سـەرچاوەی گرتوە. کۆکراوەی ئەم دو بیرکردنەوە تیۆری بەرهەمهێنانی پێکهێنا، کە ڕیشەکەی لەم دو قوتابخانەیەدایە. هەرچەندە لەگەڵ هەردوکیان جیاوازە، بەڵام هەردو قوتابخانەکەشی تێدا ڕەنگداوەتەوە و دەربڕینی هەردوکیانە(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٥).

بەگشـتی، فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان بە بڵاوکردنەوەی کارە بەناوبانگەکەی چۆمسـکی و هالێ بە ناوی (تەرزی دەنگی زمانی ئینگلیزی) (The Sound Pattern Of English) ناسرا. فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە ڕەوتی گەشەسەندنی خۆیدا لە ڕێزمانی بەرهەمهێندا بەستراوەتەوە بە تیۆری یان کۆمەڵە تیۆرییەکەوە،

که له دەیەی پەنجای ســەدەی ڕابردووەوە دەســتیپێکردوە و له دەیەی شــەســتدا فراوانبو، له تیۆری (تەرزی دەنگی زمانی ئینگلیزی)ی چۆمسکی و هالێ له ساڵی (١٩٦٨)دا فۆڕمی ستانداردی خۆی وەرگرت، که به ناوی تیۆری (SPE) ناسێنرا. دواتر ئەم بەرهەمه بو به تیۆری ســــەرەکی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و تاوەکو ئێســـتاش ئەو گریمانه و تیۆرییانەی چۆمســـکی و هالێ بون به ســـەرمەشـــقی توێژەران و لێکۆڵەرانی بواری فۆنۆلۆژیی(حەمید: ٢٠١٥: ٤٦).

بەپێی تیۆری بەرهەمهێنان، مرۆڤەکان له کاکڵه یان کرۆکێکی هاوبەشـــــدا له ڕێزمانی جیهانیدا (UG) بەشـــــدارن. به واتایەکی تر، ڕێزمانی جیهانی جەخت لەســــەر هاوبەشـــــی نێوان زمانەکان دەکاتەوە. لێکچونی زمانەکان له هەندێک ڕوەوە، بەڵگەیه لەســـەر بونی خاڵی هاوبەشـــی نێوان زمانەکان، بەم شـــێوەیەی خوارەوە:




چۆمســـکی ئەو زانیارییه هاوبەشـــەی نێوان زمانەکان به (ڕێزمانی جیهانی) ناودەبات ئەمەش له کتێبی (پێکهاته سینتاکسییەکان)دا خراوەتەڕو(حەمید: ٢٠١٥: ٤٥_٤٦).

کەواته تیۆری بەرهەمهێنــان، بریتییه له بەکــارهێنــان و بەرهەمهێنــان له ڕێزمانەوە بۆ فۆنۆلۆژیی، بەرهەمهێنان واته ئەو یاســـایانەی که وەســـفی ئەگەرە گونجـاوەکـان دەکەن له زمـانـدا، له هەردو بواری ڕێزمـان یـان فۆنۆلۆژیی، که

گەشـــەیان پێدراوە بۆ شـــیکردنەوەی ســـیســـتەمە فۆنۆلۆژییەکان لە جیهاندا (Obied: 2016: 170). لەناو قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی تری فۆنۆلۆژییدا، فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان زۆر ناســـراوە، لەبەرئەوەی بوە بە تیۆرێکی ســـتاندارد لەبەرانبەر کارەکانی تر لە فۆنۆلۆژییدا، کە پێوانەکراوە و هەڵســـەنگێندراوە (Hameed: 2018: 7).

## ٣-٢: ئامانجی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان

مەبەست و ئامانجی ســەرەکیی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان ((بریتییە لەوەی توانای ئاوەزیی و مێشـــک ("توانســـت" competence) بکات بە مۆدێل، بە شـێوەیەک، کە توانای دروســتکردنی بەرهەمهێنانی ڕســتەکان و تێگەیشــتنیان بگرێتەوە. توانســـتی فۆنۆلۆژیی Phonological competence، وەک توانای دروســتکردن و تێگەیشــتنی فۆنۆلۆژییانەی زنجیرە دەنگییە فۆڕم دروســتەکان، بەشـــێکی ئەو توانســـتە ڕێزمانییەیە. توانســـتە فۆنۆلۆژییەکەش بە زانینی ئەو یاســایانە دادەنرێت، کە دەتوانرێت لەڕێیانەوە دروســتەکان لە دروســتەی دیکەوە وەربگیرێن.))(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ٩-١٠).

کەواتە دەتوانین بڵێین، ئامانجی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، یاخود کاتێک کە زمانناســـانی بەرهەمهێنان لە فۆنۆلۆژیی زمانێک دەکۆڵنەوە، هەوڵ دەدەن ســـێ خاڵی گشتگیر بدۆزنەوە:

١_ دۆزینەوەی یاســـاکان، کە یارمەتی ناســـاندنی ڕەگەزە دەنگییەکانی زمان دەدات لە ڕســتەدا، وەک (ڤاوڵەکان، کۆنسـۆنانتەکان، بڕگەکان و کێشــەکان (بڕگە و کێش)).

٢_ دیاریکردنی و دابەشکردنی ڕەگەزەکان لە بنچینەی زمان و قاڵبەکانی (یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانەکان). کەواتە یەکێک لە ئامانجەکانی دۆزینەوەی یاساکان، توانای بەیەکەوەهاتنی دەنگەکانە، چونکە دەنگەکان بەپێی چەند یاسایەکی فۆنۆلۆژیی ڕێکخراو پێکەوەدێن و ڕیزدەکرێن.

٣_ دۆزینەوەی گۆڕانکاری لەشێوەی مۆرفیمەکان و نوسینی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لەسەر بنەمای جیاوازی دەربڕینی ئەم وشانە لە ڕستەدا.(Kenstowicz: 1994: 57).

## ٣-٣: چەمکی فۆنێم لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان

بەدرێژایی مێژوی فۆنۆلۆژیی ڕوانگەی جۆراوجۆر لە بواری چەمکی "فۆنیم" وەکو دیاردەیەکی زمانی هەبوە. بێگومان هەر قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆژیی و هەر تیۆرێکی فۆنۆلۆژیی ڕوانگەی خۆی دەربارەی چەمکی فۆنێم هەیە. لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان فۆنێم بە ڕاستییەکی بیری یان (ئەبستراکت) دادەنرێت، دەنگ بە ڕاستییەکی بینراو یان بەرجەستە هەژمار دەکرێت. هەر فۆنێمێک هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژییە، کە لە بیری خەڵکیدا هەیە و لەکاتی بەرهەمهێنانی گوتندا دەبێتە دەنگێکی دیاریکراو. لەم ڕوانگەیەوە فۆنێمەکان کۆمەڵێک لە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەیان هەیە. لەڕاستیدا سیما جیاکەرەوەکان بە بچوکترین توخم لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا هەژمار دەکرێت. ڕەگەزەکانی دەنگ بەشێوەی کۆ(+) و کەم(-) لە قاڵبی ماتریکس بە تایبەتمەندیی دو بەهایی دەنوسرێن، ئەو تایبەتمەندییانە سەرەتا لە قوتابخانەی پراگ لەلایەن (ترۆبتسکۆی و یاکوبسن)ەوە پێشکەشکران. لە پێوانەی SPE دا پێداچونەوە بە تایبەتمەندییەکان کرایەوە و کارایی هەر یەکێکیان دوبارە هەڵسەنگێندرایەوە و

هەمو سیستەمی فۆنەتیکی لە سیستەمێکی کاراتر و گونجاوتردا نوسرایەوە. لە پێوانەی SPE هەر فۆنیمێک بەشێوەی تایبەتمەندی دو بەهایی لە مێشکدا هەڵگیراوە، کاتێک قسە بەرهەم دەهێندرێت ئەم تایبەتمەندییانە لە مێشکەوە دەنێردرێن بۆ کەناڵی ئاخاوتن و بەشی خواستراو لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا چالاک دەکرێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەنگی خوازراو. بەم شێوەیە ڕەگەزەکانی نواندنی فۆنەتیک و نواندنی بنچینەیی لە چوارچێوەی تایبەتمەندی دو بەهاییدا دەنوسرێنەوە(کامبوزیا: ١٣٩٣: ١٧).

لەلایەکی ترەوە (hayes: 2009) بە گشتگیری یان بە تێکڕایی وەسفی ئەو دو ڕێگە جیاوازەی کردوە، کە دەنگێکی پێ گۆدەکرێت لە ژینگە جیاوازەکاندا. دەتواندرێت بگوترێت، یاسا فۆنۆلۆژییەکان وەسفی ئەو ڕێگەیە دەکەن، کە چۆن قسەکەر ئەو فۆنیمە بنچینەییانەی کە لە مێشکدا هەڵگیراون، دەگۆڕێت بۆ دەنگی ڕاستەقینە لەکاتی قسەکردن و دەربڕینی دەنگەکاندا. بە شێوەیەکی گشتی یاسا فۆنۆلۆژییەکان بە فۆنیمە بنچینەییەکان دەستپێدەکەن(ئەو فۆنیمانەی کە لە مێشکی قسەکەردا هەڵگیراون) تا دەگەن بە فۆڕمی ڕوکەشی یان ئەوەی کە قسەکەر چی گۆدەکات. بۆ نمونە s ی نیشانەی کۆ لە زمانی ئینگلیزیدا لەوانەیە بە [s] وەک لە وشەی cats، یان [z] لە cabs، یان بە [iz] وەک لە buses گۆ بکرێت. ئەم شێوانە هەمویان لە مێشکدا بەهەمان شێوەی s هەڵگیراون، بەڵام دەربڕینە ڕواڵەتییەکان، کە لە ڕێگەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە گۆ دەکرێن، جیاوازن(Obied: 2016: 168). بەم شێوەیە لە فۆنۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا فۆنیم هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژییە، کە لە مێشکی قسەکەردا هەڵگیراون، لە دەربڕیندا دەبێتە دەنگێکی دیاریکراو، جا ئەو دەنگە یان هەمان ئەو فۆڕمەی ناو مێشکی قسەکەرە، یانیش لە دەربڕیندا ئەو فۆڕمە جیاواز دەبێت.

کەواتە، لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنـانـدا، فۆنیم دانەیەکی نەبینراو و نابەرجەسـتەیە، کە لە مێشـکی قسـەکەردا هەڵگیراون، هەریەک لەم فۆنیمانەی کە لە مێشـــکدا هەڵگیراون، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی دیاریکراون و بە نیشـــانە جیاکەرەوەکان ناســـراون، کاتێک دەردەبڕدرێن و گۆدەکرێن دەبنە دەنگێکی دیاریکراو و بەرجەستە، بەڵام مەرج نییە دانە ئەبستراکتەکەی ناو مێشک ئەو دەنگە بێت کە گۆدەکرێن.

## ٣-٤: ئاستەکانی نواندن لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و پەیوەندی و پێوانە جیاکەرەوەکانی نێوانیان

مەبەســـت لە ئاســـتەکانی نواندن لە فۆنۆلۆژییدا، نواندنی بنچینەیی و فۆنەتیکی فۆنیمەکانە. بەگشـــتی دو ئاســـتی جیاواز لە نواندنی پێکهاتەی دەنگیی زمانێک ڕەچاودەکرێت، یەکەمیان نواندنی ئاستی فۆنەتیکی، کە لایەنەکانی شێوەی قسەکردن لەخۆدەگرێت، بە لایەنی کەمەوە لەلایەن گروپێک لە کۆمەڵگا/شێوەزار، بەکاردەهێندرێن. دوەمیان نواندنی ئاستی بنچینەیی، کە لە ژمارەیەکی سنورداری یەکەکانی فۆنیمی پێکدەهێنرێت، ئاستی بنچینەیی فۆنیمەکانە.

بەم شـــێوەیە، دەتوانین بڵێین لە پێوانەی SPE و لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، چۆمسکی و هالی بڕوایان بە دو ئاستی نواندن هەیە، ئەوانیش:

### ٣-٤-١: ئاستی نواندنی بنچینەیی Underlying representation

ئاستی نواندنی بنچینەیی بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەو ئاستەی، کە تەنها زانیـاری ورد و پێشـــبینی نەکراوی تێدایە(قوامی: ١٣٩٤: ٣٩-٤٠). دەرخراوی

بواری سینتاکسە و ئاستی ئەبستراکت و نەبینراو لە زنجیرە گوتن دێتەهەژمار. ئەم ئاستە بەزۆری لەنێوان دو هێڵ واتە (/ /)، نیشاندەدرێت، کە تایبەتمەندییەکانی پێشـــبینی نەکراوە(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٨). بە نمونە فۆنێمی [س] لە زمانی کوردیدا لەوانەیە بە [ز] وەک لە وشـەی /دەسـتگر/، یان بە [س] وەک لە وشـەی /سـێو/، یان بە [ص] وەک لە وشـــەی /ســـەد/ گۆبکرێت. ئەم شـــێوانە هەمویان بەهەمان شـێوەی [س] لە مێشـکدا هەڵگیراون، بەڵام دەربڕینە ڕواڵەتییەکان، کە لە ڕێگەی یـــاســـــا فۆنۆلۆژییەکـــانەوە گۆدەکرێن، جیـــاوازن. دەتوانین بڵێین، ڕوانگەی بەرهەمهێنان بە شێوەیەک بوە، کە گرنگی تەواوی بە نواندنی بنچینەیی دەنگەکان داوە و چەند سـیمایەکی جیاکەرەوەی بۆ نواندنە بنچینەییەکان، واتە ئەو فۆڕمەی کە لە مێشک هەڵگیراوە، داناوە.

### ٣-٤-١-١: پێوانەکانی دۆزینەوەی نواندنی بنچینەیی

زمانەوانان لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان پێویســـــتە ڕەچاوی ئەم پێوەرانە بکەن لە دۆزینەوەی نواندنی بنچینەیی:

١_ پێداچونەوەیەکی دروسـت و وردی ئەو دەنگنوسـیانەی، کە لە گوتنی قسەکەرانی یەک جۆرە زمان ئامادەکراوە.

٢_ زانیاری بەرهەمهێنان یان دەربڕینی یاســـایی لە دەربڕینی ئاســـایی و بێ یاسا و جیا بکرێتەوە، ئەم جیاوازیانە توێژینەوەی لەسەر بکرێت.

٣_ دۆزینەوەی گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییەکان.

٤_ لە ڕێگەی پێشبینیکردن لە گۆڕانکارییەکان بە نواندنی بنچینەیی بگات.

٥_ پێشبینی پەسەندکراو بەشێوەی ڕێسا پێشکەش بکات و پەیوەندی نواندنی بنچینەیی بەدەستهاتو، بەشێوەی ڕوکەش نیشانبدات.

مەبەست لە گۆڕانکاری ئەوەیە، کە لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان هەرکات لەنێوان دو تایبەتمەندی یان دو دەنگ گۆڕانکاری ببینرێت، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین، کە ئەم دو تایبەتمەندیە ڕوکەشییە لە یەک تایبەتمەندیی نواندنی بنچینەیی سەرچاوەیان گرتوە، بە جۆرێک، کە ئەم نواندنە بنچینەییە لەگەڵ یەکێک لە دو تایبەتمەندییە ڕوکەشییەکان یەکبێت(بحرانی: ١٣٩٦: ٦٩).

### ٣-٤-٢: ئاستی نواندنی فۆنەتیکی Phonetic representation

ئاستی نواندنی فۆنەتیکی ئەو ئاستەیە، کە هەمو زانیارییە فۆنەتیکییەکان دوای جێبەجێکردنی یاساکان لەسەر نواندنی بنچینەیی، دەردەکەون(قوامی: ١٣٩٤: ٣٩-٤٠). بەو واتایەی، "ئەم ئاستە لە نواندن یان ئەم ئاستەی نواندن بە فلتەری یاسای فۆنۆلۆژیی تێدەپەڕێت و بەشێوەی وەرگیراوی نواندنی بنچینەیی دێتەهەژمار، کە سفر یان چەند یاسایەک تیایدا کاری کردوە. ئاستی نواندنی فۆنەتیکی لەنێوان دو کەوانە، واتە ([ ]) نیشاندەدرێت."(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٢٩). بە نمونە لە وشەکانی (پێشمەرگە، پشدەر)، دەنگی [ش] لەم دو وشەیەدا بەهۆی کارکردنی یاسای گۆڕانی دەنگ بە [ژ] گۆدەکرێن، وشەکان بە [پێژمەرگە]، [پژدەر] دەردەبڕدرێن، بەمەش دەربڕین و نواندنە فۆنەتیکییەکە بەدیدێت.

### ٣-٤-٣: پەیوەندیی نێوان ئاستی نواندنی بنچینەیی و فۆنەتیکی

هەروەک پێشـــتر ئـامـاژەمـان پێـدا، ڕوانگەی ســـەرەکی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنـان بریتییە لەوەی، کە هەر زنجیرەیەکی دەنگیی خـاوەنی دو نوانـدنە، یەکێکیـان نواندنی بنچینەییە، کە ڕویەکی هۆشـــەکی هەیە، ئەویتریـان نوانـدنی فۆنەتیکییە، کە ڕویەکی دەربڕاوی هەیە. ئەم دو ئاسـتەی نواندن لە ڕێگەی یاسـا فۆنۆلۆژییەکـانەوە لە پەیوەنـدیـدان، واتە گواســـتنەوە لە نوانـدنی بنچینەیی بۆ نوانـدنی فۆنەتیکی لە ڕێگەی کۆمەڵە یـاســـایەکەوە دەبێـت، کە بە یـاســـا فۆنۆلۆژییەکان ناســـراون. بەو واتایەی، لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا "پەیوەندی نێوان نواندنی بنچینەیی و نواندنی فۆنەتیکی لە ڕێگەی یاســـا فۆنۆلۆژییەکانەوە دەبێت"، بەم شێوەیە:

| نواندنی بنچینەیی | → | $R_1 \rightarrow R_2 \rightarrow \ldots R_n$ | → | نواندنی فۆنەتیکی |
|---|---|---|---|---|

**هێڵکاری ژمارە ٥ پەیوەندی نواندنی بنچینەیی و نواندنی فۆنەتیکی لە چوارچێوەی هێڵکاری خشتەییدا (بیجنخان: ١٣٨٩: ٩)**

**بە جۆرێکی تر، پیشاندانی ئەم دو ئاستە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

```
/# --- #/    UR
#       #    R1
#       #    R2
.       .
.       .
.       .
#       #    Rn
  [ --- ]    PR
```

**هێڵکاری ژمارە ٦ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی نواندنی بنچینەیی و فۆنەتیکی**

دۆزینەوەی نواندنە بنچینەییەکان دەربارەی یەک گۆڕانکاری واتای ئەوەیە، کە تێکردە و دەرکردەی لەلایەن یاسایەکی فۆنۆلۆژییەوە دانراوە. پاشان یاسای فۆنۆلۆژیی پەیوەست بەم گۆڕانکاریە دروستدەبێت. هەر جارێک، کە شێوەی بنچینەیی جێبەجێ دەکرێت، گۆڕانکارییەکی بەسەردا دەچەسپێت، بۆئەوەی لە کۆتاییدا نواندنی فۆنەتیکی یان شێوەی داڕشتنی خوازراو بەرهەمبهێنێت(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣٠).

لەلایەکی ترەوە، توێژەرانی فۆنۆلۆژیی، ئەوانەی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر یاسا فۆنۆلۆژییەکان کار دەکەن، کار لەسەر ئەو گریمانە بنچینییە دەکەن، کە هەمو قسەکەرێک فەرهەنگێکی وشەیی واتایی پڕ لە شێوە فۆنۆلۆژییەکانی لە مێشکدا هەیە. ئەو شێوە فۆنۆلۆژییانەی، کە وەک زانیارییەک یان نواندنێکی بنچینەیی بۆ یاسا فۆنۆلۆژییەکان کار دەکەن، ئەو شێوە بنچینەییانە بە پڕۆسەی داڕشتنەوەدا دەڕۆن، کە بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان پێناسە دەکرێن، لە ئەنجامی ئەم پڕۆسەیەدا نواندنی فۆنەتیکی phonetic representation لە دەربڕیندا پێکدەهێنن، وەک هێڵکاری ژمارە(٧):

نواندنی بنچینەیی > یاسا فۆنۆلۆژییەکان > نواندنی فۆنەتیکی

Underlining representation > phonological rules > phonetic representation

هێڵکاری ژمارە ٧ چۆنیەتی پێکهاتنی نواندنی فۆنەتیکی لە نواندنی بنچینەیی (Mohanan: 1982:112).

بەم شـــێوەیە "پێکهـاتەی فۆنۆلۆژیی، وەک تێکردەیەکی زنجیرەی شـــیکراوەی دروســـتەییـانە قبوڵـدەکرێت. دەرکردە نوانـدنی فۆنەتیکیی ئەو زنجیرانەمـان دەداتێ. نوانـدنی ڕوکەش لە زنجیرەی ســـگمێنتە فۆنەتیکییەکـان پێکدێت، هەر کامێک لەوان جگە لە سێتێک سیمای دیاریکراوی فۆنەتیکیی هیچیتر نین."(Chomsky and Halle: 1968: 164).

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، لە تیۆری بەرهەمهێنان دو ئاسـتی نواندن هەیە ئەوانیش نوانـدنی بنچینەیی و نوانـدنی فۆنەتیکیین. نوانـدنی بنچینەیی هـاوتـای نواندنی بیرە(مێشـــکیە)، واتە ئەو شـــێوەیەی کە لە مێشـــک هەڵگیراوە، نواندنی بنچینەیی و سـەرەکیین. ئەم دو جۆرە نواندنە لە ڕێگەی یاسای فۆنۆلۆژیی لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان، بۆ گەیشـــتن لە ئاســـتی بنچینەیی بۆ ئاســـتی فۆنەتیکی، هەندێک یاســـا کار دەکات، ئەم یاســـایانە و نواندنانە لەژێر چاودێری و سـەرپەرشـتی چالاکی قسـەکەرەکاندایە، نەک ئەوەی کە بۆماوەیی بێت. جیاوازی نواندنی فۆنەتیکی و نواندنی بنچینەیی بە هۆکاری جۆراوجۆر ڕویداوە، نواندنی فۆنەتیکی دەرخەری ئەم ڕاســـتییەیە، کە وشـــە چۆن لە گوتندا دەردەکەوێت. بە واتایەکی تر، ڕاهێنانی پێویســـت بۆ بەرهەمهێنانی دەنگەکان بۆ ئەندامی ئاخاوتن نێردراوە، تا کۆدی یان نیشانەکانی ئاخاوتن بخوێننەوە.

**٣-٤-٤: پێوانەکانی جیاکردنەوەی نواندنی بنچینەیی لە نواندنی فۆنەتیکی**

مەبەســت لە پێوانەکانی جیاکردنەوە گرنگترین ئەو پێوەرانەن، کە نواندنی بنچینەیی لە نواندنی فۆنەتیکی جیادەکەنەوە، لێرەدا شـــەش پێوەر دەخەینەڕو، کە دەکرێت نواندنی ژێرەوە بە دڵنیاییەکی ڕێژەیی دیارییبکرێت:

١_ ئاراستە جیهانییەکان Universal tendencies: ئەگەر لە دو سیما لە حاڵەتی گۆڕانکاری [a] و [β]، نەزانرێت کامەیان لە نواندنی بنچینەییدا هەیە، دەگەڕێینەوە سەر زمانەکانی تر و پێداچونەوە بە زمانەکانی تردا دەکەین، ئەگەر [a] بە تەنیایی لە زمانێکی دیکە بینرا، یان دیاربێت، بەڵام [β] بە تەنیایی لە هیچ زمانێک نەبینرێت و بونی وابەستەبێت بە [a]، لەم کاتەدا [a] بە تایبەتمەندی بنچینەیی یان ژێرەوە دێتە هەژمار.

٢_ فریکانسی ڕودان distribution and frequency occurrence: لە دو سیما لە حاڵەتی گۆڕانکاری [a] و [β]، ئەو سیمایانەی کە دابەشکردنێکی هەمەچەشنتریان هەیە، بە نواندنی ژێرەوە یان بنچینەیی هەژماردەکرێن.

٣_ پاساوهەڵگری فۆنەتیکی یان ماقوڵیەتی فۆنەتیکی ( phonetic plausibility): لە دو سیما لە حاڵەتی گۆڕانکاری [a] و [β]، ئەو سیمایە بە نواندنی ژێرەوە یان بنچینەیی هەژمار دەکریَ، کە گۆڕینی بۆ یەکێکی تر پاساوێکی فۆنەتیکی هەبێت. بە واتایەکی تر، دەوروبەرێکی یاسامەندی هەبێت.

٤_ سروشتیبونی فۆنۆلۆژییانە (phonological naturalness): لە دو سیما لە حاڵەتی گۆڕانکاری [a] و [β]، ئەو سیمایانە بە نواندنی ژێرەوە هەژمار دەکرێن، کە گۆڕینی بۆ یەکێکی تر لەناو زمانەکانی تر باو بێت، یان لە زمانەکانی تردا پێشینەی هەبێت.

٥_ پەسەندکردنی پێشبینی فۆنۆلۆژییانە (توانای پێشبینیکردن) (phonological predictability): ئەم پێوەرە تایبەتە بە پارادایمەوە(خشتە) و لە فۆنۆلۆژییدا بەدیدەکرێت. لەکاتی بەراوردکردنی ناوی تاک و کۆ یان ناوی ناسراو و نەناسراوەکان یان کەس و ژمارە لە زمانە جیاوازەکان، هەندێک جار درز لە یەکێک لە پارادایمەکان دروستدەبێت. بە واتایەکی تر، دو سیمای [a] و

[β] له هەندێ پاڕادایمەکان دەگۆڕێن و له هەندێ دەوروبەردا ئەو گۆڕانانە بەدیناکرێت و له هەردو فۆڕمدا، بۆ نمونه تاک و کۆ تایبەتمەندی [a]، دەردەکەوێت. بنەمای پێشبینیکردنی فۆنۆلۆژیی لەو جۆرە حاڵەتانەدا یان له دۆخی ئاوادا، ئەو تایبەتمەندییه له گۆڕانکاری واته [β] وەک نواندنی ژێرەوە دیاریدەکات.

٦_ سروشتیبون یان ماقوڵیەتی naturalness and plausibility:

کاتێک له کۆمەڵه داتایەک، تایبەتمەندی [a] له دەوروبەری A تایبەتمەندی [β] له دەوروبەری B بینرا، لەم حاڵەتەدا یەکێک له دو یاسای β ⟶ a یا a ⟶ β جێبەجێ دەکرێت، له حاڵەتی وەهادا یاسایەک جێبەجێ دەکرێت، که سروشتیبون و پەسندکراوی فۆنەتیکی زیاتری هەبێت(کامبوزیا و عزتآبادیپور: ١٣٩٦: ٢٥_٢٦).

### ٣-٥: پرۆسه فۆنۆلۆژییەکان له چوارچێوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان

پرۆسه فۆنۆلۆژییەکان ئەو کردارانەن مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتندا دێته ڕێگەی، واته دەربڕینه جۆراوجۆراکان پێیاندەوترێت پرۆسه. ئەم پرۆسانه له هەمو زمانەکان کاریان پێدەکرێت، جگه لەوەی پێکهاتەی هەر زمانێک کاردەکاته سەر جۆر و ڕادەی بەکارهێنانی ئەو پرۆسانه و ئەو زمانانەی که بونیادێکی ئاڵۆزیان هەیە زیاتر ئەو پرۆسانه بونیان هەیە. لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین "وشەکان و مۆرفیمەکان له دەربڕینیاندا دەگۆڕێن و دەربڕینی گۆڕدراوی جۆراوجۆریان هەیە. دەربڕینه جۆراوجۆرەکانیان وابەستەی هەندێ مەرجن، ئەم ئەڵتەرناسیۆنانه (دەربڕینه گۆڕدراوە جۆراوجۆرەکان variation/alternations) ناوی "پرۆسەی فۆنۆلۆژیی"ان لێنراوە، واته پرۆسه

فۆنۆلۆژییەکـان بەو دەربڕینە گۆڕاوە جۆراوجۆرانە دەوترێت، کە لە ئـاسـتی فۆنۆلۆژییدا دەردەبڕدرێن و گۆڕانیان بەسەردادێت و نەبون بە یاسـا"(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ١٧). بەگوێرەی ئەم پێناسەیە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان ئەو وشە و مۆرفیمانەن کە دەربڕینی گۆڕاوی جۆراوجۆریان هەیە و لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا دەردەبڕدرێن.

بە شێوەیەکی تر، دەکرێت بوترێت "بە کارتێکردن و کاریگەریی فۆنیمەکان و چۆنیەتی دەرکەوتنیان دەوترێت پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان. پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان تایبەتمەندییەکانی ئاستی فۆنەتیکن لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا. بەو واتایەی، ئەوە دەخاتەڕو شێوەی بنچینەیی زنجیرە فۆنیمەکان و وشە و مۆرفەکان چۆن دەردەبڕدرێن"(مشکوةالدینی: ١٣٨٥: ١٣٠). واتە ئەو کارتێکردن و کاریگەرییانەی کار دەکەنە سەر فۆنیمەکان و گۆڕانکاری بەسەر فۆنیمەکاندا دێنن لەکاتی دەربڕیندا، بە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان ناودەبرێن.

لەلایەکی ترەوە (باقری) دەڵێت: هەر گۆڕانکارییەک، کە کاریگەری لەسەر جۆر، شوێن و بارودۆخی پێکهاتەی بڕگە هەبێت، بە پرۆسەی فۆنۆلۆژیی هەژماردەکرێت(باقری: ١٣٧٤: ٢١٤). واتە ئەگەر گۆڕانکاری ڕویدا لە جۆر و شوێن و بارودۆخی پێکهاتەی بڕگە، بەمە دەوترێت پرۆسەی فۆنۆلۆژیی. بۆ نمونە لە شێوەزاری هەولێر دەنگی [هـ] لە هەندێ وشەدا دەکەوێ دەبێتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی بڕگە، وەک:

ئیبراهیم > برایم

دەهێنم > دەینم (فەرهادی: ٢٠١٧: ٣٣)

بە دەربڕینێکی تر "پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەلالەت بۆ جۆرێک گۆڕانی پێکهاتەیی لە پێکهێنەرە فۆنیمییەکانی زمان دەکەن"(بیجنخان: ١٣٨٩: ١٨٥). بەو

واتایەی، پرۆسەکان ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی پێکهێنەرە فۆنێمییەکانی زمان، گۆڕانکارین لە پێکهاتەی فۆنێمەکانی زمان.

بە لێکدانەوەیەکی تر "شێوەکانی لێکدان و بەیەکەوەهاتنی زنجیرەیەک فۆنیم لە مۆرفیم و وشەدا گۆڕانی فۆنێمی لەکاتی گۆکردندا دێننەکایەوە، ئەو گۆڕانانە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەگرێتەوە"(رزمجو: ١٣٨٦: ١١٤). بەو واتایەی، لەکاتی لکان و بەیەکەوەهاتنی فۆنێمەکان لە وشە و مۆرفیمدا گۆڕان لە دەربڕیندا ڕودەدات، بەم گۆڕانکاریەش دەوترێت پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان.

وەک تێبینی دەکرێت، فراوانی یان دوبارەبونەوەی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کورتکردنەوەی قسەکردن هەیە، چونکە بەکارهێنەران بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی تێچونەکانی خۆیان هەوڵدەدەن تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت و بەپێی توانای خۆیان نوسینی کورت بەکاربهێنن.

بە سەرنجدان لەوەی، کە زمانی کوردیش وەکو تەواوی زمانەکانی دیکە هەمو کات ئامادەی گۆڕانکارییە دەنگییەکان بوە، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا دابەشبون بۆ پرۆسەی بەهێزکردن و لاوازکردن هەریەک لەمانەش چەند پرۆسەیەک دەگرنەخۆ. بە واتایەکی تر، پرۆسەکان جۆریان زۆرە هەر جۆرێکیان بەپێی شوێن و دەوروبەری دەنگەکان ڕودەدەن، کۆی گشتی پرۆسەکان لە زمانی کوردیدا لەژێر دو ناودا کۆ دەکرێنەوە ئەوانیش پرۆسەی بەهێزکردن و لاوازکردنن. بۆ ناساندنی ئەم دو جۆرە پرۆسەیە و جۆرە تایبەتەکانیان، لە خوارەوەدا بە درێژی تیشکیان دەخەینەسەر و ڕونیان دەکەینەوە.

### ٣-٥-١: پرۆسەی بەهێزکردن Fortition process

ئەم پرۆسـەیە لە شـوێن و جێکەوتەیەکی(ژینگەیەکی) بەهێزدا ڕودەدات، دەوروبەرێکی ئازادی هەیە، واتە دەوروبەرەکەی کۆتکراو نییە.

دەتوانین بڵێین، گۆڕانکاری دەنگیی زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لە کۆنسـۆنانتەکانی سـەرەتای بڕگە، تاڵەژێیەکان توندتر یان ڕەقتربن، ئەم کارە دەبێتە هۆی بەهێزتربونی ئەوان، بەم شـێوەیە پرۆسـەی بەهێزکردن ئەنجام دەدرێت(Hayes: 2009: 260). واتە کاتێک بەهێزکردن ڕودەدات، کە تاڵەژێیەکان توندتر و ڕەقتر دەبن و دەنگەکان بەهێزتر دەردەبڕدرێن و هێزی زیاتریان دەکەوێتە سـەر. کەواتە "پرۆسـەی بەهێزکردن هاوتایە لەگەڵ هێزدان بە دەنگێک"(hyman: 1975: 165).

لەلایەکی ترەوە (کێنستویچ) پێی وایە، پرۆسەی بەهێزکردن لە سەرەتای بڕگە یان سەرەتای وشە ڕودەدات(Kenstowicz: 1994: 62). واتە شوێنی ڕودانی پرۆسەی بەهێزکردن سەرەتای بڕگە یان سەرەتای وشەیە، بەڵام بە پێچەوانەی باوەڕی (کێنستویچ)، کە پێی وایە پڕۆسەی بەهێزکردن لە سەرەتای بڕگە یان سەرەتای وشە ڕودەدات، هەندێکی تر باوەڕیان وایە کە ئەم پڕۆسەیە تەنیا لە سەرەتای وشە یان بڕگە ڕونادات، بەڵکو لە سێ شوێنی ناوەڕاست، سەرەتای وشە یان بڕگە و لە کۆتایی وشە بە فراوانی ڕودەدات(آرام و صفوت: ١٣٩٥: ١٦٢). لێرەدا گرینگترین پرۆسەکانی بەهێزکردن دەخەینەڕو، کە ئەمانەن:

### ٣-٥-١-١: لەیەکجیابونەوە Dissimilation

یەکێک لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان، کە لە گوتەی قسەکەرانی زمانی کوردی ڕودەدات، پرۆسەی لەیەکجیابونەوەیە. لەم پرۆسەیەدا دەنگەکان لەیەکچونەکانیان لەدەست دەدەن. فۆنیمێک، کە لە یەکێک یان زیاتر لە تایبەتمەندییە فۆنەتیکییەکان لەگەڵ فۆنیمی هاونشینی خۆی هاوبەشە، لە پێکهاتەکەی خۆیدا سیما باوەکانی لەدەست دەدات و تایبەتمەندی تری فۆنەتیکی بەدەست دەهێنێت(مقداری و رمضانی : ١٣٩٥: ٨٧٩).

کەواتە دەتوانین بڵێین، لە هەندێ حاڵەتدا دو دەنگی وەک یەک، کە لەپاڵ یەکتریدا دەردەکەون، یەکێکیان دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر، یان دەنگێک دەچێتە نێوانیانەوە لەبەر بۆ نەهاتن و قورسی درکاندنی دو دەنگەکە بەسەریەکەوە، لەو شوێنانەدا کە پێویست بکات. ئەم دیاردەیە کەمتر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی لە کۆنسۆنانتەکاندا، دورکەوتنەوەی دو دەنگی لێکچو زیاتر لە ڤاوڵەکاندا بەدیدەکرێت(عەلی: ٢٠١٥: ١١٦). بە لێکدانەوەیەکی تر "هەندێجار دو دەنگیی وەک یەک، کە دەچنە سەریەک، یەکێکیان دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر بۆ ئاسانی"(فەتاح: ٢٠١١: ١٢٢). بە نمونە:

پاش + شێو > پارشێو

پاش + سەنگ > پارسەنگ

لێرەدا لە هەردو وشەکەدا دەنگی کپی (ش) گۆڕاوە بۆ دەنگی گڕی (ر)، ئەمەش وایکردوە بەهێزکردن ڕوبدات، چونکە هێز و وزەی زیاتری پێویستە بۆ دەربڕین.

### ۳-۵-۱-۲: هەڵتۆقین (پەیدابون) Insertion

(Nathan) ئەوەی باسکردوە، کە نەک تەنها سەگمێنتەکان دەتواندرێت لاببرێن، بەڵکو هەندێجار دەتواندرێت زیادبکرێن، دو هۆکاری بنچینەیی هەن بۆ زیادکردنی سەگمێنتەکان: ڕێگریکردن لە دروستبونی هێشوە کۆنسۆنانت، کە سەرپێچی یاساکانی بڕگە دەکات لە زماندا، ئاسانکردنی گواستنەوە(پەیوەندی) لەنێوان سەگمێنتەکان، کە لەیەکتر جیاوازن (Nathan: 2008: 82).

ئەم پرۆسەیە جۆرێکە لە پرۆسەی بەهێزکردن، چونکە زیادە وزەیەک دەخرێتەسەر ئەو دەنگانەی پەیدادەبن. لە هەندێ حاڵەتدا هەندێجار دەنگێک هەڵدەتۆقێت، واتە دەنگێکی نوێ زیاد دەکات و زیادە وزەیەک دەکەوێتە سەر ئەو نواندنە لێکسیکیە، ئەمەش وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ئەم پرۆسەیە دەبینرێت، بە نمونە:

قۆچ > قلۆچ

سمۆرە > سمبۆرە

ئامانج > ئارمانج (قادر: ۲۰۰۸: ۹٤)

لێرەدا لە هەر یەکێک لە وشەکانی (قۆچ، سمۆرە، ئامانج)، دەنگی گڕی (ل، ب، ر) دروست بون، ئەم دەنگانەش پێویستیان بە هێزی زیاترە بۆ دەربڕین، کە وایکردوە وزەی زیاتر بەکاربێت بۆ دەربڕینی وشەکان، بەمەش بەهێزکردنەکە ڕویداوە.

### ٣-٥-١-٣: بەیەکدەنگیبون

دەتوانین بڵێین مەبەســت لەم دیاردەیە "دروســتبونی فۆنیمێکی تازەیە لە ئەنجامی لێکدانی دو فۆنێمی جیاواز، واتە تێکەڵبون و ئاوێتەبونی دو فۆنیمە بۆ دارشــتنی فۆنیمێکی نوێ"(محێدین: ٢٠١٣: ١١٢). بە واتایەکی تر،"لێرەدا دو دەنگ دەچنە ســەریەک بەتایبەتی لە کۆتایی وشــەدا و دەنگێکی جیاواز دەهێننەکایەوە، کە ناچێتەوە سەر هیچ کامیان"(فەتاح: ٢٠١١: ١٢١). بۆ نمونە:

قاپی + ەکە > قاپێکە (ی+ە > ێ)

جوانو + ەکە > جوانۆکە (و+ە > ۆ) (شێوەزاری سلێمانی)

لێرەدا لە وشــەی یەکەمدا هەردو فۆنێمی (ی، ە) ئاوێتەبون و بونەتە هۆی دروســـتبونی فۆنێمێکی جیاواز و نوێی (ێ)، هەروەها لە وشـــەی دوەمیشـــدا بەهەمـان شـــێوە لە ئەنجـامی کـارلێکردنی هەردو فۆنێمی (و، ە)، فۆنێمی (ۆ) دروســت بوە، دەربڕینی ئەم وشــە نوێیانەش زیادە وزەیەکی پێویســتە و بوەتە هۆی بەهێزکردن، بەمەش پرۆسەی بە دیفتۆنگکردن ڕویداوە.

### ٣-٥-٢: پرۆسەی لاوازکردن Lenition process

لاوازکردن پێچەوانەی بەهێزکردنە و لە جێکەوتەی لاواز و داخراودا ڕودەدات. لە ڕێگەی ئەم پرۆســەیەوە ئاخێوەر هەمو ئەو کۆسـپ و ئاسـتەنگانەی لە ڕوانگەی دەنگییەوە دێنە پێشـــی ئاســـانیان دەکات، واتە لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەنگە قورسەکان دەگۆڕێن یان دەسوێن و تێکەڵ دەبن. ئەم پرۆسەیە بۆ نواندنێکی لێکســـیکییە، ئەو زنجیرە ســـەگمێنتانەی بەکاریان دەهێنین ماوەی خەیـاندنیـان بەرانبەر نواندنە ئاســـاییەکان کەمتر دەکەینەوە. لە ئەنجـامی ئەم

پرۆسەیە دەنگێک دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی لاوازتر. بە واتایەکی تر، "لاوازکردن واتە بێهێزکردن، بە شـــێوەیەکی گشـــتی ئاماژە بە کەمکردنەوەی پلەی توندی دەنگێک دەکات"(جەمیل: ٢٠٠٨: ٢٩).

پرۆســـەی لاوازکردن پەیوەندی بە پلە یان جۆری جیاوازی پێکهاتەکانەوە هەیە، لە ئەندامەکانی بەرهەمهێناندا. ســـێ جۆری زۆر گرینگی کۆنســـۆنانت، کە بریتین لە: (تەقیوەکان، خشـۆکیەکان، ڕەوان) هەن. گۆڕانکاری دەنگیی بەشـێوەی: تەقیوەکان>خشۆکیەکان>ڕەوانەکان، بە پڕۆسەی لاوازکردن ناسراوە، لە کاتێکدا گۆڕانکـاری پێچەوانە، واتە: ڕەوان>خشـــۆکیەکـان>تەقیوەکـان، بە پڕۆســـــەی بەهێزکردن ناودەبرێت(آرام و صـفوت: ١٣٩٥: ١٦٢). کەواتە لاوازکردن بریتییە لە گۆڕینی شـوێنی دروسـتکردنی دەنگ لە تەقیوی بۆ خشـۆکی، گڕ بۆ کپ تەنانەت کەمکردنەوە بۆ ســـفر. بە نمونە گۆڕینی دەنگی تەقیوی [د] بۆ دەنگی خشـــۆکی [ڤ]، وەک:

حەڤدە > حەڤڤە

لێرەدا لەبەرئەوەی دەنگی تەقیوی [د] گۆڕاوە بۆ دەنگی خشـــۆکی [ڤ]، گۆڕانیش لە تەقیوەوە بۆ خشـۆک پرۆســـەی لاوازکردن دێنێتەئاراوە، بۆیە لێرەدا پرۆسەی لاوازکردن ڕوویداوە.

هەروەها گۆڕینی دەنگی ڕەوانی [و] بۆ خشۆکی [ف]، وەک:

حەوت > حەفت

هەروەها گۆڕینی دەنگی گڕی [ب] بۆ دەنگی کپی [پ]، وەک:

چی بکەین > چی پکەین

لێرەشـــــدا دەنگی گڕی [ب] گۆڕاوە بۆ دەنگی کپی [پ]، لەبەرئەوەی گۆڕانکاری لە گڕەوە بۆ کپ لاوازکردن دروســت دەکات، بەم هۆیەوە پرۆســەی لاوازکردن ڕویداوە.

(Jensen) لاوازکــردن بە کەمــکــردنەوەی ڕێــژەی تەقــیــوی دەنــگ دەزانێت(Jensen: 2004: 56). واتە کاتێک ڕێژەی تەقیوی دەنگ کەم دەبێتەوە، دەبێتە هۆی پرۆسەی لاوازکردن.

لەلایەکی ترەوە (Kirchner) هۆی ڕودانی پڕۆســـــەی لاوازکردن بە هـانـدەرێکی دەنگیی بۆ کەمکردنەوەی هەوڵ و تێکۆشـــــانی دروســــتکردن و بەرهەمهێنان دادەنێت(Kirchner: 2001: 4-21).

دەتوانین بڵێین، پڕۆســــەی لاوازکردن هەوڵی کەم کردنەوەی هێز یـان لەرینەوەی شــوێنی بەرهەمهێنانی دەنگ دەدات لەکاتی دروســتکردنی دەنگدا، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی دەنگەکـان و کەمکردنەوەی هێزیـان تـا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێـت، بەڵام پڕۆســـەی بەهێزکردن دەنگەکـان بەهێز دەکـات و بەرگری لە درێژەپێدانی دەکات(ناهێڵێت کەمکردنەوەی دەنگ بەردەوام بێت)، لەبەرئەوەی کە بەردەوامبونی یـان درێژەپێدانی پرۆســـەی لاوازکردن دەبێتە هۆی ســــادە و ســـــاکاری لەڕادەبەدەری زمـان، هەروەهـا کۆنســـۆنـانتەکان لەنـاودەبـات و لە دروستبونی پەیوەندی کێشە دروستدەکات.

**لاوازکردن لە چەند شـــێوەیەکدا دەردەکەوێت، کە لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕو:**

### ٣-٥-٢-١: توانەوە Assimilation

ئەم پرۆســـــەیە یەکێکە لە پرۆســــەکانی لاوازکردن، چونکە دەنگێک لە دەنگێکی تر نزیـک دەکەینەوە، بۆئەوەی گوتنەکە ئـاســـــانتر بێـت. بەگوێرەی (Driven) توانەوە بریتیە لەو پڕۆســـەیەی، کە دەنگێک کاریگەری دەخاتە ســـەر دەنگەکەی تەنیشـــــتی بۆئەوەی زیـاتر لە خۆی نزیکبێت یـان لەو بچێت، واتە دروســـــتدەبێت بەهۆی کـاریگەری یـان کـارتێکردنی دەنگێکی پێش یـان دوای خۆی(Dirven: 2004: 119). هەر دەنگێک لەڕوی نیشانە دەنگییەکانەوە خاوەنی کۆمەڵە ســیمایەکە، هەر کاتێک دەنگێک بە کاریگەری دەنگێکی دراوســێی، یەکێک یان چەند سیمایەکی گۆڕا بۆ سیمای دەنگەکەی دراوسێی، پێیدەوترێت توانەوە، بە واتــایەکی تر، "دەنگێــک دەگۆڕێـت بۆئەوەی لە دەنگێکی دراوســـــێی بچێت"(عەلی:٢٠١٥: ١٠٧).

لە توانەوەدا، یان دەنگەکانی پێشەوە کار دەکەنە سەر دەنگەکەی دواوەی و دەیگۆڕن، یان بە پێچەوانەوە دەنگەکەی دواوە کاردەکاتە ســــەر دەنگی پێش خۆی و وەکو خۆی لێدەکات، بۆیە زمانەوانان لەســـەر ئەم بنەمایە توانەوە پۆلێن دەکەن بۆ دو جۆر، بەم شێوەیە:

١_ کاریگەری دەنگی پێشـــەوە(گۆڕانی بەرەو پێشـــەوە) progressive Assimilation:

لەم جۆرە توانەوەیەدا ئاراســـتەی کاریگەریی و کارتێکردن لە چەپەوە بۆ ڕاست، یان بەرەوپێشەوەیە لەناو وشـەیەکدا(Kuiper and Allan: 1996: 70).

واتە دەنگی پێشــەوە کار دەکاتە ســەر دەنگی دوای خۆی و وەک خۆی لێدەکات، **بە نمونە:**

عەمبار > عەممار

گوڵدان > گوڵڵان

لەم نمونانەدا دەنگی پێشـــەوە کاری کردۆتە ســـەر دەنگی دوای خۆی و سیماکانی خۆی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

٢_ کــاریگەری دەنـگی دواوە(گـۆڕانـی بەرەو دواوە) Regressive Assimilation:

لەم جۆرە توانەوەیەدا ئاراستەی کاریگەریی و کارتێکردن لە ڕاستەوە بۆ چەپ، یان بەرەودواوەیە لەناو وشەیەکدا(هەمان سەرچاوەی پێشو: ٧٠). واتە لەم جۆرەدا دەنگی دواوە کاریگەری لەســـەر دەنگی پێش خۆی دروســـت دەکات و وەکو خۆی لێدەکات، **بە نمونە:**

کردتان > کرتتان

خەتدار > خەددار

چی بکەین > چی بکەین/چی پکەین/ (فەتاح: ٢٠١١: ١٢٠)

جگە لە پۆلێنکردنی توانەوە لەڕوی ئاراســـتەوە، پۆلێنکردنێکی تریش بۆ یاســای توانەوە کراوە، ئەویش پۆلێنکردنیەتی لەســـەر بنەمای پلەی توانەوە، لەم ڕووەوە توانەوە پۆلێن دەبێت بۆ دو جۆر:

١_ توانەوەی تەواو:

لەم جۆرەدا دەنگێـک دەتوێتەوە بۆئەوەی بەتەواوەتی لە دەنگێکی تر بچێت، واتە "دەنگێکی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگێکی کارتێکردو"(عەلی: ٢٠١٥: ١٠٧). **بۆ نمونە:**

حەڤدە > حەڤڤە

٢_ توانەوەی ناتەواو:

لەم جۆرەدا بەشـێک یان سـیفەتێک لە دەنگەکە دەگۆڕێت، بۆئەوەی جۆرە گونجانێک لەگەڵ دەنگی تردا پەیدابکات، بەتایبەتی لەگەڵ دەنگە کارتێکردوەکەدا، واتە گۆڕانەکە هەمو سیفەتی دەنگەکە ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا لە سـیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کـارتێکردوەکەدا یەک دەگرنەوە، بۆئەوەی دو دەنگە جیـاوازەکە لەیەکتر نزیک ببنەوە لە سیفەتی قەڵەوی یان گڕی یان کپی .... تاد(عەلی: ٢٠١٥: ١١٠).

هەشت + دە > هەژدە

دەست + گر > دەزگر

لێرەدا پرۆسەی توانەوەی ناتەواو ڕویداوە. بەو واتایەی، دەنگە گۆڕاوەکە لە ســـــیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کـارتێکردوەکە یەکتریـان گرتۆتەوە، کە ســــیفەتی دەنگدارییە.

## ٣-٥-٢-٢: کرتان Reduction

پرۆسـەیەکە کاتێک ڕودەدات یەک یەکەی فۆنێمی دەسڕێتەوە لە زنجیرەی قسە یان گوتن(Jensen: 2004: 57). جیاوازی لەگەڵ بڕگە کەمکردنەوە ئەوەیە، کە لەناو شـــــریتی دەنگی بڕگەیەک کەم ناکەینەوە، بەڵکو دەنگێک لەناو بڕگەیەک لادەبەین، واتە لێرەدا تەنها دەنگێک لادەبرێت و دەرنابڕدرێت. پڕۆســــەیەکە، کە

تێیدا دەنگێکی فۆنەتیکی لە شێوە فۆنەتیکیەکە لادەبردرێت لە بارودۆخیکی دیاریکراودا بۆ ئاسانی قسەکردن.

(Lass) پێشنیاری ئەوەی کردوە، کە سێ جۆری جیاواز لە کەمکردنەوە هەیە(Lass: 1984:186)، ئەوانیش:

١_ لابردنی دەنگێک لە سەرەتای وشە Aphaeresis، **بە نمونە**:

هۆشیار > وشیار

هوروژان > وروژان

هوڕ > وڕ

هورد > ورد

٢_ لابردنی دەنگێک لە ناوەڕاستی وشە Syncope، **بە نمونە**:

فرۆشتن > فرۆتن

کوردایەتی > کورداتی

بردن > برن

مردن > مرن

کردن > کرن

٣_ لەدەستدانی دەنگی کۆتایی، کورتکردنەوەی وشە بە قوتدانی دوا دەنگApocopate ، وەک:

مرۆڤ > مرۆ

مێرد > مێر

زەرد > زەر

تاریک > تاری

بە واتایەکی تر، هەندێجار دەنگی پێشەوەی وشەکە لەناودەچێت، هەندێجاریش دەنگی ناوەڕاست و جاری واش هەیە دەنگی دواوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەناوچونی دەنگی دواوە دیاردەیەکی تەواو بڵاوە و بەتایبەتی لە زاری سلێمانیدا دەردەکەوێت (کاک --- کا، دەست ---دەس، شێخ --- شێ .... هتد)(فەتاح: ٢٠١١: ١٢٠).

هەروەها ئەم دیاردەیە لە قسەکردنی منداڵدا دەبینرێت، کە پەیوەندی هەیە بە دەسەڵاتنەشکاندنەوەی منداڵ بەسەر ماسولکەکانی ئۆرگانەکانی ئاخاوتندا، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی هەندێ فۆنێمدا، لەوانە (/ن/، /پ/، /ر/، /ڕ/، /ڵ/، /س/، /د/، /چ/). وەک:

| | | | |
|---|---|---|---|
| جانتا | > | جاتا | |
| کۆمپیتەر | > | کۆمیتەر | |
| کڵاو | > | کاو | |
| ڕۆشت | > | ۆشت | |
| خورما | > | خوما | |
| مقەست | > | مقەت | (خەلیل: ٢٠١٣: ١٣٧) |

### ٣-٥-٢-٣: بڕگە کەمکردنەوە Syllable Reduction

بریتییە لە سڕینەوەی بڕگەیەک لە وشەیەک، کە دو بڕگە یان زیاتر لەخۆدەگرێت، کورتکردنەوەکە بەزۆری لە بڕگە بێسترێسەکەدا دەبێت. کەواتە "لێرەدا یەکێک لە بڕگەکانی وشەیەک لەناودەچێت یان دەکرتێت"(فەتاح: ٢٠١١: ١٢٠).

دەتوانین بڵێین برگە کەمکردنەوە، کورتکردنەوەی وشـــە فرە برگەکانە، زۆرتر لەلای منداڵ یان لای ئەو کەسـانەی بەخێرایی قسـە دەکەن دەردەکەوێت، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| قوتابخانە | > | تابخانە |
| پەپولە | > | پولە |
| تەماتە | > | ماتە |

منداڵان ئەمە دەکەن چونکە توانایان نییە بۆ ڕێکخسـتن و بەکارهێنانی لێو و ددان و زمان و مەڵاشـو و شـەویلگەیان بەیەکەوە بۆ قسـەکردنێکی ڕون. لێرەدا لە هەر یەکێک لەم وشـــانەدا برگەیەک کەمکراوەتەوە و کرتـاوە، هەریەک لەم برگانەش بێ سـترێسـن، لە مێشـکدا وشـەکە هەر هەمان فۆڕمی سـەرەتای هەیە بەڵام لە نواندنە ڕوکەشەکەدا بێهێزکردنەکە ڕویداوە.

### ٣-٥-٢-٤: جێگۆڕکێی دەنگ Metathesis

پرۆسـەیەکی فۆنۆلۆژییە، کە ڕیزبەندی فۆنێمەکان دەگۆڕێت( Obied: 2016: 174). بە واتایەکی تر، جێگۆڕکێ پرۆسـەیەکە، کە ڕیزی زنجیرەیەکی یەکە دەنگییەکان دەگۆڕێت، ئەم پرۆسـەیە زۆربەی جار لە زنجیرەی دەنگەکاندا ئەنجام دەدرێت، کە دەربڕینی بەم شـێوەیە ئاسـانترە. هەر بەم هۆکارەوە جێگۆڕکێ زۆربەی جار لە قسـەی منداڵاندا دەبیسـرێت، چونکە منداڵان توانایان نییە هەمو ئەو زنجیرە کۆنسۆنانتانە بەدوای یەکتردا دەرببڕن، کە کەسانی گەورە دەریان دەبڕن(Ogradi and Others: 2001: 74). هەندێک جار دو کۆنسۆنانت لە تێکەڵبون لەگەڵ یەکتردا بەهۆی هـاونشـینییەوە جێگەی یەکتر دەگۆڕن، بە

شـــێوەیەک، کە کۆنســـۆنـانتی پێشـــین جێگەی کۆنســـۆنـانتە دوەمەکە دەگرێت(حق‌شناس: ١٣٨٠: ١٥٦).

لەم دیاردەیەدا دو دەنگ یان دو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە. هەندێجار وشـەکە بە هەردو شـێوەکەی لە یەک زاردا دەبینرێن، هەندێجاریش هەر شـێوەی لە زارێکدا دەردەکەوێت و بەکاردێت، **بە نمونە:**

١_ لەنێوان دو زاردا:

تەرزە (سلێمانی)، تەزرە (هەولێر)

بەفر (سلێمانی)، بەرف (زارەکانی سەرو)

٢_ لەناو هەمان زاردا:

ڕفین، فڕین

ڕوانین، نواڕین

هەندێ جێگۆڕکێ پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاسـتی ڕۆشـنبیریەوە هەیە و شـێوەیەکی وشـەکە مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتییە، بە نمونە، شـێوەیەک لەم فۆڕمانەی خوارەوە لە قسەی نەخوێندەواردا زیاتر دەردەکەوێت:

| خوێندەوار | | نەخوێندەوار | |
|---|---|---|---|
| جومعە | > | جوعمە | |
| ڕوبع | > | ڕوعب | |
| لەعنەت | > | نەعلەت | (فەتاح: ٢٠١١: ١٢٢) |

هەروەها ئەم پرۆسـەیە زۆربەی جار لە قسـەکردنی منداڵاندا دەبینرێت، **بە نمونە:**

پشیله > شپیله

تەکسی > تەسکی

کوشتی > توشکی

لێرەدا دەتوانین بڵێین دەنگە خشۆکەکان و کپەکان ئاسانتر دەردەبڕدرێن، وەک لە دەنگە تەقیو و گڕەکان، هەر لەبەرئەوەش کاتێک جێگۆڕکێ بە دەنگەکان دەکرێت دەنگە خشـــۆک و کپەکان دێنە پێشـــەوە، واتە دەنگە تەقیو و گڕەکان گۆڕاون بە دەنگی خشـــۆک و کپ، ئەمەش بوەتە هۆی دروســـتبونی پرۆســـەی لاوازکردن، چونکە ئەم دەنگانە بە هێزی ماسولکەکان و هێزی هاناسەدانی کەمتر بەرهەم دەهێنرێن، لە گۆکردنیاندا هێزی ماسولکەکان و تەوژمی هەوا لاواز دەبن.

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین، کە بە شـــێوەیەکی گشـــتی فۆنۆلۆژیی لە ڕێگەی پرۆســـەکانەوە بەرجەســـتە دەکرێت، نەک یاســـاکان، چونکە یاســـاکان ئەبســـتراکتن لە ئاســـتی قوڵدان، پرۆســـەکان لە چالاکیدا بەرجەســـتەدەبن، واتە پرۆســـەکان لە ئاســـتی ڕوکەشـــدا دەردەکەون لەکاتی گوتندا، بەڵام یاســـاکان لە توانستدان. پرۆسەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر جیاوازن.

# بەشی چوارەم: جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا

# بەشی چوارەم

# جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا

## ٤-١ : زاراوە و چەمکی جوت دەنگیی

ئەم دیاردەیە لە زمانە جیاوازەکاندا زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتوە، بەڵام هەموویان یەک مەبەســـت دەگەیەنن، کە ئەویش هاتنی دو فۆنێمی چونییەکە لەتەنیشـــــت یەکتر. بە نمونە، لە زمـانی ئینگلیزیـدا (Crystal) زاراوەی (Gemination)ی بەکـارهێنـاوە(Crystal: 2008: 206). لە زمـانی عەرەبیـدا زاراوەی (تشـدید) لەلایەن (الغامدی) بەکارهێنراوە(الغامدی: ٢٠٠١: ٧٥). لە زمانی فارســیشــدا بەهەمان شــێوەی زمانی عەرەبی (کامبوزیا) زاراوەی (تشــدید)ی بەکارهێنـاوە (کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣١٦). لە زمـانی کوردیدا کۆمەڵێک زاراوەی جیا جیـا بۆ ئەم مەبەســـتە بەکـارهـاتون، لەوانە: زاراوەکـانی (دەنگی دوبـارەکراوە، دوبـارەکردن)، لەلایەن (عەلی) بەکارهـاتون(عەلی: ٢٠٠٥: ٧٢). زاراوەکانی (جوت دەنگیی، جوت کۆنســـۆنانتی)، لەلایەن (مەحویی) بەکارهاتون(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ١٧١). زاراوەی (دوبـــارەکـــردنەوەی دەنـــگ)، لەلایەن (ئـیـســــــمـاعـیـل) بەکارهاتوە(ئیســـماعیل: ٢٠٠٩: ١١٢). زاراوەکانی (گیرە، دولایی)، لەلایەن (ژاکاو) بەکـارهـاتون(ژاکـاو: ١٣٩٩: ١٣٨). کەواتە زیـاتر لە زاراوەیەک بۆ ئەم دیـاردەیە بەکـارهـاتون، بەڵام ئێمە زاراوەی (جوت دەنگیی) بە پەســـەنـد دەزانین و لەم توێژینەوەیەمـاندا بەکـاری دەهێنین، چونکە هەردو فۆنێمەکە هەمـان شـــێوەن و لەتەنیشت یەکتردا دەردەکەون.

جوت دەنگیی پرۆســـەیەکی فۆنۆلۆژییە، کە لەهەنـدێ لە زمـانەکـانـدا بەرچـاودەکەوێت، لەوانە: زمـانی ئینگلیزی، زمـانی ئیتـالی، عەرەبی و فـارســـی،

...هتد(کامبوزیا و تاجآبادی: ۱۳۹۱: ۱۲۸). بێگومان زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی، کە جوت دەنگیی تێدا دەبینرێت، واتە ئەم دیاردەیەی تیادا بەرچاودەکەوێت.

چەمکی جوت دەنگیی، بەوە دەناسرێت، کە "بریتییە لە دیاردەی بەجوتکردنی ژمارەیەک لە فۆنێمەکان، بەتایبەتی کۆنسۆنانتەکان، لە جێگای دیاریکراو لەناو وشە یان لە سنوری وشەکان لەناو گرێ یان ڕستەکان"(Mubarak and Jebur: 2018: 29). بەو واتایەی، هاتن و دوبارەبونەوەی ژمارەیەک لە کۆنسۆنانتەکانە لەتەنیشت یەکتر، چونکە مەرج نییە هەمو فۆنێمەکان ئەم دیاردەیە دروست بکەن، لە شوێنی دیاریکراو واتە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشە، لەناو وشە یان لە سنوری وشەکان، واتە یان لەناو بنچینەی وشەیەک یاخود لە سنوری دو وشە یان دو مۆرفیم، دروستدەبێت.

لە فەرهەنگدا وشەی جوت دەنگیی پێناسەکراوە بە "جوت کۆنسۆنانت" و ناوی جوت دەنگیی بە دوهێندەکردنی پیتێک لەناو ئۆرتۆگرافی، هاتوە( Murray: 1933: 98). لە زمانەوانیشدا جوت دەنگیی پێناسەکراوە بە "بەدواییەکداهاتنی دو دەنگی چونییەک لە یەک مۆرفیمدا"(Crystal: 2008: 206). ئەم پێناسەیە تایبەتە بە جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان، چونکە لە تاکە مۆرفیمێکدا دێن، بەڵام جوت دەنگییە ڕۆنانییەکان لە دو مۆرفیم یان دو وشەدا دێن. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین چەمکی جوت دەنگیی، بەزۆری لەڕوی بەدواییەکداهاتنی دو کۆنسۆنانتی چونییەک لە مۆرفیمێک یان زیاتر، پێناسە دەکرێت.

## ٤-٢: پێداچونەوە بە هەندێک لە کارەکانی پێشو لەبارەی چەمکی جوت دەنگیی

ئامانج لەم پێداچونەوەیە ئاشنابون و زانینی ڕای زمانەوانانی ترە چ لەناو زمانی کوردیدابێت یان زمانانی تر. لێرەدا ڕای زمانەوانانمان خستۆتەڕو دەربارەی چەمکی جوت دەنگیی و ئاماژە بە ڕای زمانەوانان دەکەین دەربارەی ئەم دیاردەیە، کە ئایا ئەوان چۆن لەم دیاردەیەیان ڕوانیوە، چۆن پێناسەیان کردوە، لە چ ڕوانگەیەکەوە لێیان کۆڵیوەتەوە و تا چەند کۆکن لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی جوت دەنگیی.

### ٤-٢-١: لە زمانی کوردیدا

ئەو کارانەی دەربارەی چەمکی جوت دەنگیی کراون لە زمانی کوردیدا ئەمانەن:

(Fattah) لەبارەی جوت دەنگیی دەڵێت:"جوت دەنگیی کۆنسۆنانت وەک هێشوە چونییەک ڕەچاودەکرێت، کە لە سنوری بڕگەدا درێژدەبێتەوە، یەکەم ئەندام لە هێشوە چونییەکەکە(یەکەم کۆنسۆنانت) لە کۆدای بڕگەی یەکەم، دوەم ئەندام لە هێشوە چونییەکەکە(دوەم کۆنسۆنانت) لە ئۆنسێتی بڕگەی دوەمدا دێت"(Fattah: 1997: 43). لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە جوت دەنگییەکان هەریەکەیان لە بڕگەی جیاوازدا دێن، یەکێکیان کۆتایی بڕگەی یەکەم و ئەوی تریان سەرەتای بڕگەی دوەم، دەگرێت. دەتوانین بڵێین ئەم پێناسەیە لەگەڵ جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی یەکدەگرێتەوە، چونکە جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی دەبن بە دو بەشەوە و هەریەکەیان دەکەونە بڕگەی جیاوازەوە، بە نمونە وشەی (قولله) /qul.lə/، وەک دەبینین هەریەکەیان لە بڕگەی جیاوازدا هاتون، یەکەمیان لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و دوەمیان لە سەرەتای بڕگەی دوەمدا هاتوە.

لەلایەکی ترەوە (عەلی) زاراوەی (دەنگی دوبارەکراوە) و (دوبارەکردن)ی بەکارهێناوە و لە باســـــکردنی ئەودا دەڵێت ئەم زاراوەیە بۆ ئەم مەبەســــتانە بەکاردێت:

١_ دوبارەکردنەوەی دەنگێک دوا بەدوای یەک لە وشـەیەکدا، وەک دەنگی (ل) لە وشەی (میللەت)دا.

٢_ درێژکردنەوەی مـاوەی بەنـدکردنی دەنگێـک ئەگەر هـاتو دەنگەکە گیربو(عەلی: ٢٠٠٥، ٧٢).

ئەم پێنـاســــەیە لە دو ڕوانگەوە لە جوت دەنگیی دەڕوانێـت، ئەوانیش بەدواییەکداهاتنی دو فۆنێمی چونییەک لەتەنیشــــت یەکتر، هەروەها دانانی جوت دەنگیی بە فۆنێمێکی درێژکراوە. لەڕاســــتیدا ڕوانگەی یەکەم لەگەڵ جوت دەنگییە بنەڕەتییەکانی زمانی کوردیی دەگونجێت، چونکە لە زمانی کوردیدا جوت دەنگیی بنەڕەتی بەدواییەکداهاتنی دو فۆنێمی چونییەکە لەتەنیشـت یەکتر لە یەک وشــەدا و هـاتنیـان لە دو بڕگەی جیـاوازدا، بەڵام فۆنێمی درێژکراوە جیاوازە لە جوت دەنگیی، تاکە فۆنێمێکە و لە تاکە بڕگەیەکدا دێت و دابەش نابێت بەســــەر دو بڕگەدا.

(مەحویی) زاراوەی (جوت دەنگیی) و (جوت کۆنســۆنانتی) بەکارهێناوە و بەم شـێوەیە پێناسـەی کردوە: "جوت دەنگیی یان جوت_کۆنسـۆنانتی لە وشـەی وەک /کولە، گولە، ســـــونە/ {Kulle}، {gulle}، {sunne}دا دەبیســــترێن، کە هەریەکەیـان لەنێوان دو بڕگەدایە. بڕگەی یەکەمی بەبێ قورســــاییە و بڕگەی دوهەمی قورسایی لەسەرە. بە واتا، کە لەم چەشنە دەقەدا زرنگدەرەوەیەکی لایی lateral sonorance یان لوتیی پوکیی alveolar nasal دەبێت ئەوتۆماتیکیی جوت_دەنگیی دەرببڕدرێت."(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ١٧١). پێوەری ســــەرەکی بۆ

جوت دەنگیی لەم پێناســـەیەدا ئەوەیە، کە جوت دەنگیی تەنها کۆنســـۆنانتەکان دەگرێتەوە و ڤاوڵەکان بەشداری لەم پرۆسەیەدا ناکەن. بە واتایەکی تر، ڤاوڵەکان نـاتوانن ببن بە جوت دەنگی، هەروەهـا بەدواییەکـداهـاتنی دو کۆنســـۆنـانتی چونییەکە، نەک تاکە کۆنسۆنانتێکی درێژکراوە، ئەم جوت کۆنسۆنانتەش دەکەونە دو بڕگەی جیـاواز لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە یەکەم کۆنســـۆنـانت لە بڕگەی یەکەمی جوت دەنگیدا بێ هێزە و دوەم کۆنسـۆنانت هەڵگری هێزە. دەکرێت بڵێین ئەم پێناســـەیە بە تەواوی لەگەڵ جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی یەکدەگرێتەوە، بەهۆی ئەوەی بـاس لە هـاتنی جوت دەنگییەکـان دەکـات لە بڕگەی جیـاوازدا، هەروەها ئاماژەکردن بە جوت کۆنســـۆنانتی ئاماژەیە بۆئەوەی کە ڤاوڵەکان ئەم پرۆســـەیە پێکناهێنن، لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیشـــدا ڕێگە بە هاتنی دو ڤاوڵ نـادرێت لەتەنیشـــت یەکتر، کـاتێک دو ڤـاوڵ دەکەونە لای یەکتر یـان نیمچە کۆنســـۆنانتێک دەکەوێتە نێوانیان یان ڤاوڵێکیان تێدەچێت. خاڵی جیاوازی ئەم پێناســـەیە لەگەڵ پێناســـەی پێشـــوتر، دانانی جوت دەنگیی بە دو کۆنســـۆنانتی چونییەک نەک کۆنسـۆنانتێکی درێژکراوە، چونکە لە پێناسەی پێشوتردا لە یەکێک لە ڕوانگەکانیدا ئاماژە کراوە بە دانانی جوت دەنگیی بە کۆنسۆنانتێکی درێژکراوە.

(ئیســـماعیل) زاراوەی (دوبـارەکردنەوەی دەنگی)ی بەکـارهێنـاوە و لە باســـکردنی ئەم دیاردەیەدا دەڵێت: "زۆرجار هاتنی جوتە دەنگێکی کۆنســـنانت یا ڤاوڵ لە ناوەڕاستی وشـە، سـەرلێشـێواندنێک دروسـتدەکات، کاتێک بڕگەکانی ئەم وشـــەیە شـــیدەکەینەوە و ســـنوریان بۆ دیاریدەکەین، بەوەی کە چەند ئەگەرێک دێتەئاراوە. بەڵام کاتێک ئەم جوتە دەنگە دوبارەکردنەوەی هەمان کۆنســـۆنانت یان ڤاوڵ بێت، ئەوکات دابەشـــکردنی بۆ بڕگەکان ئاســـان دەبێت."( ئیســـماعیل: ٢٠٠٩: ١١٢). پێوەرەی ســـەرەکی بۆ جوت دەنگیی لەم پێناســـەیەدا هاتنی دو

کۆنسۆنانت یان دو ڤاوڵە لە ناوەڕاستی وشە، هەروەها ئاماژە بە هاتنی ئەم جوت کۆنسۆنانتە یان ڤاوڵە لە بڕگەی جیاوازدا، دەکات. لەڕاستیدا هاتنی جوت دەنگییەکان لە ناوەڕاستی وشە و لە دو بڕگەی جیاوازدا، لەگەڵ جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی یەکدەگرێتەوە، چونکە تەواوی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی دەکەونە جێکەوتەی ناوەڕاستی وشە و هەریەکەیان لە بڕگەی جیاوازدا دێن، بەڵام ناوهێنانی جوت دەنگیی ڤاوڵ لەگەڵ جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی یەکناگرێتەوە، چونکە هەروەک پێشوتر ئاماژەمان پێکرد لە زمانی کوردیدا دو ڤاوڵ لەتەنیشت یەکتر نایەن.

(ژاکاو) دو زاراوەی(گیرە، دولایی) بۆ جوت دەنگیی بەکارهێناوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: "دیاردەیەکە وەکو لێڵیەکی ڕێنوس هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، بەشێوەی دوجار نوسینەوەی پیتێک دەردەکەوێت."(ژاکاو: ١٣٩٩: ١٣٨). لێرەدا مەبەست لە لێڵی ڕێنوس ڕەفتاری جیاوازی جوت دەنگییەکانە لە زمانە جیاوازەکاندا لە ئۆرتۆگرافیدا، چونکە لە هەندێ زماندا و لای هەندێ زمانەوان جوت دەنگییەکان بە فۆنێمێکی درێژکراوە دادەنرێن نەک دو فۆنێمی چونییەک، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە لە ڕێنوسدا، چونکە جوت دەنگییەکان لەلایەکەوە هەریەکەیان دەکەونە بڕگەی جیاواز، لەلایەکی تریشەوە بەشی یەکەمی جوت دەنگیی بێ هێزە و بەشی دوەمیشی هەڵگری هێزە، بەمەش ناکرێت بە فۆنێمێکی درێژکراوە هەژماربکرێن.

### ٤-٢-٢: لە زمانی فارسیدا

بەشێک لەم کارانەی، کە دەربارەی چەمکی جوت دەنگیی کراون لە زمانی فارسیدا، ئەمانەن:

(کامبوزیا) لەبارەی جوت دەنگییەوە دەڵێت: بریتییە لە دوبارەکردنەوەی کۆنسـۆنانتێک، کە ئەم پرۆسـەیە لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە تشـدید(جوت دەنگیی) پێدەوترێت. لە هەندێ لە زمانەکاندا لە نوسـیندا بە دوبارەکردنەوەی پیتە کۆنسـۆنانتەکە نیشـاندەدرێت، بەڵام لە زمانی فارسـی و عەرەبیدا یەکێک لە دو شێوازی پیتی کۆنسۆنانتەکە دەنوسرێت، نیشانەی تشدید(جوت دەنگیی) واتە ( ّ ) لەسـەر پیتەکە دادەنرێت، کە لەم حاڵەتەدا بەو پیتە دەوترێت شـەددەدار و لەکاتی بەرهەمهێنانیدا بە ئەندازەی دو کۆنسـۆنانت درێژ دەکرێتەوە(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣١٦). لە ڕوانگەی ئەم پێناسـەیەی (کـامبوزیـا)وە جوت دەنگیی بریتییە لە دوبارەکردنەوەی کۆنسـۆنانتێک و ناوهێنانی جوت دەنگییەکان لە زمانی فارسـیدا بە (تشدید)، هەروەها ئاماژە بە چۆنیەتی نوسینی جوت دەنگییەکان دەکات بەوەی کە لە هەندێ لە زمانەکاندا بە شێوەی دو پیت دەنوسرێن، بەڵام لە زمانی فارسی و عەرەبیدا یەک پیت دەنوسرێت و هێمای ( ّ ) لەسەر دادەنرێت.

(نەجفی) لە بەشـێک لە کتێبەکەی خۆیدا باسـی جوت دەنگیی کردوە و لە پێناسەی ئەو دیاردەیەدا نوسیویەتی: "لە زمانناسیدا بە جوت دەنگیی دەڵێن جوت دەنگیی هـاوشـێوە. لەبەرئەوەی ڤاوڵی جوت بونی نییە، ئەم دیاردەیە تەنها لە چوارچێوەی کۆنسـۆنـانتەکـانـدا ڕودەدات، کەواتە بـاشـتر وایە کە ئەوە بە کۆنسۆنانتی دوبارە بزانین. کۆنسۆنانتی دوبارە لە هەندێ شوێندا لابردنی دەبێتە هۆی نادیاری واتای دو وشـەی جۆراوجۆر و لە هەندێ شـوێنیشـدا بەکارهێنانی دڵخوازانەیە"(نجفی: ١٣٥٨: ٧٩). لە ڕوانگەی ئەم پێنـاسـەیەوە جوت دەنگیی ئاماژەیە بۆ بونی دو فۆنێمی هاوشـێوە و چونییەک، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم دیاردەیە لە سـنوری کۆنسـۆنانتەکان کاردەکات و ڤاوڵەکان ناگرێتەوە، بۆیە جوت دەنگیی بە کۆنسۆنانتێکی دوبارە دەزانێت. هەروەها ئاماژە


بەوە دەکات لە هەندێ شـوێندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و لە هەندێ شـوێنیشـدا واتا ناگۆڕێت و بەکارهێنانی ئازادانەیە. لەڕاسـتیدا ئەم پێناسـەیەش لەگەڵ جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی دەگونجێت، چونکە لە زمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە تەنها سـەبارەت بە کۆنسـۆنانتەکان ڕودەدات و ڤاوڵی جوت نییە، هەروەها وەک پێشتر ئاماژەشمان پێدا، جوت دەنگیی هاتنی دو کۆنسۆنانتی چونییەکە لەتەنیشت یەکتر، لەلایەکی تریشـەوە لە هەندێ شـوێندا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا بەتایبەتی لە جوت دەنگیی بنەڕەتی، بە نمونە وشـەی (ڕەققە) ئەگەر یەکێـک لە جوت دەنگییەکان لاببەین دەبێتە (ڕەقە)، یەکەم وشە، کە جوت دەنگیی تێدا ڕەچاوکراوە، بە واتای دەنگی شتێک دێت کە رەققەی بێت. لە دوەم وشـەدا، کە یەکێک لە جوت دەنگییەکان لادراوە، بە واتای سیفەتی ڕەقیی دێت، واتە شتێک ڕەق بێت.

(کامیار) دەڵێت:

هەرکات دو پیتی وەک یەک لەتەنیش یەکتردا دابنرێن بە شـێوازێک، کە یەکەم دانە نەجوڵاو(سـاکن) و دوەم دانە جوڵاو(متحرک) بێت، بەمە دەوترێت جوت دەنگیی(کامیار: ١٣٧١: ٢٤). بەگوێرەی ئەم پێناسـەیەش جوت دەنگیی هاتنی دو فۆنێمی چونییەکە لەتەنیشـت یەکتر، لەلایەکی تریشـەوە بەشـی یەکەمی جوت دەنگییەکە بێ جوڵەیە، بەشی دوەمیش جوڵاوە.

(ثمرە) پرۆسـەی جوت دەنگیی لە جۆری (بەرهەمهێنانی ناتەواو)(تولید ناقص) دەزانێت. ئەو لەدوای ژماردنی سـێ لایەنەکانی قۆناغی بەرهەمهێنان واتە (ئامادەبون، وەسـتان و ئەنجام) دەیهێنێتەوەبیر، کە هەندێجار قۆناغی ئامادەبونی یەک دانە فۆنێم و قۆناغی ئەنجامی فۆنێمێکی تر پێکەوە تێکەڵ دەبن. لە ئەنجامدا پلەی وەسـتانی ئەم دو فۆنێمە بەیەکتر دەگەن و دەبێتە وەسـتانێکی درێژخایەن، کە زۆربەی جار بەرهەمی دو وەسـتانە. ئەم بابەتە تەنها لە چوارچێوەی

کۆنسۆنانتەکانەوە ڕودەدات، ئەویش کاتێک کە دو کۆنسۆنانتی یەکسان یا دو کۆنسۆنانت کە شوێنی بەرهەمهێنانیان یەکسانن، لەپاڵ یەکتر دادەنرێن. بەم دیاردەیە دەڵێین (بەرهەمهێنانی ناتەواو). (ثمره) نمونەی وشەی (لپّه) هێناوەتەوە و دەڵێت: بە نمونە لە وشەی /lappe/دا بۆ بەرهەمهێنانی ئەم دو /p/یە بە شێوازی تاک دانە، پێویستە دوجار لێوەکان دابخرێن و دیسانەوە ئازادبکرێت، بەڵام لە بواری دەنگییەوە تەنها یەکجار لێوەکان دادەخرێن. واتە قۆناغی ئامادەبونی p دوەم ڕەتدەبێتەوە، بەڵام ماوەی ڕاوەستانی لێوەکان لە حاڵەتی گرتندا زۆرترە لەو ماوەیەی، کە بۆ هەرکام لەوان بە تەنهایی پێویستە، واتە تاڕادەی دوئەوەندە. لە بواری بەرهەمهێنانەوە، ئەم دو /p/ یە بە بەرهەمهێنانێکی ناتەواو بەدیهاتون. دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە ئەم دو [p] یە دو ئەلۆفۆنی جیاواز لەگەڵ فۆنێمی /p/ هەژماردەکرێن. لە فۆنەتیکی کۆندا و هەروەها لە ڕێزمانی دێریندا بەم دیاردەیە دەڵێن جوت دەنگیی (ثمره: ١٣٩٥: ٤٥ _ ٤٦). بەگوێرەی ئەم پێناسەیە شێوازی دروستبونی جوت دەنگییەکان بەم شێوەیەیە:




**هێڵکاری ژمارە ٨ شێوەی دروستبونی جوت دەنگیی**

لێرەدا هاتنی گرتنی یەکەم و گرتنی دوەم لە خاڵی پێکەوەلکان یەکتریان گرتوە و بونەتە وەستانێکی درێژخایەن، کە بەرهەمی دو وەستانی کورتە،

بەمەش جوت دەنگییەکە دروســـــت بوە. لەلایەکی ترەوە جەخت لەســـــەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم دیاردەیە تەنها تایبەتە بە کۆنسۆنانتەکان، هاتنی دو کۆنسۆنانتی چونییەک یان بەدواییەکداهاتنی دو کۆنسۆنانتی هاوسازگەیە.

### ٤-٢-٣: لە زمانی ئینگلیزیدا

بەشێک لەو کارانەی، کە دەربارەی چەمکی جوت دەنگیی کراون لە زمانی ئینگلیزیدا، بریتیین لە:

بەگوێرەی (Roach) هاتنی دو دەنگی وەک یەک لەتەنیشـــــت یەکترەوە، ئاماژەیە بۆ جوت دەنگیی(Roach: 2002: 32). لەم پێناســـــەیەشـــــدا پێوەری سەرەکی بۆ جوت دەنگیی هاتنی دو فۆنێمی چونییەکە لەتەنیشت یەکتر.

(Crystal) دەڵێــت، کە "جوت دەنگیی زاراوەیەکە بەکــارهێنراوە لەنــاو فۆنەتیـک و فۆنۆلۆژیی بۆ زنجیرە دەنگێکی دیـاریکراوی چونییەک لەنـاو تـاکە مۆرفیمێکدا(Crystal: 2008: 206). بەگوێرەی (Crystal)یش جوت دەنگیی بە بەدواییەکداهاتنی دو فۆنێمی چونییەک دادەنێت لە تاکە وشـــــەیەکدا، کە ئەمەش بەهەمان شێوە پێناسەی جۆری جوت دەنگیی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت.

(Catford) لەبــارەی جــوت دەنگیی دەڵێــت: جۆرێکی تــایبەتی لە بەدواییەکداهاتنی کۆنســـۆنانتەکان بونی هەیە، کە وەک یەکەیەکی ســـەربەخۆ لە زمان بەکاردێت، ئەویش جوت دەنگییە، کە بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی دو دەنگی کۆنسـۆنانتی یەکسـان یان تاڕادەیەک یەکسـان، بە مەرجی ئەوەی کە لە سـنوری دو وشــــە یـا دو مۆرفیمـدا نەبێت(Catford: 2001: 106). بەو واتـایەی، لە ڕوانگەی ئەوەوە جوت دەنگیی بەدواییەکداهاتنی دو کۆنســۆنانتی چونییەکە، بەو مەرجەی کە لە سـنوری یەک وشـەدابێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێناسـەی جوت

دەنگیی بنەڕەتی دەگرێتەخۆ، چونکە ئەوان لە تاکە وشـــەیەکدا دێن و لە بنچینەی وشــەدا بونیان هەیە، نەک دروســتکراو بن و بەهۆی ڕۆنانەوە دروسـت بوبن بە یەکگرتنی دو مۆرفێم یان دو وشە.

(Davis) بەم شـــێوەیە بـاســـی جوت دەنگیی دەکـات و دەڵێـت: لە فۆنۆلۆژییدا جوت دەنگیی پێکهاتوە لە یەک کۆنسۆنانتی درێژکراوە یان دو دەنگی چونییەک (Davis: 2011: 837-859). پێوەری دیار لەم پێناســـەیەدا بۆ جوت دەنگیی لای ئەم زمانەوانە دانانی جوت دەنگییەکانە بە کۆنسۆنانتێکی درێژکراوە، پێوەرێکی تریش دانانیانە بە دو فۆنێمی چونییەک لەتەنیش یەکتر.

(ben hedia) دەڵـێـت: جـوت دەنـگـیـی بە دوبـارەکـردنەوەی یـان بەجوتکردنی کۆنسۆنانتێک دروستدەبێت، کە بە شێوەیەکی جیاواز دەردەبڕدرێن لە ماوەیەکی درێژتردا(ben hedia: 2019: 5). لە ڕوانگەی ئەم پێناسـەیەشـەوە جوت دەنگیی بریتییە لە دوبارەکردنەوەی فۆنێمێکی کۆنســـۆنانت، دەربڕینیان بە ماوەیەکی درێژتر بەراورد بە کاتی ئاسایی و بێ جوت دەنگیی.

**٤-٢-٤: لە زمانی عەرەبییدا**

بەشێک لەو کارانەی، کە دەربارەی چەمکی جوت دەنگیی کراون لە زمانی عەرەبییدا، بریتیین لە:

(Van Ess) جوت دەنگیی بە نیشــانەیەکی تایبەت (الشــدة عالمة)، کە لە ئۆرتۆگرافی عەرەبییدا بەکارهاتوە، پێناســـە دەکات. کە لەســـەر کۆنســـۆنانتێک دادەنرێت و ئاماژەیە بۆ پیشـــاندانی دو کۆنســـۆنانت. ئەو ئاماژە دەکات بە ناوی پێغەمبەر "موحەممەد" د.خ، بۆ ڕونکردنەوەی جوت دەنگیی( Van Ess: 1938: 5). لەم پێناســـەیەدا (Van Ess) باس لە شــێوازی نوســینی جوت دەنگییەکانی

زمانی عەرەبی دەکات لە ئۆرتۆگرافیدا، ئاماژە بە هێمای (شــدة) واتە( ّ ) دەکات، کە لەســـەر کۆنســـۆنانتە جوت دەنگییدارەکە دادەنرێت و نیشـــانەیەکە بۆ جوت دەنگیی بونی ئەم کۆنســـۆنانتە، یاخود نیشـــانەیە بۆ بونی دو کۆنســـۆنانتی چونییەک. هەروەها بەگوێرەی ئاماژەکردنی بە کۆنســۆنانت، بەلای ئەوەوە تەنها کۆنســـۆنانتەکان جوت دەنگیی دروســـت دەکەن و ڤاوڵەکان ناگرێتەوە، ئەو بە هێنانەوەی ناوی پێغەمبەر "موحەممەد" د.خ، جوت دەنگیی و ســـنورداریێتیان لە چوارچێوەی کۆنسۆنانتەکان، ڕوندەکاتەوە.

لەلایەکـی تـرەوە (Nasr) زاراوەی درێـژکـردنەوەی کـۆنســـۆنــانــت بەکاردەهێنێت و دەڵێت: درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانت لە قســـەکردنی عەرەبیدا فۆنێمیکە. ئەو درێژکردنەوە وەک ســیمای ســەگمێنتی کەرتی دادەنێت، نەک وەک یەکێکی سەرو سەگمێنتی. هەروەها دەڵێت جیاوازی نێوان جوت دەنگیی و ناجوت دەنگیی کۆنســـۆنانت ئەوەیە، کە لە یەکەم حاڵەتدا جوت دەنگیی کۆنســـۆنانت کاتێکی زۆر درێژتری دەوێت بۆ بەرهەمهێنان بەراورد بە ناجوت دەنگیی( :Nasr 210 :1960). خاڵی جیاوازی ئەم پێناسـەیە لەگەڵ پێناسـەی پێشـوتر ئەوەیە کە جوت دەنگیی بە درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانتێک دەزانێت نەک دو کۆنســـۆنانتی هاوشێوە، بەڵام خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە، کە هەردوکیان ئەم دیاردەیە سنوردار دەکەن بۆ کۆنسۆنانتەکان بەهۆی ئاماژەکردنیان بە زاراوەی جوت کۆنسۆنانتی. لەلایەکی ترەوە (Nasr) پێی وایە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە و تایبەتە بە سەگمێنە کەرتییەکان واتە (فۆنێمە کەرتییەکان)، نەک سەروسەگمێنتەکان(فۆنێمە ناکەرتییەکان)، واتە (هێز، ئاواز، ...).

بە جۆرێکی تر (Erwin) لە پێناســـەی جوت دەنگییدا دەڵێت: جیـاوازی نێوان کۆنســـۆنـانتی تـاک و هـاوتـا جوت دەنگییەکەی لە عەرەبیـدا، وەک

جیاکردنەوەی نێوان [b] و [p] لە ئینگلیزیدا، گرنگە، چونکە بەکارهێنانی جوت دەنگیی جیاکەرەوەیە. هەروەها دەڵێت جیاوازی لەنێوان جوت دەنگیی و ناجوت دەنگیی بەهۆی ڕێژەی ماوەکەیانەوە دروستدەبێت. لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات، کە جیاوازی نێوان کۆنسۆنانتی تاک و جوت دەنگیی کۆنسۆنانت هاوشێوەی نێوان ڤاوڵی کورت و درێژە(Erwin: 1969: 20). (Erwin) ئاماژە بە گرنگی ڕەچاوکردنی جوت دەنگیی دەدات و پێی وایە جوت دەنگیی جیاکەرەوەیە و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بە جیاوازی نێوان جوت دەنگییەکان و ناجوت دەنگییەکان دەکات و دەڵێت: جیاوازی نێوانیان بەهۆی ڕێژەی ماوەکەیانەوە دروستدەبێت، چونکە جوت دەنگییەکان ماوەی گرتنیان زیاترە بەراورد بە هاوتا تاک دەنگییەکەیان، پێش ئازادکردنی دەنگەکان.

بە جۆرێکی تر، (Hassan) بەم شێوەیە پێناسەی جوت دەنگیی دەکات و دەڵێت: جوت دەنگیی بریتییە لە درێژکردنەوەی دەنگە بەردەوامەکان(ئەو دەنگانەی کە دەتوانرێت درێژبکرێنەوە هەتا هەناسە لە سییەکاندا نامێنێ، بەبێ ئەوەی چۆنیەتی دەنگەکە بگۆڕدرێت)، هەروەها وەستانی هەناسە و لەپڕ دەرپەڕینی هەوا لە دەمەوە. ئەو جوت دەنگیی دابەش دەکات بۆ دو گروپ، ئەوانیش:

١_ جوت دەنگیی کۆنسۆنانت: جوت دەنگیی کۆنسۆنانت بە هێشوە چونییەک دادەنرێت. کاتێک سنوری بڕگە دیاریدەکرێت، یەکەم پێکهێنەری هێشوەکە لە کۆتایی بڕگەی پێشو و دوەم پێکهێنەر لە سەرەتای بڕگەی دواتردا دێت.

٢_ ڤاوڵە درێژەکان: دەکرێت ڤاوڵە درێژەکان بە هاوتای جوت دەنگییە کۆنسۆنانتەکان دابنرێن، وەک:

(Hassan: 1970:    [kaa tib]      [ka: tib]   (نوســـەر) کاتب
119_120).

جیاوازی ئەم پێناســـەیە لەگەڵ پێناســـەکانی پێشـــوتر ئەوەیە، کە بەلای ئەوەوە جوت دەنگیی تەنها تـایبەت نییە بە کۆنســـۆنـانتەکـان، بەڵکو ڤـاوڵە درێژەکانیش بە هاوتای جوت دەنگییەکان دادەنێت، بەگوێرەی ئەم پێناســـەیە لە زمانی عەرەبیدا جوت دەنگیی ڤاوڵیش ڕودەدات.

بە شـــێوەیەکی تر، جوت دەنگیی پێناســـەکراوە لەلایەن (الغامدی) وەک "دەربڕینی دەنگێک بە دوجار، یان دەربڕینی دەنگێک بە ماوەیەکی درێژ"(الغامدی: ٢٠٠١: ٧٥-٧٦).

هەروەهـا الغـامـدی دەڵێت: درێژی مـاوەی دەنگێک جیـاوازە بەگوێرەی شوێنیان لەناو وشـە و ژمارەی وشـەکان لەناو ڕستە، هەروەها خێرایی قسـەکەر، بەم شـــێوەیە جیـاوازی درێژی مـاوە لەنێوان جوت دەنگیی و تـاک دەنگیی دەدۆزرێتەوە، کاتێک ماوەی تاکە دەنگێک لەناو وشـــەیەک نیوەی ماوەی جوت دەنگەکە بو لەناو هەمان وشـــەدا(هەمان ســـەرچاوە: ١٣٢). الغامدی بەبێ ئەوەی ئاماژە بە کۆنســـۆنانت یان ڤاوڵەکان بکات، واتە بەبێ ئەوەی جوت دەنگییەکان ســـنوردار بکات بۆ کۆنســـۆنانتەکان یان ڤاوڵەکان، لە دو ڕوانگەوە لە جوت دەنگییەکانی ڕوانیوە، یەکەمیان دانانی جوت دەنگییەکان بە دو دەنگی چونییەک، دوەمیشـــیـان دانـانیـانە بە دەنگێکی درێژکراوە. هەروەهـا جیـاوازی نێوان جوت دەنگییەکـان و تـاک دەنگییەکـان دەکـات بە دەربڕینیـان بە دوئەوەندە بەراورد بە تاک دەنگییەکان.

(Khattab) بە جۆرێکی تر پێناسەی جوت دەنگیی دەکات و دەڵێت: جوت دەنگیی کۆنســـۆنـانت مـاوەی گرتنی درێژترە لە کۆنســـۆنـانتێکی کورت یـان

تاک(Khattab: 2007: 155). له ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە جوت دەنگییەکان دیاریکراون و تایبەتن بە کۆنسۆنانتەکان، بریتین لە درێژکردنەوەی ماوەی گرتنی کۆنسۆنانتێک بەراورد بە کۆنسۆنانتێکی تاک. بەم پێیە بەلای ئەوەوە جوت دەنگیی درێژکردنەوەی کۆنسۆنانتێکە، کە بەهۆی درێژکردنەوەی قۆناغی گرتنی کۆنسۆنانتێک دروستدەبێت.

لە ئەنجامی ئەم پێداچونەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە لێکچونێکی تەواو لەنێوان زمانەکاندا هەیە لەهەمبەر چەمک و سروشتی جوت دەنگیی، بەوەی کە بەگشتی جوت دەنگیی بە بەدواییەکداهاتنی دو کۆنسۆنانتی هاوشێوە دادەنێن.

## ٤-٣: پەیوەندی جوت دەنگیی و درێژکردنەوە

جوت دەنگیی و درێژکردنەوە سنوریان ئەوەندە تێکەڵ و هاوبەشە، کە زۆرجار جیاکردنەوە و هەڵاوێرکردنیان کارێکی قورسە، تەنانەت لای زمانەوانەکانیش زۆرجار ئەم تێکەڵییە دەبینرێت. ئەوەی کە ئێمە لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەمان پێی گەیشتوین، دو دیاردەی جیاوازن، بەڵام چەند خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە لێرەدا بە پشتبەستن بە ڕای چەند زمانەوانێک هەوڵ دەدەین ئەمە ڕون بکەینەوە.

هەندێ لە زمانناسان جوت دەنگیی بە بەدواییەکداهاتنی دو کۆنسۆنانتی چونییەک و هەندێکیش بە درێژکردنەوەی باری وتن، پێناسەی دەکەن. بەگوێرەی (Robins) کۆنسۆنانتەکان دەتوانرێت درێژبکرێنەوە، یان ببن بە جوت دەنگیی، کاتێک ڕێگە دەگیرێت لە ئازادکردنی کۆنسۆنانتەکە بۆ ماوەیەک بە بەراورد لەکاتی ئاسایی(Robins: 1964: 80).

زۆرێــک لە توێژەران جیــاوازییــان کردوە لەنێوان جوت دەنگیی و درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانت و دەڵێن جوت دەنگیی درێژ دەبێتەوە بەســــەر دو بڕگەدا، زاراوەی جوت دەنگییش پشـــتیوانی ئەم ڕوانگەیە دەکات. لەم بارەیەوە (Roach) دەڵێت: کێشــــە لە بیرۆکەی جوت دەنگییدا ئەوەیە، کە زۆرجار هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ناسینەوە و درک پێکردنی سنوری فیزیکی نێوان جوت دەنگیی و بیســتنی دەنگێک بە ســادەیی، کە درێژییەکەی زیاتربێت وەک لە تاکە دەنگێکی ئاسایی(Roach: 2002: 32).

لەلایەکـی تـرەوە (Lehiste et al) دەڵـێـن: دو بـۆچـونـی جـیــاواز پێشـــکەشـــکراون بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرســـیارەی، کە ئایا جیاوازی لەنێوان کۆسۆنانتی درێژکراوە و جوت دەنگیی هەیە یاخود نا. یەکەمیان بانگەشەی ئەوە دەکات، کە جوت دەنگییە کۆنســـۆنانتەکان جیاوازییان هەیە لەگەڵ کۆنســـۆنانتە درێژەکان، کە ئەویش وتن و دەربڕینیانە بە دو قۆناغ. یەکێکیان لە کۆتایی بڕگەی ســــەرەتادا دێت، لە کاتێکدا دوەم دانە لە ســــەرەتای بڕگەی دواتردا دێت. دوەم بۆچون وەک یەک مامەڵە لەگەڵ جوت دەنگیی کۆنســـۆنانت و کۆنســـۆنانتی درێژکراوە دەکات و نکۆڵی لە بونی دو قۆناغ دەکات( Lehiste et al: 1973: 131).

**کەواتە ڕای جیاواز هەیە لەسەر چەمک و پێناسەی ئەم پرۆسەیە، دەکرێت ئەم ڕا جیاوازانە بکەین بە دو گروپەوە، بەم شێوەیە:**

١-گروپی یەکەم: ئەوانەی درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانت و جوت دەنگیی وەکو یەک دادەنێن، لایان وایە جوت دەنگیی درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانتەکانە، لەوانە:


(حق‌شـــناس) ئەم دیاردەیەی بە درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانت داناوە، **بە نمونە** دو [p]یان لە وشـــەی (لپَە)[lappe]، یەک [p]ی درێژکراو هەژمارکردوە، بەم شـــێوەیە ڕۆڵی بەرانبەری بۆ درێژکردنەوە لە کۆنســـۆنانتەکاندا داناوە، واتە زاراوەی درێـژکـردنەوەی کـۆنســـــۆنـانـتـی بەرانـبەر بە جـوت دەنـگـیـی بەکارهێناوە(حق‌شناس: ١٣٨٠: ١١٦_١١٧). واتە بەگوێرەی تێڕوانینی(حق‌شناس) جوت دەنگیی، فۆنێمێکە درێژ دەکرێتەوە و ئەم پرۆسەیە دروست دەکات نەک دو فۆنێمی چونییەکی بەدواییەکداهاتوبێت.

هەروەها (Carr) زاراوەی جوت دەنگی بەوە دەناسێنێت، کە "پرۆسەیەکە بەهۆیەوە تاک، ناجوت دەنگ یان کۆنســـۆنانتێک توشـــی درێژبونەوە دەبێت و دەبێتە جوت دەنگیی"(Carr: 2008: 62). واتە لە ڕوانگەی (Carr)ەوە جوت دەنگیی فۆنێمێکی تاک یان ناجوت دەنگ یان کۆنســۆنانتێکە درێژ دەبێتەوە و ئەم دیاردەیە دروستدەکات.

(Keating)یش جوت دەنگیی بە درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانت دادەنێت و دەڵێت: "کۆنسۆنانتەکان دەتوانرێت درێژبکرێنەوە لە هەر شوێنێکی بڕگە بێت یان وشـــە یان دەســـتەواژە. ئەمە دوپاتکراوەتەوە بۆ چەندین زمانی جیاواز، بۆ نمونە کۆنسۆنانتەکان لە سەرەتای وشەدا یان لە کۆتایی وشەدا زیاتر درێژ دەبنەوە لە هەندێ زماندا، لە هەندێ زمانی تریشدا بە پێچەوانەوە لە ناوەڕاستەوە زیاتر دێن یاخود درێژ دەبنەوە"(Keating: 2006: 169). واتە بەگوێرەی (Keating)یش جوت دەنگیی بریتییە لە درێژکردنەوەی کۆنســـۆنانتێک، هاتنیان لە جێکەوتەی جیاوازی وشـــە(جێکەوتەی ســـەرەتای وشـــە، جێکەوتەی ناوەڕاســـتی وشـــە و جێکەوتەی کۆتایی وشە)، بەگوێرەی پێکهاتەی بڕگەی هەر زمانێک.

هەروەها بەپێی نوســـینەکانی لدفوگد و مدیســـن (Ladefoged & Maddieson: 1996: 91-92)، لە زمــانە جۆراوجۆرەکــانــدا بڕگە جوت دەنگەکان، واتە ئەو بڕگانەی کە جوت دەنگییان تێدایە، یەک و نیو تا سێ ئەوەندە درێژترن لەچاو هەمان جۆری خۆیان بەبێ جوت دەنگیی، لەســـەر ئەم بنەمایە لە ڕوانگەی فۆنەتیکییەوە، کۆنسۆنانتی جوت دەنگ کۆنسۆنانتێکی درێژکراوەیە. بەم شـێوەیە، لدفوگد و مدیسـن (Ladefoged & Maddieson) بەهەمان شـێوەی ئەوانەی پێشـــوتر وەک کۆنســـۆنانتی درێژکراوە مامەڵە لەگەڵ جوت دەنگییدا دەکەن، هەروەها بە بۆچونی ئەوان جوت دەنگییەکان لە تاکە بڕگەیەکدان و ئەو بڕگە جوت دەنگییدارانە بە بەراورد بەهەمان جۆری خۆیان بەبێ جوت دەنگیی، درێژترن. بەم پێیە، درێژکردنەوەی کۆنسـۆنانت بەم شـێوەیە پێناسـە دەکرێت، کە یەک دانە کۆنســۆنانت بەهۆی درێژکردنەوەی قۆناغی گرتن[1] دروســـتدەبێت. لە هێڵکاری ژمارە(٩) و (١٠) کۆنســـۆنانتی درێژکراوە و کۆنســـۆنانتی تاکی بێ درێژکردنەوە دەخەینەڕو(جم: ١٣٩٤: ١٨_١٩):

١_ کۆنسۆنانتی درێژکراوە:





**هێڵکاری ژمارە ٩ کۆنسۆنانتی درێژکراوە**

---

[1] (قۆناغی گرتن یەکێکە لە قۆناغەکانی دروســـتکردنی فۆنێم، ئێمە ســـێ قۆناغمان هەیە بۆ دروســـتکردنی فۆنێم، یەکەمیان قۆناغی ئامادەکردن، کە قۆناغی نزیک بونەوەی ئەندامەکانە لەیەکتری بۆ نمونە نزیکبونەوەی زمان لە ددان، دوەمیان قۆناغی گرتن، کە دروســـتبونی فۆنێمەکە و ماوەی گۆکردنی فۆنێمەکەیە، ســـێیەم قۆناغ قۆناغی کرانەوەیە، کە جیابونەوەی ئەندامەکانە لەیەکتری و ئازادکردنی فۆنێمەکەیە، لێرەدا قۆناغی گرتن لەنێوان قۆناغی یەکەم و سێیەمدایە)

٢_ یەک کۆنسۆنانت بێ درێژکردنەوە:




**هێڵکاری ژمارە ١٠ کۆنسۆنانتی تاک بێ درێژکردنەوە**

**٢-گروپی دوەم:** ئەوانەی درێژکردنەوەی کۆنسۆنانت و جوت دەنگیی بە دو دیاردەی جیاواز هەژماردەکەن. بە پێچەوانەی گروپی یەکەم، دانانی جوت دەنگیی بە درێژکردنەوەی کۆنسۆنانت ڕەتدەکەنەوە، بەڵکو بە دو فۆنێمی بەدواییەکداهاتوی چونییەکی دادەنێن، لەوانە:

(El-saaran) دەڵێت: لە ڕێزمانی کۆنی عەرەبیدا مامەڵەیان لەگەڵ جوت دەنگیی کردوە وەک دو سەگمێنتی کورت، یەکەمیان وەستاو و بێ جوڵە(ساكن)، دوەمیان جوڵاو(متحرك). فۆنەتیکانە، باشترە کە مامەڵە لەگەڵ جوت دەنگییە کۆنسۆنانتەکان بکرێت وەک ئەوەی دو کۆنسۆنانت بن، نەک یەک کۆنسۆنانتی درێژکراوە(El-saaran: 1951 :162). واتە بە بۆچونی ئەو جوت دەنگیی، دو فۆنێمی کۆنسۆنانتی بەدواییەکداهاتوی کورتن، یەکێکیان هەڵگری هێزنییە و وەستاوە و بێ جوڵەیە، ئەویتریان هەڵگری هێزە و جوڵاوە.

(Cantineau) جیاوازی دەکات لەنێوان کۆنسۆنانتی درێژ و جوت دەنگیی کۆنسۆنانت، وەسفکردنی جوت دەنگیی کۆنسۆنانت وەک ئەو کۆنسۆنانتانەی کە بە وتنێکی درێژخایەن و نوسینی کۆنسۆنانتەکە بە دوان(Cantineau: 1960 :214). پێوەری دیار لەم پێناسەیە بۆ جوت دەنگیی، وتنی درێژخایەنی کۆنسۆنانتەکانە لە دەربڕیندا، لە ڕێنوسیشدا نوسینیانە بە دو کۆنسۆنانت.

هەروەها (Abercrombie) دەڵێت، کە کۆنسـۆنانتە جوتەکان دەبێت جیابکرێنەوە لە کۆنسـۆنانتە درێژەکان. جوت دەنگییە کۆنسـۆنانتەکان ماوەکەی درێژ دەبێتەوە بەسـەر دو بڕگەدا، لە کاتێکدا ماوەی کۆنسـۆنانتە درێژکراوەکان سـنوردارە بۆ تاکە بڕگەیەک(Abercrombie: 1967: 82). لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەشدا، جوت دەنگیی جیاوازە لە درێژکردنەوەی کۆنسۆنانت، چونکە جوت دەنگیی دەکەوێتە دو بڕگەی جیاوازەوە، بەڵام کۆنسـۆنانتی درێژکراوە لە تاکە بڕگەیەکدا دێت. بەگوێرەی (Jones) هەمو کۆنسۆنانتە درێژکراوەکان بە دوهێندە دادەنرێن، کە دەکرێت جیابکرێنەوە بۆ دوان، بە کەمکردنەوەی هێز لە ناوەڕاست و لکاندنی بەشی یەکەم بۆ بڕگەی یەکەم و بەشی دوەم بۆ بڕگەی دوەم. لەڕوی کردارییەوە بە باشـتری دەزانێت کە زاراوەی جوت دەنگیی کۆنسـۆنانت بەکاربهێنرێت نەک کۆنسـۆنانتی درێژکراوە(Jones: 1967: 116). واتە، بە بۆچونی ئەو جوت دەنگیی دەکەوێتە دو بڕگەی جیاوازەوە، بەشی یەکەمی جوت دەنگیی بە بڕگەیەکەوە دەلکێت و بەشـی دوەمیشـی بە بڕگەیەکی ترەوە، بۆیە بەباشـی دەزانێت زاراوەی جوت دەنگیی بەکاربهێنرێت نەک کۆنسـۆنانتی درێژکراوە.

لەلایەکی ترەوە (Delattre) سـەبارەت بەم دو پرۆسـەیە دەڵێت: کۆنسـۆنانتە درێژکراوەکان جیاوازن لەگەڵ کۆنسـۆنانتە جوت دەنگەکان، جوت دەنگیی ڕونکردۆتەوە بە بەکارهێنانی دەسـتەواژەی "پێکهاتەی بڕگە" و دەڵێت "جوت دەنگیی پرۆسـەیەکی دوبارەکردنەوەی کۆنسـۆنانتەکانە، کە یەکەم کۆنسـۆنانت کۆتایی بڕگەیەک و دوەم کۆنسـۆنانت سـەرەتای بڕگەی دواتر، داگیردەکات. بەڵام کۆنسۆنانتی درێژکراوە تەنها لە یەک بڕگە پێکدێت" (Delattre: 1971: 132).

کریستاڵیش(Crystal)، بەهەمان شێوە جوت دەنگیی بە دو کۆنسۆنانتی چونییەکی بەدواییەکداهاتو دادەنێت، واتە بە پرۆسەیەکی جیاواز دادەنێت لە درێژکردنەوەی کۆنسۆنانت و بەم شێوازە پێناسەی دەکات: زاراوەیەکە لە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییدا، بەدواییەکداهاتنی دو یەکەی فۆنیمی یەکسان و لەپاڵ یەکتر لە یەک مۆرفیمدا دەگرێتەوە(Crystal: 2008: 206).

هەروەها کاتفۆردیش(Catford) بەهەمان شێوەی کریستاڵ جوت دەنگیی بە پرۆسەیەکی جیاواز دادەنێت لە درێژکردنەوە و دەڵێت: جۆرێکی تایبەتی لە بەدواییەکداهاتنی کۆنسۆنانتەکان بونی هەیە، کە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە زمان بەکاردێت، ئەویش جوت دەنگییە، کە بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی دو دەنگی کۆنسۆنانتی یەکسان یان تاڕادەیەک یەکسان، بە مەرجی ئەوەی کە لە سنوری دو وشە یا دو مۆرفیمدا نەبێت(Catford: 2001:106-107).


بەم شێوەیە کاتفۆرد(Catford) و کریستاڵ(Crystal)، بەهەمان شێوە جوت دەنگیی بە دو کۆنسۆنانتی چونییەکی بەدواییەکداهاتو دادەنێن، هەڵبەت ئەم نمونانەی ئەوان هێناویانەتەوە هەمویان لە جۆری جوت دەنگیی دو بڕگەیین. کریستاڵ و کاتفۆرد جوت دەنگیی بە پرۆسەیەکی جیاواز دادەنێن لە درێژکردنەوەی کۆنسۆنانت و پێیان وایە بەهۆی دابەشکردنی بڕگەییەوە، کۆنسۆنانتێکی جوت ناتوانرێت بە کۆنسۆنانتێکی درێژکراوە لەقەڵەمبدرێت، کەواتە جوت دەنگیی و درێژکردنەوە بە دو شێوەی جیاواز دەنگنوسی دەکرێن، بە نمونە فۆنیمی [t] لە حاڵەتی جوت دەنگییدا بەشێوەی دوجار نوسینی پیتەکە، واتە [tt] ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام لە حاڵەتی درێژکردنەوە هێمای [:] لەبەردەم فۆنیمەکە دادەنرێت، بەم شێوەیە [t:](کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣٢٠).

هەروەها (ثمرە: ١٣٩٥: ٤٥_٤٦) بەهەمان شـــێوەی (دلاتر و کتفۆرد و کریســـتاڵ) دەڵێت: جوت دەنگیی دەکەوێتە نێوان دو بڕگە، هەروەها بە دو کۆنسـۆنانتی چونییەکی دادەنێت، بە شـێوەیەک، کە کۆنسـۆنانتی کۆتایی قۆناغی یەکەم لەگەڵ کۆنســۆنانتی ســەرەتای قۆناغی دوەم لێکدەدەن و تێکەڵ بەیەکتر دەبن، لە ئەنجامدا قۆناغی یەکگرتنی ئەو دو کۆنســۆنانتە ڕودەدات و دەبێتە دەربڕینێکی درێژخایەن، کە ئەنجامی دو دەربڕینی کورتە، ئەو بە خســتنەڕوی وشەیەکی وەک (لَپّە)، وەک نمونەیەک دەڵێت:

شــوێنی بونی دو کۆنســۆنانتی وەکویەک هەمیشــە لە شــوێنی بەیەک گەیشـتنی دو بڕگەیە نەک یەک بڕگە، بە لەبەرچاوگرتنی دروسـتەی بڕگە، دەبێت وابیربکەینەوە، کە کۆنســۆنانتێکی تاک کراوە بە دو بەشــەوە، بەشــی یەکەم بۆ بڕگەی یەکەم و بەشـــی دوەم بۆ بڕگەی دوەم ڕۆیشـــتوە، بەم پێیە ناکرێت کۆنسۆنانتێک لەنێوان دو بڕگەی وشەیەکدا بوەستێت، ئەمە چ لەڕوی تیۆری و چ لەڕوی کرداریەوە ناگونجێت، بۆ نمونە وشــەیەکی وەک (لَپّە) [lap.pe]بڕگەی دوەم [pe] هەڵگری هێزە، لەم بارودۆخەدا و لە نوســیندا چۆن بزانین دەنگێکی تــاک هەم هەڵگری هێزە هەم هەڵگری هێز نییە، چونکە [p] یەکەم لە بڕگەی [lap]هەڵگری هێز نییە. لە زمانی کوردیشدا بۆ نمونە لە وشەی (گوللە) [gul.lə]، بڕگەی دوەم هەڵگری هێزە، چۆن لە نوسیندا بزانرێت [l]ی بڕگەی یەکەم هەڵگری هێز نییە و [l]ی بڕگەی دوەم هەڵگری هێزە. کەواتە ناکرێ دو فۆنێم، کە یەکێکیان هەڵگری هێز بێت و ئەویتر هەڵگری هێز نەبێت بە یەک تاکە فۆنێم دابنرێت.

**هەر لەم بارەیەوە گۆلدسمز (Goldsmith: 1990: 48) دەڵێت:**

"هەندێ لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان تایبەتمەندیی لەو شـــێوەیەیان هەیە کە لێکدانەوەی تەواوی ئەوان لە تیۆرە کۆنەکاندا هەندێک کێشـــەی لەگەڵە، لەوانە ڤـاوڵە درێژەکـان و کۆنسـ‍ـ‍ـ‍ـۆنـانتە جوتەکـان. ئەم یەکە فۆنۆلۆژییە درێژانە نە بەدواییەکداهاتنی دو یەکەی فۆنێمی یەکسـ‍ـ‍ـ‍ـان هەژمار دەکرێن و نە یەک یەکەی فۆنێمی". تیۆری ئۆتۆسـگمێنتاڵ چارەسـەری ئەم کێشـەیە پێشـکەش دەکات. ڤاوڵە درێژکراوەکان و کۆنسۆنانتە جوتەکان یەک ڤاوڵ یان یەک کۆنسۆنانت لە ئاستی فۆنێمیدا هەیە کە دەلکێنە دو شوێنی ئاستی بنچینەییەوە.




**هێڵکاری ژمارە ١١ ڤاوڵی درێژکراوەی a** **هێڵکاری ژمارە ١٢ کۆنسۆنانتی جوتی k**

لەم نواندنەدا لەبەشـــی (ئەلف)دا یەک ڤاوڵی درێژ، لەبەشـــی (ب)دا یەک کۆنسـ‍ـ‍ـۆنانتی جوت پیشـ‍ـ‍ـاندەدرێت. ئاسـ‍ـتی بنەماییەکە، کە لە ئاسـ‍ـتە فۆنێمییەکە بنچینەیی ترە و ڤاوڵ و کۆنسـ‍ـ‍ـ‍ـۆنانتەکان دەلکێنە ئەوەوە، درێژکردنەوەی یەکە فۆنێمیەکان پشـ‍ـ‍ـاندەدات. کاتێک کە یەک ڤاوڵ یان یەک کۆنسـ‍ـ‍ـۆنانت دەلکێتە دو شـ‍ـ‍ـ‍ـوێنی بنەماییەوە، لەم حاڵەتەدا ڤاوڵی درێژ یان جوت دەنگیی کۆنسـ‍ـ‍ـ‍ـۆنانتی بەدیدێت. لەم بەشەدا پشاندەدرێت، کە هەر ڤاوڵێکی درێژکراوە یان کۆنسۆنانتێکی جوت دەلکێنە دو شـ‍ـ‍ـوێنی بنەماییەوە و تەواوی کۆنسـ‍ـ‍ـ‍ـۆنانتەکانی تر دەلکێنە شوێنێکی بنەماییەوە(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣٢٠-٣٢١).

دەتوانین بڵێین، هەرچەنـدە لە ڕوانگەی فۆنەتیکەوە دەکرێـت چەنـدین بیرۆکە وەک ئەم بیرۆکانەی سەرەوە لەبارەی جوت دەنگیی پەسەند بکەین، بەڵام لە زمانی کوردیدا بیرۆکەی ئەوەی کە جوت دەنگیی کۆنسۆنانتی درێژکراوەیە لە کرداردا هەندێ گرفت بەدیدێنێت، کە پاساوهێنانەوەی ئەوانە کارێکی ئاسان نییە، هەندێک لەو کێشانە بریتین لە[1]:

١. لەپاڵ یەکتر وەسـتانی دو کۆنسـۆنانتی یەکسـان لە زمانی کوردیدا، بەپێی ئەو سـەرچاوانەی لەبەردەسـتماندان و لە ئەنجامی شـیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەمان، هەمو کات لە شـوێنی پەیوەندی دو بڕگەدایە نەک لە یەک بڕگەدا. لەلایەکی ترەوە بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی بڕگەی زمانی کوردی لە حاڵەتی قبوڵکردنی بیرۆکەی ئەوەی کە جوت دەنگیی کۆنسۆنانتێکی درێژکراوەیە، دەبێت بیهێنینە بەرچاو کە یەک کۆنسـۆنانتی تاکە دابەش دەبێت بۆ دو بەشـەوە، کە بەشـی یەکەم دراوەتە بڕگەی یەکەم و بەشـی دوەم دراوەتە بڕگەی دوەم. ئەنجامی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە کە لەبەرئەوەی دەکرێت لەنێوان دو بڕگەی یەک وشـەدا ڕابگیرێت، کەواتە دەکرێـت لەکاتی بەرهەمهێنانی تاکە توخمێکدا ڕابوەسـتێت، ئەمەش چ لەڕوی تیۆری و چ لەڕوی پراکتیکیەوە ناگونجێت، چونکە بەپێی ئەو داتایەی کە لەبەردەسـتی ئێمەدان هیچ نمونەیەکمان نییە لە زمانی کوردیدا، کە پشتڕاستی ئەم حاڵەتە بکاتەوە.

٢. لەکاتی هاتنی دو کۆنسـۆنانتی چونییەک لەتەنیشـت یەکتر، یەکەم کۆنسۆنانت هەڵگری هێز نییە، بەڵام دوەم کۆنسۆنانت هەڵگری هێزە، بۆ نمونە لە وشەی کەللە [kəllə] دا، [l] لە بڕگەی دوەم واتە [lə] هەڵگری هێزە، لەم دۆخەدا

[1] بۆ ئەم زانیاریانە سود لە (کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣١٨) وەرگیراوە.


چۆن دەکرێت بیهێنینە بەرچاو کە فۆنیمێکی تاک هەم هەڵگری هێز بێت و هەم نەبێت؟ چونکە [l]ی یەکەم لە بڕگەی [kəl]دا هەڵگری هێز نییە.

٣. جوت دەنگیی نەک تەنها بەهۆی دو فۆنیمی چونییەک، بەڵکو بەهۆی دو فۆنیمی جیاواز لە شوێنی بەرهەمهێنانی یەکسانیشەوە ڕودەدات. بۆ نمونە لە وشەی توندتر/tundtɨr/دا دەبینین کە [d] و [t] دو کۆنسۆنانتی جیاوازن لەیەکتر، بەڵام سازگەی بەرهەمهێنانیان لەیەکتر نزیکە، بۆیە فۆنیمی [d] دەکەوێتە ژێر کاریگەری فۆنیمی [t] و وەک ئەو دەردەبڕدرێت و دەبێتە [tunttɨr]، بەمەش جوت دەنگیی دروستدەبێت، بۆیە هەرگیز ناتوانین ئەم دو فۆنیمە کۆنسۆنانتە بە یەک فۆنیمی درێژکراو هەژماربکەین، چونکە لە نواندنی بنچینەیی دو فۆنیمی جیاوازن لەیەکتر و بە دو فۆنیمی جیاواز لە مێشک هەڵگیراون، تەنها لەکاتی دەربڕیندا وەک یەک گۆدەکرێن.

کەواتە بەگوێرەی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد و خستمانەڕو، لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لەبەردەستماندایە، دانانی جوت دەنگیی بە کۆنسۆنانتێکی درێژکراوە نەگونجاوە، بەڵکو لە زمانی کوردیدا جوت دەنگیی بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی دو کۆنسۆنانتی چونییەک، لە وشەیەک یان دو مۆرفیم یان دو وشە.

لەسەر بنەمای تیۆری فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، جوت دەنگیی دو بڕگەیی یان دو کۆنسۆنانتی وەک یەک، کە بەبێ ئەوەی کۆنسۆنانتێکی تر بکەوێتە نێوانیان، لە سنوری نێوان دو بڕگە دوبارە دەبێتەوە. لەم پرۆسەیەدا هاتنی یەکەم کۆنسۆنانت لە کۆتایی بڕگەی لای ڕاست و هاتنی دوەم کۆنسۆنانت لە سەرەتای بڕگەی لای چەپدایە. کەواتە دەتوانین بڵێین جوت دەنگیی، دوبارەبونەوەی بەبێ ناوبڕی کۆنسۆنانتە. لەلایەکەوە جوت دەنگیی لە دو بڕگەدا دێن، بەم شێوەیە:

کۆنسـوٚنانتی یەکەم، لەکۆتایی بڕگەی یەکەم و کۆنسـوٚنانتی دوەم، لە سـەرەتای بڕگەی دواتر. بە نمونە، لە وشـەی (سـەللە)[səllə] لێرەدا کۆنسـوٚنانتی یەکەم لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و کۆنسـوٚنانتی دوەم لە سـەرەتای بڕگەی دواتر پێکدێت. وەک لەم هێڵکاریەدا ڕونی دەکەینەوە:




**هێڵکاری ژمارە ١٣ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (سەللە)**

لێرەدا هەر یەکێک لە بەشەکانی جوت دەنگیی کەوتونە بڕگەی جیاوازەوە، یەکێکیان لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و ئەویتریان لە سەرەتای بڕگەی دوەم، هاتوە.

## ٤-٤: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی

وەک زانیمان جوت دەنگیی بریتییە لە بەدواییەکداهاتنی دو کۆنسـوٚنانتی چونییەک. ئەم جوت دەنگییانە بە چەند شـێوەی جیاوازن و هەمویان بە یەک شـێوە دەرناکەون. هەروەها لەلایەن زمانەوانانەوە بە چەند شـێوەی جیا جیا پۆلێنکراون و هەریەکەیان بەگوێرەی ئەو زمانەی لێکۆڵینەوەیان لەسـەر کردوە پۆلێنیان کردون، لێرەدا چەند شێوازێکی پۆلێنکردن دەخەینەڕو، کە بریتیین لە:

### ٤-٤-١: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (بنەڕەتی، داڕشتن)

یەکێک لە پۆلێنکردنەکانی جوت دەنگیی بریتییە لە (جوت دەنگیی بنەڕەتی و جوت دەنگیی داڕشتن)، (Kubozono) لەبارەی ئەم دو جۆرەی جوت دەنگیی دەڵێت: لە فۆنۆلۆژییدا ئەوە بەباش زانراوە، کە زمانەکان لەڕوی شوێنی دەرکەوتنی جوت دەنگیی لەناو جۆرە جیاوازەکانی وشەکان جیاوازن، جوت دەنگیی لەوانەیە لە دو شوێنی جیاوازی جۆرە جیاوازەکانی وشەکاندا دەربکەوێت: یەکەمیان لەناوخۆی مۆرفیم (لەناو مۆرفیم)، دوەمیان لەناو زنجیرە مۆرفیم، کە پێیاندەوترێت جوت دەنگیی بنەڕەتی و جوت دەنگیی داڕشتن، هەردو جۆرەکەی دەکرێت لەناو یەک زماندا دەربکەون، بۆ نمونە زمانی تورکی و ئیتاڵی، یان تەنها جۆری دوەم بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەردەکەوێت، وەک زمانی ڕوسی، بە نمونە لە زمانی تورکی وەک وشەی /ffit/، نمونە لە زمانی ڕوسی وەک وشەی /bezzabotno/(Kubozono: 2017:2-44).

### ٤-٤-٢: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (فەرهەنگی، چونییەکی، لێکدان)

پۆلێنکردنێکی تر هەیە بۆ جۆرەکانی جوت دەنگیی ئەویش ئەوەیە، کە دەوترێت سێ جۆری جیاوازی جوت دەنگیی هەیە، ئەوانیش بریتین لە(فەرهەنگی Lexical، چونییەکی assimilated، لێکدان(بەستنی وشەیەک بە وشەیەکی ترەوە) concatenated). یەکەم پیشاندانی ژمارەی فۆنێمەکان و دۆزینەوەیان لەناو فەرهەنگ، دوەم حاڵەت لێکچونی وەک یەکی فۆنێمێک لەناو وشەدا، کە بەهۆی کاریگەری فۆنێمێکی ترەوە دروستدەبێت، لەکاتێکدا دوایین جۆر کاتێک ڕودەدات، کە دو پارچە (دو وشە) یەکتربگرن، کە فۆنێمی کۆتایی پارچەی یەکەم لەگەڵ سەرەتای پارچەی دوەم وەک یەکتربن (Grace and Redford: 2012: 82-91).

### ٤-٤-٣: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (فەرهەنگی، مۆرفۆلۆژی)

یەکێکی تر لە پۆلێنکردنەکـان، پۆلێنکردنی جوت دەنگییە بۆ دو جۆری (فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژیی). جوت دەنگیی فەرهەنگیی(Lexical)، کە جیاوازییەکی فۆنێمی پیشـاندەدات، بە نمونە جیاوازییەکی زۆر دروسـتدەکەن لەنێوان ئەم دو وشـە ژاپۆنیەدا وەک وشـەی kona لەگەڵ konna. جوت دەنگیی مۆرفۆلۆژی، کە بریتیە لە دوبارەبونەوەی دو کۆنسۆنانتی چونیەک لە سنوری مۆرفۆلۆژیدا لە زنجیرەی دو مۆرفێم، وەک لە وشـەکانی زمانی ئینگلیزی، بە نمونە دروسـتبونی جوت دەنگیی بەهۆی پێشـگرەوە، وەک وشـەی unnatural، یان دروسـت بونی جوت دەنگیی بەهۆی یەکگرتنی دو وشـە یان دو مۆرفیم، وەک وشـەی ئاوێتەی funname (Ben Hedia: 5: 2019).

### ٤-٤-٤: پۆلێنکردنی جوت دەنگیی بۆ (ڕاستەقینە، دروستکراو)

پۆلێنکردنێکی تر بۆ جۆرەکـانی جوت دەنگیی، جوت دەنگیی ڕاسـتەقینە(true gemination)، جوت دەنگیی دروسـتکراو( fake gemination)ن. کاتێک یەکە تایبەتەکە تاک بو، واتە وشـەکە تاک بو، جوت دەنگیەکە لەناو بنچینەی وشـەکەدا هەبو ئەوا جوت دەنگیی ڕاسـتەقینەیە، بەڵام ئەگەر دو یەکە بەسـترابونەوە بەیەکترەوە و بوبێتە هۆی دروسـتبونی جوت دەنگیی ئەوکاتە جوت دەنگیی دروستکراوە(McCarthy: 1986: 207-263).

بەم شێوەیە بەپێی ئەم ڕوانگانەی سـەرەوە دەتوانین بڵێین، جوت دەنگیی جۆری جیاوازی هەیە، هەیانە لەناو خودی وشـەدایە، واتە لەناو بنچینەی وشـەدا بونی هەیە، هەشیانە لە سنوری دو وشە یان دو مۆرفیمدایە واتە بەهۆی لێکدانی

دو وشە یان دو مۆرفیم دروستبوە، جۆرێکی تریان بەهۆی پێشگر و پاشگرەکان دروستدەبن.

بێگومان زمانەکانیش لەڕوی هەبونی جۆرە جیاوازەکانی جوت دەنگیی جیاوازن. بە واتایەکی تر، ئەم جۆرانە مەرج نییە لە هەمو زمانەکاندا بونیان هەبێت، زمان هەیە تەنها یەک جۆری جوت دەنگیی تێدایە، بە نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا جوت دەنگیی بنەڕەتی نییە تەنها جوت دەنگیی ڕۆنانی دەردەکەوێت. لەم بارەیەوە (Ben Hedia) دەڵێت: دو جۆری سەرەکی لە جوت دەنگیی هەیە: جوت دەنگیی فەرهەنگی و جوت دەنگیی مۆرفۆلۆجی[1]( Lexical and morphological geminates). لە زمانی ئینگلیزیدا جوت دەنگیی فەرهەنگی نییە، بەڵکو تەنها جوت دەنگیی مۆرفۆلۆژی هەیە، دو کۆنسۆنانتی دراوسێی چونییەک لەوانەیە لە ڕێگەی بەیەکەوەلکان، وەک لە وشەی unnatural، یان لەسنوری وشەدا پێکیبهێنن بەشێوەی ئاوێتە، وەک bookcase، فرێزی the man naps (Ben hedia: 2019: 7). بەڵام زمانیش هەیە هەردو جۆرەکەی تێدایە، وەک زمانی فارسی، بە نمونە جوت دەنگیی بنەڕەتی وەک وشەی « تلّه » [talle]، جوت دەنگیی ڕۆنانی وەک وشەی «ال+سلام اسّلام» [assalam](کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣٣٥). بەهەمان شێوەی زمانی فارسی لە زمانی کوردیشدا هەردو جۆرەکەی جوت دەنگیی بونیان هەیە(جوت دەنگیی بنەڕەتی و جوت دەنگیی ڕۆنانی)، نمونەی جوت دەنگیی بنەڕەتی وەک وشەی (گوللە)، هەروەها نمونەی جوت دەنگیی ڕۆنانی وەک وشەی (چاککردن).


[1] (ben hedia: 2019: 7) زاراوەی جوت دەنگیی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆژی بۆ جۆرەکانی جوت دەنگیی بەکارهێناوە.

## ٤-٥: جۆرەکانی جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا

لە ئەنجامی ســەرنجدان لەم پۆلێنانەی پێشــتر خســتمانەڕو، کە لە زمانە جیاوازەکان کراون، هەروەها بەهۆی شـــیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەمان، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرانەی جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا هەن:


### ٤-٥-١: جوت دەنگیی بنەڕەتی Underling geminates

وەک پێشــتر لە زمانی کێتفۆرد(Catford)ەوە لە پێناســەی جوت دەنگیی ئاماژەی بەوە کرد، کە "بەدواییەکداهاتنی دو توخمی کۆنســۆنانتی یەکســان یان تاڕادەیەک یەکســان بە مەرجی ئەوەی کە لە ســنوری دو وشــە یا دو مۆرفیمدا نەبێت، جوت دەنگیی نـاو نـاوە"(Catford: 2001: 107). ئەم پێنـاســـەیەش لەخۆگری حاڵەتە ســـەرەکییەکانی جوت دەنگییە، واتە پێناســـەی جوت دەنگیی بنەڕەتی دەگرێتەخۆ. بە واتـایەکی تر، جوت دەنگیی بنەڕەتی لە نـاوەڕۆک و پێکهاتەی وشــەدا پەیدادەبێت، کە دو فۆنێمی چونییەک لەناو وشــەیەکی ســادەدا دێــن، واتە لە نــاوەڕۆکــی وشـــەکەدا جــوت دەنــگــیــیەکە بــونــی هەیە. کریســـتاڵیش(Crystal) (بەدواییەکداهاتنی دو یەکەی دەنگیی یەکســـان و لەپاڵ یەکتر لە یەک وشــەدا دەڵێت جوت دەنگیی)(Crystal: 2008: 206). کە ئەمەش بەهەمان شێوە پێناسەی جوت دەنگیی بنەڕەتی دەگرێتەخۆ، چونکە باس لە هاتنی جوت دەنگیی دەکات لە بنەڕەتی وشــەکەدا، بە نمونە وشــەکانی (میللەت، کرڕە، مـاددە، هەڵڵا، ســـوننە، جممە، ...). وەک لە هێڵکاری ژمـارە (١٤) و (١٥)، جوت دەنگیی لە وشەکانی /میللەت، کرڕە [mɪllət]،[kɨrrə] ڕوندەکەینەوە:




**هێڵکاری ژمارە ١٤ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (میللەت)**

بە ســــەرنجدان لەم هێڵکارییە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە هەر یەکێک لە بەشـــەکانی جوت دەنگیی کەوتونەتە بڕگەی جیاوازەوە، یەکەمیان لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و ئەویتریان لە ســەرەتای بڕگەی دوەم، هاتوە. جوت دەنگییەکە لە ئاستی بنچینەیی، کە ئاستی بنەڕەتی وشەکانە، لە بنەڕەتی وشەکەدا بونی هەیە، لە ئاستی فۆنێمیش بە دو فۆنێم دەردەبڕدرێت.




**هێڵکاری ژمارە ١٥ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (کڕڕە)**

بەهەمان شێوەی وشەی پێشوتر، بەپێی ئەم هێڵکارییە لەم وشەیەشدا هەر یەکێک لە بەشـــەکانی جوت دەنگیی کەوتونەتە بڕگەی جیاوازەوە، یەکێکیان لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و ئەویتریان لە ســـەرەتای بڕگەی دوەم، هاتوە، جوت

دەنگییەکە لە ئاستی بنچینەیی، کە ئاستی بنەڕەتی وشەکانە، لە بنەڕەتی وشەکەدا بونی هەیە، لە ئاستی فۆنێمیش بە دو فۆنێم دەردەبڕدرێت.

### ٤-٥-٢: جوت دەنگیی ڕۆنانی

هەندێجار جوت دەنگیی، لە شوێنی بەیەکەوەلکانی دو مۆرفیم یان لەنێوان دو وشـــەی ســـەربەخۆدا بەدیدێت، کە پێیدەڵێن جوت دەنگیی ڕۆنانی(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣٣٤). کەواتە مەبەست لە جوت دەنگیی ڕۆنانی، دروستبونی جوت دەنگییە لە شـوێنی پەیوەندی دو مۆرفیم یان لە سـنوری دو وشـەی سـەربەخۆدا، واتە جوت دەنگییەکە لە بنچینەی وشـــەکەدا بونی نییە، وەک جوت دەنگیی بنەڕەتی، بەڵکو بەهۆی یەکگرتنی دو وشـــە یان دو مۆرفیم دروســـتدەبێت، بۆیە پێیدەڵێن جوت دەنگی ڕۆنانی. وەک لە وشـــەکانی (کورتتر، چاککردن، ڕۆماننوس، ...)، کە ئەمەش پۆلێن دەبێت بۆ دو جۆر، ئەوانیش:

#### ٤-٥-٢-١: جوت دەنگیی داڕشتن Derived geminates

جوت دەنگیی داڕشـتن لە کاتێکدا دروسـتدەبێت لەو وشـانەی پێشـگریان لەگەڵ بەکاردێت، گەر فۆنێمی کۆتایی پێشـگرەکە و فۆنێمی سـەرەتایی وشـەکە وەک یەکتربن. هەروەها لەو وشانەی کە پاشگریان هەیە لە کاتێکدا دروستدەبێت، کە فۆنێمی کۆتایی وشەکە و سەرەتای پاشگرەکە وەک یەکتربن( Ben Hedia: 2019: 7).


لە زمـانی کوردیـدا بەپێی داتـای توێژینەوەکەمـان جوت دەنگیی بەهۆی پێشـــگرەکانەوە دروســـت نـابێت، بەڵام جوت دەنگیی بەهۆی پـاشـــگرەوە دروستدەبێت، وەک:

کورت + تر  > کورتتر

کام   + مان > کاممان

چەوت + تر  > چەوتتر

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم جۆرەی جوت دەنگیی، وشەی /کورتتر/ [kurttɨr] لە هێڵکاری ژمارە (١٦) پیشان دەدەین، بەم شێوەیە:





**هێڵکاری ژمارە ١٦ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (کورتتر)**

بە سەرنجدان لەم هێڵکارییە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جوت دەنگییەکە لە ئاستی بنچینەیی لە بنەڕەتی وشەکەدا نییە، بەڵکو لە سنوری یەکگرتنی دو پارچەی سەربەخۆ دروست بوە، واتە لە سنوری یەکگرتنی دو مۆرفیم، دروست بوە، هەر یەکێکیش لە بەشەکانی جوت دەنگیی کەوتونەتە برگەی جیاوازەوە، یەکێکیان لە کۆتایی کۆتا برگەی مۆرفیمی یەکەم و ئەویتریان لە سەرەتای برگەی مۆرفیمی دوەم، هاتوە. لە ئاستی فۆنێمیش، کە ئاستی دەربڕینی فۆنیمەکانە، بە دو فۆنێم دەردەبڕدرێن.

### ٤-٥-٢-٢: جوت دەنگیی لێکدان Compound geminates

جوت دەنگیی دەتوانرێت فۆنەتیکیانە هەستییپێبکرێت لەناو وشە لێکدراوەکان، کە زیاتر لە یەک مۆرفیم پێکدێن، کە لە سنوری یان لە چوارچێوەی مۆرفیمەکان ڕودەدات، ئەمە ئاشکراو دیارە لەناو لیستی وشە لێکدراوەکان، لە نوسینیشدا بە دو فۆنێم دەنوسرێن (Mubarak and jebur: 2018: 31). وەک لە وشەکانی (چاککردن، پاککردن، ڕۆژژمێر، درككردن، زماننناس، ...).

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم جۆرەی جوت دەنگیی، وشەی /چاککردن/ [ʧakkɨrdɨn] بە هێڵکاری دەخەینەڕو، بەم شێوەیە:




**هێڵکاری ژمارە ١٧ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (چاککردن)**

لەم هێڵکارییە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جوت دەنگییەکە لە ئاستی بنچینەیی لە بنەڕەتی وشەکەدا نییە، بەڵکو لە سنوری یەکگرتنی دو وشەی سەربەخۆ دروستبوە، بۆیە پێیاندەوترێت جوت دەنگیی لێکدان. لەم جۆرەدا هەر یەکێک لە بەشەکانی جوت دەنگییەکە کەوتونەتە بڕگەی جیاوازەوە، یەکێکیان لە کۆتایی کۆتا بڕگەی وشەی یەکەم و ئەویتریان لە سەرەتای بڕگەی وشەی

دوەم، هاتوە. لە ئاستی فۆنێمیش، کە ئاستی دەربڕینی فۆنیمەکانە، بە دو فۆنێم دەردەبڕدرێن.

## ٤-٦: جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان Gemination and phonological process

مەبەست لە جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان، پەیوەندی جوت دەنگییە لەگەڵ پرۆسەکان، لێرەدا گرنگترین ئەو پرۆسانە دەخەینەڕو، کە لەگەڵ جوت دەنگیی پەیوەندی و کاریگەرییان لەسەر یەکتری لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەوانیش بریتیین لە:


### ٤-٦-١: جوت دەنگیی و توانەوە Gemination in Total Assimilation

توانەوە چەمکێکە بەهۆی کارلێککردنی یان کاریگەری فۆنێمێکی دراوسێ دروستدەبێت. ئەم حاڵەتە بەهۆی قورسیە لە دەربڕیندا، کە قسەکەران ئارەزو دەکەن بۆ ئاسانی دەربڕین فۆنێمێک بگۆڕن بە فۆنێمێکی تر، لێرەشدا فۆنێمەکە وەک فۆنێمی دراوسێی دەردەبڕن بەمەبەستی ئاسانی گۆکردن. لەبەرئەوە (Dirven) ئەوەی خستۆتەڕو، کە (ئەم شێوە قسەکردنە ناچاری نییە، بەڵکو ئارەزومەندانەیە و زیاتر وەک شێوازی نارەسمی بەکاردەهێندرێت، بۆئەوەی لەکاتی قسەکردن ئاسودەتربیت)(Dirven: 2004: 119). بەمەش هەندێجار لە ئەنجامی توانەوە و گۆڕانی فۆنێمەکان جوت دەنگیی دروستدەبێت.


(Crystal: 2008: 39)پێناسەی توانەوە (Assimilation) دەکات بەوەی، کە بەهۆی کاریگەری دەنگێک لەسەر دەنگێکی تر دروستدەبێت، بەمەش دەنگەکان دەبنە چونییەک، واتە وەک یەکتر گۆدەکرێن.

لەلایەکی ترەوە، لەسەر بنەمای پێناسەکانی کنستویچ( Kenstowicz: 1994: 21)، ئارلاتۆ(آرلاتو: ١٣٨٤: ١١٨_١٢٢)، بێرکوئێست( Burquest: 2001: 117)، لە پرۆسەی توانەوەدا، دەنگ بۆئەوەی کە هاوشێوەی دەنگەکەی تەنیشتی بێت، یان لەگەڵ ئەو یەکسان بێت، بۆی هەیە بگۆڕێت لەڕوی تایبەتمەندی شوێنی بەرهەمهێنان، یان شێوەی بەدیهێنان. بەڕای ئارلاتۆ(آرلاتو: ١٣٨٤: ١١٨) و بێرکوئێست(Burquest: 2001: 117) یەکێک لە هۆکارەکانی ڕودانی توانەوە، کاریگەری دەنگی دواتر و ئاسانکاری جوڵەی ماسولکەکان بۆ دەربڕینی ئەو دەنگە دادەنێن. دەتوانین بڵێین، توانەوەی تەواوەتی یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانە، کە دەبێتە هۆی دروستبونی وشە جوت دەنگەکان، کە لە ئەنجامدا جوت دەنگیی بەهۆی توانەوەوە بەدیدێت(کامبوزیا و تاجآبادی: ١٣٨٥: ٣٣٩). وەک لە وشەکانی (حەڤدە، هاندان، گوڵدان، دڵدار)، کە پاش جێبەجێکردنی پرۆسەی توانەوە دەبن بە(حەڤڤە، هاننان، گوڵڵان، دڵڵار)، لێرەدا بەهۆی کاریگەری فۆنێمی دراوسێ و گۆکردنی ئەم فۆنێمە وەکو فۆنێمی دراوسێ بەمەبەستی ئاسانی دەربڕین، ئەم گۆڕانکارییە بۆتە هۆی هاتنەئارایی جوت دەنگیی بەهۆی توانەوە. جێگای باسە ئەم پرۆسەیە تەنها لە ئاخاوتندا دەردەکەوێت و لە نوسیندا نییە.

بۆ ڕونکردنەوەی جوت دەنگیی و توانەوە، وشەی /حەڤڤە/ [ħavvə] پێش جێبەجێکردنی پرۆسەی توانەوە و دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی توانەوە لە هێڵکاری ژمارە(١٨) و (١٩) دەخەینەڕو، بەم شێوەیە:




**هێڵکاری ژمارە ١٨ نواندنی وشەی (حەڤدە) پێش جێبەجێکردنی پرۆسەی توانەوە**





**هێڵکاری ژمارە ١٩ نواندنی وشەی (حەڤڤە) پاش جێبەجێکردنی پرۆسەی توانەوە**


لەم هێڵکارییانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە وشـــەی (حەڤڤە) پێش جێبەجێکردنی پرۆســـەی توانەوە جوت دەنگیی نییە، وشـــەکە بەم شـــێوەیەیە (حەڤدە)، بەڵام بەهۆی کاریگەری فۆنێمی دراوســێ و گۆکردنی ئەم فۆنێمە وەکو فۆنێمی دراوسێی بەمەبەستی ئاسانی دەربڕین، پاش کارکردنی پرۆسەی توانەوە وشەکە دەبێتە (حەڤڤە). لێرەشدا بەهەمان شێوەی جۆرەکانی جوت دەنگیی، جوت دەنگییە دروســـتکراوەکە بەهۆی پرۆســـەی توانەوە، دەکەوێتە جێکەوتەی ناوەڕاستی وشە و هەریەکەیان لە بڕگەی جیاوازدا دێن.

## ٤-٦-٢: جوت دەنگیی و گۆڕانی دەنگ

لە زمـانی کوردیـدا جۆرێکی دیکە لە جوت دەنگیی لەنـاو وشـــەکـانـدا دەبینرێت، ئەویش لە ئەنجامی بەدواییەکدا هاتنی فۆنێمە هاوسـازگەکانە. ئەگەر لە نێوان دو وشەدا ماوە یان وەستان بەدیهات، ئیتر ئەم پرۆسەیە کارناکات و جوت دەنگیی دروســـت نابێت. جوت دەنگیی بەهۆی گۆڕانی دەنگیی تەنها لە زنجیرەی گوتنی پێکەوەلکاودا دروســـتدەبێت. حاڵەتێکی لەم شـــێوەیە دەچێتە ژێر کۆمەڵە چونییەکەکانەوە(زعفرانلو: ١٣٩٣: ٣٣٧). وەک وشەکانی (یەکگرتو، توندتر، ماتدان، کردتـان)، پاش کـارکردنی پرۆســـــەی گۆڕانی دەنگ دەبن بە (یەگگرتو، تونتتر، مادان، کرتتان)، لێرەدا وشـــەی (یەکگرتو) لەکاتی دەربڕیندا بۆ ئاســـانی گۆکردن دەبێتە (یەگگرتو)، فۆنێمی (ک) بەهۆی کاریگەری فۆنێمی (گ)ی دراوسێی گۆڕاوە بەهەمان فۆنێمی دوای خۆی (گ)، کە هەمان سازگەیان هەیە. هەروەها وشەکانی تریش بەهەمان شـــێوە ئەم گۆڕانکارییەیان بەســـەرداهاتوە. شـــایەنی باســـە دروســـتبونی جوت دەنگیی بەهۆی پرۆســـەی گۆڕانی دەنگ تەنها لە دەربڕیندا دروستدەبێت، لە نوسـیندا نییە، چونکە لەکاتی دەربڕیندا بۆ ئاسـانی گۆکردن ئەم پرۆســـەیە دروســـتدەبێت.  بۆ پیشـــاندنی دروســـتبونی جوت دەنگیی بەهۆی ئەم پرۆســـــەیەوە وشـــــەی /یەگگرتو/ [yəggɨrtu]  لە هێڵکاری ژمارە (٢٠) و (٢١) دەخەینەڕو:




**هێڵکاری ژمارە ٢٠ نواندنی وشەی (یەکگرتو) پێش جێبەجێکردنی پرۆسەی گۆڕانی دەنگ**




**هێڵکاری ژمارە ٢١ نواندنی وشەی (یەگگرتو) پاش جێبەجێکردنی پرۆسەی گۆڕانی دەنگ**

لەم هێڵکارییانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە وشـەی (یەگگرتو) پێش جێبەجێکردنی پرۆسـەی گۆڕانی دەنـگ، جوت دەنگیی نییە و وشـەکە بەم شـێوەیەیە (یەکگرتو)، بەڵام بەهۆی کاریگەری فۆنێمی دراوسـێ و گۆکردنی ئەم فۆنێمە وەکو فۆنێمی دراوسێ بەمەبەستی ئاسانی دەربڕین، پاش جێبەجێکردنی پرۆسـەی گۆڕانی دەنگ وشـەکە دەبێتە (یەگگرتو). لێرەشـدا بەهەمان شـێوەی جۆرەکانی جوت دەنگیی، جوت دەنگییە دروستکراوەکە بەهۆی پرۆسەی گۆڕانی دەنگ، دەکەوێتە جێکەوتەی ناوەڕاستی وشـە و هەریەکەیان لە بڕگەی جیاوازدا دێن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین دروستبونی جوت دەنگی بەهۆی پرۆسەکانەوە، لەوانەیە کاریگەریان لەسـەر پرۆسـەی لاوازکردن هەبێت، بەڵام جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان کاریگەری لەسـەر پرۆسـەی لاوازکردن نییە و لەجیاتی ئەوە بەهێزکردن دروسـت دەکەن. بۆیە لەم بارەیەوە (Ridouane) دەڵێت: جوت دەنگیی فەرهەنگیی بەهێزترە لە جوت دەنگیی دروستکراو بەهۆی پرۆسەکانەوە، بۆیە جوت دەنگییە فەرهەنگییەکان بە پێچەوانەی جوت دەنگییە دروستکراوەکانەوە کاریگەری پرۆسەی لاوازکردنیان لەسەر نییە، بە نمونە وەک

توانەوەی دەنگ(Ridouane: 2010: 3-4). کەواتە جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان دەبنەهۆی بەهێزکردن، بەڵام جوت دەنگیی دروستکراو بەهۆی پرۆسەکانەوە کاریگەری پرۆسەی لاوازکردنیان لەسەرە و پرۆسەی لاوازکردن دروست دەکەن.

## ٤-٧: نواندنی جوت دەنگییەکان representation of geminates

بێگومان نواندنی جوت دەنگیی لە پێکهاتەی ڕوکەش و قوڵدا جیاوازی هەیە. لەم بارەیەوە (Davis) دەڵێت: نواندنی فۆنۆلۆژیی جوت دەنگیی ڕوبەرێکی فراوانی لە مشتومڕە تیۆرییەکان داگیرکردوە، ئەو مشتومڕە لە داهاتوشدا بەردەوام دەبێت(Davis: 2011: 22). پرسیاری سەرەکی لەو مشتومڕەدا ئەوەیە، کە ئایا جوت دەنگییەکان دەبێت وەک یەک یان دو پارچەی ژێرەوەی فۆنۆلۆژیی پیشانبدرێن. بۆ تێگەیشتن لەوەی، کە بۆچی ئەم پرسیارە دروستدەبێت، پێویستە بڕوانینە تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی جوت دەنگییەکان.

بەگوێرەی هایس (١٩٨٦) جوت دەنگیی بنەڕەتی بە سێ تایبەتمەندی فۆنۆلۆژیی دیاریدەکرێت: ناڕونی(لێڵی)(ambiguity)، خۆگرتن(پەیوەستی-ڕاستی)(integrity)، نەگۆڕی(inalterability). (ناڕونی) ئاماژەیە بۆ ڕەفتاری نادیاری جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان، کە لە هەندێک ڕوەوە وەک ئەوە ڕەفتار دەکەن دو سەگمێنت بن، لە هەندێکیشیان وەک یەک سەگمێنت ڕەفتاردەکەن. (خۆگرتن یان پەیوەستی) ئاماژەیە بۆئەوەی، کە جوت دەنگییەکان بە یاسایەکی ئیلتیزامی(rule epenthesis) ناتوانن جیاببنەوە، یان ناتوانرێت کەرت بکرێن. (نەگۆڕیی) بریتییە لە بەرهەڵستیکردنی جوت دەنگەکان بۆ چونە ژێر یاسای

فۆنۆلۆژیی، کە چـاوەڕوانـدەکرێـت بەسـەر هـاوتـا تـاک دەنگەکەیـدا جێبەجێ بکرێت(Ben Hedia: 2019: 10).

نواندنی جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان دەبێت هەر سـێ تایبەتمەندیی تێدا جێگە ببێتەوە، نواندنەکە ئەوە لەخۆبگرێت، کە هەندێک جار وەک یەک سەگمێنت و هەندێک جار وەک دو سەگمێنت ڕەفتار بکەن. ئەمەش بەرهەڵستییەک بۆ تیۆری فۆنۆلۆژیی دروستدەکات، ئەو ڕاستییەی کە جوت دەنگیی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هەمو زمانەکان وەک یەک نییە، بابەتەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات، بۆ نمونە(Kenstowicz) تێبینی ئەوە دەکات، کە جوت دەنگیی ئایسلەندی لایەنی نەگۆڕی پێشێل دەکات، کاتێک بەشێک لە هێشوە کۆنسۆنانت، واتە بەشی یەکەمی جوت دەنگییەکە دەچێتە ژێر کاریگەری یاسـایەکی فۆنۆلۆژیی و لە ئەنجامدا دەگۆڕێت بۆ سەگمێنتی پێش خۆی، واتە دروستبونی جوت دەنگیی بەهۆی پرۆسەی توانەوە(Kenstowicz: 1994: 237). ڕەنگە جیاوازی فۆنۆلۆژیی ڕەفتـاری جوت دەنگییەکـان لە هەمو زمـانەکـان ئەوە دەربخـات، کە نوانـدنێکی جیهانی بۆ جوت دەنگیی بونی نییە. ئەم ڕوانگەیە وەرگیراوە لەلایەن(Ham)، کە پێشـنیار دەکات نواندنەکان تایبەتبن بە یەک زمان و تەنانەت ڕەنگە لەناو یەک زماندا جیاوازبن بە پشـت بەسـتن بە پێگەی جوت دەنگیی لە وشـەدا( Ham: 2002: 12-16).

ئەوەی جێگای سـەرنجە، ئەو گفتوگۆیانەی کە دەربارەی نواندنی جوت دەنگییەکان دەکرێن بە شـێوەیەکی سـەرەکی لە دەوری جوت دەنگیی بنەڕەتی دەخولێنەوە و کەمتر سـەرنج خراوەتە سـەر جوت دەنگیی دروستکراو[١]. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە، کە جوت دەنگیی دروسـتکراو جیاوازە لە جوت دەنگیی

[١] بڕوانە پۆلێنکردنی جوت دەنگیی (٤-٤).

بنەڕەتی، جوت دەنگییە دروستکراوەکان ڕێگە بە گۆڕانکاری یان داهێنان(epenthesis) دەدەن، واتە بە نەگۆڕی نامێننەوە لەژێر کاریگەری یاسا فۆنۆلۆژییەکان، بەڵکو دەستکاری دەکرێن[1]. کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین، کە جوت دەنگیی دروستکراو بەهەمان سێ تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی وەک جوت دەنگیی بنەڕەتی دیاری ناکرێت، هەروەک لە پێشوتردا باسکران، بەڵگەی بەردەستیش هەیە بۆ جیاوازی نواندنی قوڵی جوت دەنگیی بنەڕەتی و دروستکراو، لە کاتێکدا بۆ جوت دەنگیی بنەڕەتی مشتومڕی یان بۆچونی یەک نواندنی بنچینەیی هەیە(وەک نەگۆڕیەتی و ڕاستییەتی)، بەڵام جوت دەنگیی دروستکراو وەک دو پارچەی(سەگمێنت)ی هاوسێ کار دەکەن، لەبەرئەوە بەگشتی لەلایەن دو بەش نوێنەرایەتی دەکرێن. ئەم ڕوانگەیە پەیوەندی بە بۆچونی ڕێدوان (Ridouane) لە جوت دەنگیی بنەڕەتی هەیە، کە پێی وایە نواندنێکی بەهێزتری هەیە بەراورد بە جوت دەنگیی دروستکراو( Ben Hedia: 2019: 10).

بەهەمان شێوە (Gussmann) لەبارەی جۆرەکانی جوت دەنگیی لە پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشدا باوەڕی وایە، کە دەبێت جوت دەنگیی دروستکراو بەشێوەی بەدواییەکداهاتنی دو پێکهاتەی سادە پیشان بدەین. ئەو باسی ئەوە دەکات، کە لە ژێرخانی(نواندنی ژێرەوە یان قوڵ) جوت دەنگیی دروستکراودا دو کۆنسۆنانتی چونییەک یەکدەگرن بەهۆی یەکگرتنی دو وشەوە، وەک وشە لێکدراوەکان. واتە جوت دەنگیی دروستکراو پێکهاتوە لە بەیەکەوەبەستنەوەی دو


[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کێنستویچ Kenstowicz ١٩٩٤ ، کیرچنەر Kirchner ٢٠٠١ و ڕیدوان Ridouane ٢٠١٠.

کۆنســـانتی چونییەک لە دو وشـــەدا یان دو مۆرفیمدا ( Gussmann: 2002: 26-27 ).


(کامبوزیا و تاجآبادی: ١٣٩١: ١٣١-١٣٢) لەم بارەیەوە دەڵێن: لە پێکهاتەی ڕوکەشـەدا(واتە لە ڕوخسـاردا) جۆرەکانی جوت دەنگیی جیاوازیان نییە، بەڵکو لە پێکهاتەی قوڵدا (لە بنجدا) جیاوازیان هەیە، دەتوانین بەهۆی پێکهاتنی بنەڕەتییەوە جیایان بکەینەوە. ئەگەر لە بنچینەدا تەواو ئەو بەدوای یەکدا هاتنە چونییەکە لە یەک وشــــەدابن، بە جوت دەنگیی بنەڕەتی نــاودەبرێن، بەڵام ئەگەر ئەو بەدوایەکداهاتنە هاوشــێوانە بەهۆی لێکچوییەوە یا لە ســنوری دو مۆرفیم یان دو وشەکاندا بەدیبێن، جوت دەنگیی دروستکراون.

بۆ زیاتر نیشـــاندانی نواندنی جوت دەنگیی لە پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەش سەرنجی ئەم هێڵکارییانە بدەن:

**٤-٧-١: نواندنی جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان**




**هێڵکاری ژمارە ٢٢ نواندنی جوت دەنگیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی قوڵدا**





**هێڵکاری ژمارە ٢٣ نواندنی جوت دەنگیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ڕوکەشدا**

---


[1] لەم پشاندانەدا M نیشانەی پێکهاتەیەکی جوت دەنگییە، لە زمانی کوردیدا لەبەرئەوەی هیچ نیشانەیەک و هێمایەک نییە بۆ جوت دەنگییەکان، بۆیە لە شێوەی دو جار نوسینەوەی فۆنێمەکە دەنوێندرێت.

لە هێڵکاری (٢٢) و (٢٣) مەبەســـت لەوەیە، کە لە جوت دەنگیی بنەڕەتیدا لە پێکهاتەی ڕوکەش و قوڵدا، جوت دەنگییەکان لە بنچینەی وشـەکاندا هەن، نەک دو پارچەی پێکەوەبەستراوبن یان بەهۆی پرۆسەکانەوە دروستبوبن.

بە نمونە وەک وشــــەی /ڕەققە/ [rəqqə]، لە پێکهـاتەی قوڵ و ڕوکەش لە هێڵکاری ژمارە (٢٤) و (٢٥) دەیخەینەڕو:





**هێڵکاری ژمارە ٢٤ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (ڕەققە) لە پێکهاتەی قوڵ**




**هێڵکاری ژمارە ٢٥ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (ڕەققە) لە پێکهاتەی ڕوکەش**


لە هێڵکـاری ژمـارە (٢٤) و (٢٥) بۆمـان دەردەکەوێـت، کە جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان لە پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشدا وەک یەکن، چونکە جوت دەنگییەکە لە بنچینەی وشەکاندا بونی هەیە.

## ٤-٧-٢: نوندنی جوت دەنگییە دروستکراوەکان




**هێڵکاری ژمارە ٢٦ نواندنی جوت دەنگیی دروستکراو لە پێکهاتەی قوڵدا**

لە هێڵکاری ژمارە (٢٦) مەبەســـت لەوەیە، کە جوت دەنگیی دروســـتکراو لە پێکهاتەی قوڵدا دو پارچە(دو وشــــە یان دو مۆرفیم)ن یەکدەگرن، یان بەهۆی توانەوە و لێکچویی دو فۆنێم جوت دەنگییەکە دروستدەبێت.





**هێڵکاری ژمارە ٢٧ نواندنی جوت دەنگیی دروستکراو لە پێکهاتەی ڕوکەشدا**

لە هێڵکاری ژمارە (٢٧) مەبەســـت لەوەیە، کە جوت دەنگیی دروســـتکراو لە پێکهاتەی ڕوکەشـــــدا دو پارچەکە یەکتریان گرتوە و وەک یەک پارچە خۆیان دەنوێنن، یان بەهۆی چونییەکی دو فۆنێم دروســـــتبون، کە لە پێکهاتەی قوڵ دو فۆنێمی جیـاوازن، بەڵام بەهۆی کـاریگەری فۆنێمێـک لەســــەر فۆنێمێکی تری تەنیشـــتی بونەتە چونییەک، یان پرۆســـەی لێکچویی بەســـەریاندا جێبەجێ بوە و جوت دەنگییەکە بەرهەمهاتوە.


بە نمونە وەک وشـــەی /ڕێککردن/ [rekkɨrɨd]، کە لە هێڵکاری (٢٨) و (٢٩)، هەروەها وشەی /توندتر/ [tundtɨr]، لە هێڵکاری (٣٠) و (٣١) ڕوندەکەینەوە:

**ــ پشاندانی پێکهاتەی قوڵی وشەی (ڕێککردن):**





**هێڵکاری ژمارە ٢٨ نواندنی پێکهاتەی قوڵی وشەی (ڕێککردن)**

**ــ پشـــاندانی پێکهاتەی ڕوکەشـــی وشـــەی (ڕێککردن) لەدوای یەکگرتنی دو پارچەکە(دو مۆرفیم یان دو وشە):**





**هێڵکاری ژمارە ٢٩ نواندنی پێکهاتەی ڕوکەشی جوت دەنگیی وشەی (ڕێککردن)**

**ـ پشاندانی پێکهاتەی قوڵی وشەی (توندتر):**




**هێڵکاری ژمارە ٣٠ نواندنی پێکهاتەی قوڵی وشەی (توندتر)**

**ـ پشاندانی پێکهاتەی ڕوکەشی وشەی (توندتر) لەدوای کارکردنی پرۆسەی توانەوە(تونتتر):**




**هێڵکاری ژمارە ٣١ نواندنی پێکهاتەی ڕوکەشی وشەی (تونتتر) دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی توانەوە**

هەروەک ئەم نمونانە دەریدەخەن، ئەگەر جوت دەنگییەکە لەنێوان دو وشەدا درەنگ بەدیبێت، ئەوا پرۆسەی جوت دەنگیی بنەڕەتی ڕونادات. لەم نمونانەدا جوت دەنگیی تەنها لە زنجیرەیەک وتنی پێکەوەگرێدراو، یان بەهۆی کاریگەری پرۆسەی توانەوەوە بەرهەمهاتون، لە توانەوەی تەواوەتییدا تەواوی

تایبەتمەندییەکانی یەکەیەکی دەنگیی لە یەکەیەکی دەنگیی تردا بڵاودەبێتەوە. واتە، دەنگێک کاریگەری دەکاتە سەر دەنگێکی تری تەنیشتی، لەم حاڵەتەشدا هەردو دەنگەکە لە هەمو ڕویەکەوە دەبنە هاوشێوەی یەکتر. شایەنی باسکردنە کە کۆنسۆنانتە جوت دەنگییە بنەڕەتییەکان پرۆسەی توانەوە کاریگەری لەسەریان نییە، واتە بەهۆی لێکچونی دو دەنگ یان کاریگەری دەنگێک لەسەر دەنگێکی تر دروست نەبون، بەڵکو لە بنچینەدا جوت دەنگییان تێدایە(کامبوزیا و تاج‌آبادی: ١٣٩١: ١٣٢_١٣٣).

کەواتە دەتوانین بڵێین، جوت دەنگیی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ژێرەوە و پێکهاتەی ڕوکەشدا وەک یەکترن و لە یەک وشەدان و جوت دەنگییەکە لە بنچینەی وشەکاندا هەیە، بەڵام جوت دەنگیی دروستکراو، کە جوت دەنگیی ڕۆنانی و دروستبونی جوت دەنگیی بەهۆی پرۆسەکانەوە دەگرێتەوە، پێکهاتەی قوڵ و ڕوکەشیان جیاوازە، چونکە لە ئەنجامی یەکگرتنی دو وشە یان دو مۆرفیم، واتە سنوری وشە یان مۆرفیم ڕودەدەن، یانیش بەهۆی پرۆسەی فۆنۆلۆژیی وەکو(توانەوە و گۆڕانی دەنگ) دروستبون. جێگای ئاماژەپێکردنە هەریەک لە جوت دەنگیی بنەڕەتی و ڕۆنانی و دروستبونی جوت دەنگیی بەهۆی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانەوە لە پێکهاتەی ڕوکەشدا وەک یەکترن، بەڵام لە پێکهاتەی قوڵدا جیاوازن.

### ٤-٨: پەیوەندی جوت دەنگی و هێماکانی لە نوسیندا

چۆنیەتی خوێندنەوە یان چۆنیەتی گوتن و نوسینی جوت دەنگییەکان بابەتێکی زۆر گرنگە و جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئایا خوێندنەوەی جوت دەنگییەکان وەک یەک فۆنێم یان دو

فۆنێم یان نوسینیان وەک یەک یان دو پیت کێشەیە یاخود نا؟، کە ئەمەش بە جیاوازی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا، کە دیاردەی جوت دەنگییان تێدایە.

جوت دەنگیی لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بە بەکارهێنانی جیاکەرەوەیەک (هێمایەک) کە پێیدەوترێت (شەددە)، جیا دەکرێتەوە. بە واتایەکی تر، یەکێک لە دو شێوەی پیتی کۆنسۆنانتەکە دەنوسرێت و نیشانەی شەددە واتە ( ّ) لەسەرەوەی ئەو پیتەدا دادەنرێت، کە لەم حاڵەتەدا بەو پیتە دەڵێن "مشدد"، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم شەددەیە، بریتییە لە هاتنی دو دەنگی لێکچو لەپاڵ یەکتر(Mubarak and jebur: 2018: 32). لەلایەکی ترەوە (El-saaran) ئاماژە بەوە دەکات هێمایەکی بچوک، کە پێیدەڵێن (شەددە)، لەسەر کۆنسۆنانتەکە دادەنرێت وەک ئاماژەیەک بۆ جوت دەنگیی کۆنسۆنانت، (Al-khalil) بۆ یەکەمجار ئەم نیشانەیەی بەکارهێنا بۆئەوەی خۆی لە سەرلێشێوان لەنێوان وشە جیاوازەکان لابدات(El-saaran: 1951: 158). **بە نمونە** وشەی (علّامە) لە زمانی عەرەبیدا، وشەی (تلّە) لە زمانی فارسیدا.

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هیچ هێمایەک یان نیشانەیەک نییە بۆ جیاکردنەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵکو لە نوسیندا بە دوبارەکردنەوەی پیتە کۆنسۆنانتەکە پشاندەدرێت و دەنگەکە بە دوجار دەنوسرێت، وەک وشەکانی (Unnatural, Immortal, Dissatisfied). زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی هیچ هێمایەک یان نیشانەیەکی نییە بۆ جیاکردنەوەی دیاردەی جوت دەنگیی، بەڵکو دەنگەکە بە دوجار دەنوسرێت. بە واتایەکی تر، "لە ڕێنوسی ئەمڕۆی کوردی ئەم دیاردەیە هیچ نیگارێک و پیتێکی بۆ دانەنراوە و بۆ پاراستنی ئەم دەنگە لە ئاستی ڕێنوس بەشێوەی دەرکەوتنی دو پیت بەکاردێت وەکو

(شـــەممە، موحەممەد، مەککە، حەتتا، جەددە ... تاد). واتە لەســـەر پیتەکە درێژەی دەنگی دەگری و پیتەکە بەشـــێوەی بێژەکردن، دوبارە دەکەینەوە. ئەم دیاردەی (Gemination) وەکو لێڵیەکی ڕێنوس هەڵســوکەوتی لەگەڵ دەکرێت. لە ئاســتی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژی و باری لێکســـیکی زمانی کوردی، چەند وشـــەیەک بەشێوەی دوجار نوسینەوەی پیت دەردەکەوێت"(ژاکاو : ١٣٩٩ :١٣٨).

لەبارەی هاتنی دو کۆنســـۆنانتی چونییەک لەپاڵ یەکتر لە نوســـیندا (محەمەد) دەڵێت: "من بەش بە حاڵی خۆم لەهیچ حاڵ و باردا ڕەوا نابینم بۆ تاکە دەنگ دو پیت قەرارادە بکرێ، چونکە تاکە یەک هۆ و بەڵگە پشتگیری لێ ناکات. دەنگەکان، جگە لە دیفتۆنگ، قەڵەو بن و لاواز بن تاکە دەنگن. ڕاســـتیەکەی تەنها لە حاڵەتی گوشـینی دەنگدا، کە بە تەواوی دەبێتە دو دەنگی تێکچڕمســاو ڕەوایە، بەڵکو پێویستە دو دەنگ بنوسرێت، وەک(کەللە، گوللە، شەننەومەننە ...)."(محەمەد: ١٩٨٢: ٥).

هەروەها (Ahmed and Sameer: 2016: 8) سـەبارەت بەم دیاردەیە لە نوســـیندا ئاماژەیان بەوە داوە، کە نابێ جوت دەنگیی گرنگی پێنەدرێت و پشتگوێ بخرێت، بەڵکو دەبێت لەو وشانەی کە جوت دەنگییان تێدایە بەکاربێت و پیشـــانبدرێت، چونکە جوت دەنگیی دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی مانا، بە بۆچونی ئەوان جوت دەنگیی لە هەرشوێنێک بێت چ لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی، مانای وشەکان دەگۆڕێت.

هەروەها (Fattah) لەم بارەیەوە دەڵێت: "جوت دەنگیی کۆنســـۆنانت هەندێ کات لەگەڵ هاوتا تاک دەنگییەکەی جیاوازە."وەک :

(کەللە، کەلە)

وشەی (کەللە) بە واتای (سەر، کەللەی سەر) دێت، بەڵام وشەی (کەلە) بە واتای (گرد، کێوی بچوک) دێت.

(کوللە، کولە)

وشەی (کوللە) ناوی گیاندارێکە، بەڵام وشەی (کولە) هاوەڵناوی چۆنیەتییە بە واتای (سواو، کول کردن) دێت(Fattah: 1997: 43-44).

کەواتە دەتوانین بڵێین، جوت دەنگیی خاسـیەتێکی پێویسـت و ناچاری گرتۆتەخۆ کە وایکردوە لە سیستەمی نوسین و خوێندنەوەشدا بەکاربێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە جگە لەوەی دەتوانێت مەبەسـت و مانای وشـە بگۆڕێت، هەروەها دەتوانێت حاڵەتی ڕێزمانی وشەیەک بگۆڕێت( Mubarak and jebur: 2018: 32). **بۆ نمونە:**

(شەقە ، شەققە)

لە وشـەی (شـەقە، شـەققە)، وشـەی (شـەقە) لێرەدا مەبەست لە (شـەقی مرۆڤ)ە یان (شـەقە) مۆرفیمی دەنگە، وشـەی (شـەققە) ئامێرێکە هاوشـێوەی گۆچان کاتێک مرۆڤێک لاقی شـکابێت، لێرەدا جوت دەنگیی واتای وشـەکەی گۆڕیوە.

(زلە ، زللە)

بەهەمان شێوە لە وشەی (زلە، زللە)، وشەی (زلە) ناوی دیارخەری (زلە)، واتە کەس یان شـتێک یان بابەتێک (گەورە، مەزن)ە، کرداری (زللە) کە مرۆڤ بەشێوەی دەست بەرزکردنەوە بەکاری دێنێت.

(گولە ، گوللە)

هەروەها لە وشـــەی (گولە، گوللە)، وشـــەی (گولە) ناوی دیارخەری چۆنیەتی دروست دەکات بۆ کەسێک یان گیانلەبەرێک کە (گول) بوە (نەخۆشیەکی تایبەت)، لە وشەی بەرانبەری خۆی بە دو پیتی (گوللە) بە واتای (فیشەک) دێت.

(مەکە ، مەککە) (مەکە) کرداری نەرێیە لەگەڵ ناوی تایبەتی شاری (مەککە) (ژاکاو: ١٣٩٩: ١٣٨_١٣٩).

لەم وشـانەی باسـمان کردن و ئاماژەمان پێدان، لە یەکێک لە وشـەکان جوت دەنگیی تێدا ڕەچاوکراوە و لە ئەویتریان ڕەچاونەکراوە، ئەوە خراوەتەڕو، کە بوەتە هۆی گۆڕینی مانا و هەر وشـەیەک بۆ مەبەسـتی تایبەت بەکاردێت، بەمەش گرنگی ڕەچاوکردنی ئەم دیاردەیەیان سەلماندوە.

لەگەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە ئاماژە بەوە بدەین، کە جوت دەنگیی هەندێجار بەکارهێنانی دڵخوازانەیە و دەربڕینی بە یەک کۆنسۆنانت واتا ناگۆڕێت، بەتایبەتی لە جوت دەنگییە دروسـتکراوەکان. بۆ نمونە وشـەکانی (چاککردن، کورتتر، دەسـتتان) ئەگەر بە (چاکردن، کورتر، دەسـتان)یش دەربربڕدرێن، واتاکەیان ناگۆڕێت و هەمان واتا دەگەیەنن.

لێرەدا پێویسـتە سـەرنج بدەینە سـەر ئەوەش، کە لە ڕێنوسـی زمانی کوردیدا جوت دەنگیی ڤاوڵ بونی نییە، چونکە وەک ئاشـکرایە، کە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە ڕێگە نادات دو ڤاوڵ لەتەنیشـت یەکتری بێن، بەمەش کاتێک دو ڤاوڵی چونییەک دەکەونە تەنیشـت یەکتری، یان یەکێکیان لەناودەچێت یان نیمچە کۆنسۆنانتێک دێتە نێوانیان، وەک:

کابرا + ەکە > کابراکە (لێرەدا ڤاوڵێک لەناوچوە)

خونچە + ەک > خونچەیەک (لێرەدا نیمچە کۆنسۆنانتێک هاتۆتە نێوانیان)

له وشـــەی یەکەمدا کاتێک نیشـــانەی ناســـراوی خراوەتە ســـەر وشـــەکە، لەبەرئەوەی دو ڤاوڵەکە کەوتونە تەنیشت یەکتر، یەکێکیان لەناودەچێت. له وشەی دوەمیشدا بەهەمان شێوە کاتێک نیشانەی ناسراوی دەخرێتە سەر وشەکە نیمچە ڤاوڵێک پەیدادەبێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هیچ کاتێک یاســـــای زمانی کوردی ڕێگە بە هاتنی دو ڤاوڵ نادات لەتەنیشـــت یەکتر، بۆیە جوت دەنگیی ڤاوڵ بونی نییە. لەم بارەیەوە (ژاکاو) دەڵێت: "جوت دەنگیی لە زوانی کوردی بەشێوەی نەبزوێن، وەکو واج دەردەکەوێ. کەچی لە بـازنەی فۆنۆلۆژیی زوانی کوردی و ڕێســــــای دو بزوێن بەدوای یەکەوەنەهــاتن، دیــاردەی (abalaut) بە کەم دەردەکەوێت و تاڕادەیەک هەر نیە، واتە ئەوەی کە دو پیتی بزوێن لەگەڵ یەک دەربکەون و وەکو دوجار نوســینەوە بیاننوســین لەنێو زمانی کوردی نیە، کەچی لەبەشـــی کۆنســـۆنانتەکان ئەم دیاردەیە لەنێو زمانی کوردی بەشـــێوەی دوجار نوســــــینەوەی پیت دەردەکەوێت."(ژاکاو: ١٣٩٩ :١٣٨). بەڵام لە زمانی عەرەبیدا، هەروەک پێشتر باسمان کرد، بەپێی پێناسەی (Hassan) بۆ جوت دەنگیی، جوت دەنگیی ڤاوڵ بونی هەیە، چونکە ئەو جوت دەنگیی دابەش دەکات بۆ دو گروپ، ئەوانیش جوت دەنگیی کۆنســــــۆنانت و ڤاوڵە درێژەکانن، ئەو بە هێنانەوەی ئەم نمونانە جوت دەنگیی کۆنسۆنانت و ڤاوڵ، ڕوندەکاتەوە:

متّن

م ت ت ن (جوت دەنگیی کۆنسۆنانت)

کاتب (نوسەر) /ka: tib/ /kaa tib/ (ڤاوڵی درێژ)

(Hassan: 1970: 119_120)

بەم شـــێوەیە دەتوانین بڵێین، لە زۆربەی زۆری ئەو وشـــانەی کە جوت دەنگییان تێدایە کاتێک بەبێ جوت دەنگیی دەرببڕدرێن و بنوســـرێن واتایان جیـاوازە لەوەی کە بە جوت دەنگیی دەرببڕدرێن. هەڵبەت نوســـەر بە هیچ شـــێوەیەک پێویســـتی بە زانینی ئەم بابەتە نییە، لە هەر کوێ جوت دەنگیی بەر گوێ بکەوێت، پێویسـتە بە جوت دەنگ بنوسـێت، لە هەر شـوێنێکیش بەبێ جوت دەنگیی دەرببڕدرێت، دەبێت بەبێ جوت دەنگیی بینوسێت.

## ٤-٩: جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا


مەبەست لە جێکەوتەی جوت دەنگیی لە وشەدا یان ژینگەی جوت دەنگیی، شـــوێنی دەرکەوتنیانە لەناو وشـــەدا. جوت دەنگیی بە شـــێوەیەکی ئاســـایی لە هەندێک ژینگەی دەنگیی دیاریکراودا ڕودەدات. بە شـێوەیەکی گشـتی لە زماندا لە سێ شـوێندا بونی هەیە: سـەرەتا و کۆتایی بڕگە و لەنێوان دو بڕگە (لە سـنوری دو بڕگە)، دو شـــوێنی یەکەم (دو حـاڵەتی یەکەم) جوت دەنگیی یەک بڕگەیی، شـــوێنی ســـێیەم (حاڵەتی ســـێیەم) جوت دەنگیی دو بڕگەیی یان نێوانە بڕگە ناودەبرێت(جم: ١٣٩٤: ١٨).

کەواتە جوت دەنگیی بەپێی شـــوێنی دەرکەوتنیان پۆلێن دەکرێن بۆ ئەم جۆرانە:

### ٤-٩-١: جێکەوتەی سەرەتای وشە

بریتییە لە هاتنی جوت دەنگیی لە سەرەتای وشە. ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە جوت دەنگیی لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا نایەت، بەڵام لە زمانی تروکیدا ئەم جۆرە بەرچاودەکەوێت، وەک:


/ffit/ fit_



(جم: ١٣٩٤: ١٨)

**هەروەها لە زمانی ڕوسیشدا ئەم جۆرە دەردەکەوێت، وەک:**

/vverx/ _



(Kubozono: 2017: 44)


لەم دو نمونەیەدا جوت دەنگییەکە لە سەرەتای وشەکاندا هاتوە. ئەم جێکەوتەیەیان لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا جوت دەنگیی لە سەرەتای وشەدا نایەت و دەکەوێتە دو بڕگەی جیاوازەوە نەک تاکە بڕگەیەک.

### ٤-٩-٢: جێکەوتەی ناوەڕاستی وشە

بریتییە لە هاتنی جوت دەنگیی لە ناوەڕاستی وشە. ئەم جۆرەیان سەرجەم جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی دەگرێتەخۆ. بە واتایەکی تر، هەمو ئەو وشانەی کە جوت دەنگییان تێدایە لە زمانی کوردیدا دەگرێتەوە. لێرەدا جوت

دەنگییەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی وشە و لە بڕگەی جیاوازدا دێن، بۆیە زۆرجار پێیان دەوترێت جوت دەنگیی نێوانە بڕگە. لە زمانی فارسیشدا بەهەمان شێوەی زمانی کوردی، جوت دەنگیی لە دو سەری وشەکاندا، واتە لە سەرەتا و کۆتایی وشەکاندا، نایەت. بەڵکو بەهۆی دابەشی بڕگەییەوە هەمو کات لەنێوان وشە و لەنێوانی دو بڕگە ڕەچاودەکرێت یاخود دێت. بە نمونە وشەی (عمّە) /am.me/ /، وەک دەبینرێت بەشێک لە جوت دەنگیی کۆنسۆنانت لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و بەشێکی تر لە سەرەتای بڕگەی دواتردا هاتوە، واتە کەوتونەتە بڕگەی جیاوازەوە(کامبوزیا و تاجآبادی: ١٣٩١: ١٣٥). وەک:

_ قوللە /qulle/




**لێرەدا جوت دەنگییەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی وشەکە و لە بڕگەی جیاوازدا هاتون.**

### ٤-٩-٣: جێکەوتەی کۆتایی وشە

بریتییە لە هاتنی جوت دەنگیی لە کۆتایی وشە. بەهەمان شێوەی جوت دەنگیی سەرەتا، جوت دەنگیی کۆتاییش لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام ئەم جۆرەیان لە زمانی عەرەبیدا هەیە، وەک:

_ مشمّ /maʃamm/

× × × × × ×

(Ahmed and Sameer: 2016: 8) m a ʃ a mm

_ مصفّ /masaff/

× × × × × ×

(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٣٢٦) m a s a ff

کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین زمـانەکـان جیـاوازن لەڕوی جێکەوتەی دەرکەوتنی جوت دەنگیی لە وشـەدا. بە نمونە، باوترین شـوێنی جوت دەنگیی لە زمانی عەرەبیدا بریتیین لە ناوەڕاسـت و کۆتایی وشـە، تێبینی ئەوە کراوە لە سـەرەتای وشـە کەمتر باوە، لەم بارەیەوە (Watson) دەڵێت ڕودانی جوت دەنگیی لە وشـەدا، جێکەوتەی ناوەڕاسـتی وشـە و کۆتایی وشـە، یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکان لە زمانی عەرەبیدا(Watson: 2002: 233). لە زمانی فارسـیشـدا جوت دەنگیی لە دو سـەری وشـەکاندا واتە لە سـەرەتا و کۆتایی وشـەکاندا نایەت. بەڵکو بەهۆی دابەشـی بڕگەییەوە هەمو کات لەنێوان وشـە و لە نێوانی دو بڕگەدا دێت. بە نمونە وشـەی(کمّی) [cammi]، وەک دەبینرێت بەشـێک لە جوت دەنگیی کۆنسۆنانت لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و بەشـێکی تر لە سـەرەتای بڕگەی دواتردا هـاتوە، واتە کەوتونەتە بڕگەی جیاوازەوە (کامبوزیا و تاجآبادی: ١٣٩١: ١٣٥). بەپێی داتای توێژینەوەکەمان لە زمانی کوردیشدا هاوشێوەی زمانی فارسـی، جوت دەنگیی تەنها لە جێکەوتەی ناوەڕاسـتی وشـەدا هەیە (ئەم حاڵەتە سـەبارەت بە وشـە وەرگیراوەکانیش ڕاسـتە)، واتە باوترین شـوێنی جوت دەنگیی بریتییە لە ناوەڕاسـتی وشـە، کە هەمو ئەو وشـانەی جوت دەنگیان تێدایە دەگرێتەخۆ، هیچ وشـەیەکمان نییە، کە لە سـەرەتاکەی یان کۆتاییەکەی ئەم

دیاردەیە بونی هەبێت. بە واتایەکی تر، سنورێکی دەنگیی لە زمانی کوردیدا هەیە، کە بەرگری دەکات لە دەرکەوتنی جوت دەنگیی کۆنسۆنانت لە سەرەتا و کۆتایی وشەدا. (ئیسماعیل: ٢٠٠٩: ١١٣) وشەی (ددان)ی وەک نمونە هێناوەتەوە لەباسی جوت دەنگییدا، هەرچەندە ئەم وشەیە لە شێوەی جوت دەنگییدار خۆی دەنوێنێت، بەڵام بەهۆی بونی بزرۆکە لەنێوان ئەم دو کۆنسۆنانتە، بە جوت دەنگیی دانانرێت، جگە لەم وشەیە چەند وشەیەکی ترمان هەیە لەو شێوەیەن، لەوانە /ببە، ببڕە، سست، کۆشش، بەخشش/ [bɨbə]، [bɨbrə]، [sɨst]، [koʃɨʃ]، [bəxʃɨʃ]، بە سەرنجدان لەم وشانە دەردەکەوێت، کە لەنێوان کۆنسۆنانتەکان بزرۆکە هەیە و لە تاکە بڕگەیەکدان، بەمەش جوت دەنگیی ڕونادات. کەواتە لە وشە یەک بڕگەییەکاندا جوت دەنگیی دروست نابێت. لەلایەکی ترەوە ئەگەر بڕگە بە کۆنسۆنانتی جوت دەنگ کۆتایی پێبێت، ئەو بڕگەیە لەڕوی کێشەوە هەمو کاتێک بە بڕگەیەکی قورس و گران هەژماردەکرێت. لەسەر بنەمای دەستورە تایبەتەکانی زمان کوردی، کۆنسۆنانتێک ناتوانێت لە یەک بڕگەدا دو شوێن بگرێت و بەیەکەوەبێن لە هەمان کاتدا، تەنها لە حاڵەتی جوت دەنگیی و لە سنوری دو بڕگەدا کۆنسۆنانتێک دەتوانێت لە دو جێگا و لە یەک کاتدا یەکتربگرن و بەیەکەوەبێن.

## ٤-١٠: جوت دەنگیی بەپێی ڕیشەی وشەکان

مەبەست لە مێژو و ڕیشەی وشە، ئەو بەشەیە لە زانستی وشە، کە لە پەیدابون و وەرگرتن و گەشەکردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە، دەدوێت(مارف: ١٩٧٥: ٢٥). مەبەست لە جوت دەنگییش بەپێی ڕیشەی وشەکان ئەوەیە، لێرەدا دەمانەوێت ئەوە ڕونبکەینەوە، کە ئایا ئەم دیاردەیە لە وشە

ڕەســـــەنەکانی زمـانی کوردیـدا هەیە، یـاخود تـایبەتە بە زمـانی تر و دواتر بە تێکەڵبونی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی تر، بەتایبەتی زمانی عەرەبی یان فارســی، وشەی جوتدەنگییدار لە زمانی ترەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردی و بەکارهێنانیان بوەتە باو.


مەبەست لە وشـەی ڕەسـەنی کوردی ئەو وشـانەن کە کورد دایهێناون و شـــێوە و خاســـیەتی کوردییان پێدراون و بونەتە ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی و ئابوری... میللەتی کورد. هەروەها وشـــەی کوردی ڕەســـەن ئەو وشـانەن، کە لە سـەدەی نۆیەمی دوای زایینیەوە هەتا ئەمڕۆ پەیدابون، ئەم جۆرە وشــانە تایبەتمەندیی وتوێژی کوردییان هەیە و بێگومان بونیان لە زمانێکی تردا، ئەوە نیشاندەدەن، کە لە زمانی کوردییەوە وەرگیراون (هەمان سەرچاوەی پێشو: ٣٥-٣٦)

مەبەســـــت لە وشـــەی وەرگیراویش، وشـــەیەکە لە زمـانێکی ترەوە وەردەگیرێت، هەروەها پێشـــیدەوترێت خواســـــتراو (حەمید: ٢٠٠٩: ٤٣). هەمو زمانەکانی جیهان وشــە دێتە ناو زمانەکەیانەوە لە ئەنجامی هۆکاری سـیاسـی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، بێگومان زمانی کوردیش هەروەک زمانانی تر ســودی لە زمانی تر وەرگرتوە و وشـــەی لە زمانی ترەوە هێناوەتە ناو زمانەکەوە، بەڵام سەبارەت بەم دیاردەیە سەرەڕای هەبونی ئەو وشانەی کە جوت دەنگییان تێدایە، کە لە زمـانی ترەوە هـاتونەتە نـاو زمـانی کوردی، بەپێی داتـای توێژینەوەکەمـان زۆربەی ئەو وشـانەی جوت دەنگییان تێدایە وشـەی ڕەسـەنی کوردین، هەروەها زۆر بەکارهێنانیان لە قسـەکردندا سـەلمێنەری ئەو ڕاسـتییەیە، کە بێگومان جوت دەنگیی لە وشـــە ڕەســـەنەکانی زمانی کوردیدا هەیە. بە نمونە ئەگەر ســـەیری هەریەک لە وشـــەکانی (گوللە، کوللە، زللە، هەڵڵا، شـــەققە) بکەین، دەبینین ئەم

وشانە وشـەی ڕەسـەنی کوردین و لە زمانانی تر نەهاتونەتە ناو زمانەکە. کەواتە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە لە زمـانی کوردیدا. بەڵام لەهەمـان کـاتـدا جێگای ئاماژەپێکردنە، کە لە داتای توێژینەوەکەماندا بەشێک وشـە هەن لە زمانی ترەوە خواستراون، وەکو: (میللەت، موددە، سرڕە، حەللاق، ...).

## ٤-١١: جوت دەنگیی و دەرکەوتنی بەپێی قاڵبی بڕگە

دەتوانین بڵێین جوت دەنگیی پەیوەنـدی ڕاسـتەقینەی لەگەڵ بڕگەی وشـەکاندا هەیە. لە زمانی کوردیدا بەزۆری جوت دەنگیی کۆنسـۆنانت لەگەڵ دو ڤاوڵدا دادەنرێت، واتە هیچ کات جوت دەنگیی لە یەک بڕگەدا نایەت، بەڵکو هەر یەکێکیان دابەش دەبێت بەسـەر بڕگەی جیاوازدا و هەریەکەیان لەگەڵ ڤاوڵێکدا دێن، جا ڤاوڵەکان چونییەکبن یان جیاواز. ئەم سنورە لە داڕشتنی بڕگەیی زمانی کوردییەوە سـەرچاوەی گرتوە، چونکە بەزۆری یەک دانە کۆنسـۆنانت دەتوانێت لە یەک شـوێنی بڕگەکەدابێت، واتە دو دانە کۆنسـۆنانت چونییەک بەیەکەوە لە بڕگەیەکدا نایەن. بەهۆی دابەشـکردنی بڕگەییەوە لەدوای کۆنسـۆنانتی جوت دەنگییەوە لە زمانی کوردیدا کۆنسـۆنانتێکی دیکە ناتوانێت دابنرێت. لەلایەنێکی ترەوە، چونکە لە بڕگەکانی ناکۆتایی وشـەیەک بەگشـتی بڕگەی CCV ،CVC یان CV بەکاردەهێنرێت و داڕشـتگەلێ بە شـێوازی CVCCCVC لە یەک وشـەدا ڕەچاوناکرێت، لەپێش جوت دەنگیی کۆنسـۆنانت ناتوانرێت کۆنسـۆنانتێکی تر دابنرێت. هەروەهـا لەلایەکی ترەوە (جوت دەنگییەکـان لەنێوان دو ڤـاوڵـدا دێن، زۆربەی جاریش ئەو ڤاوڵانەی، کە لەپێش جوت دەنگە کۆنسـۆنانتەکان دێن، ڤاوڵی کورتن.)(کامبوزیا و تاجآبادی: ١٤٠: ١٣٩١). **بۆ نمونە:**




**هێڵکاری ژمارە ٣٢ نواندنی جوت دەنگیی وشەی (کەللە)**

ئەگەر سـەیری وشـەی (کەللە) بکەین، دەبینین هەریەک لە کۆنسـۆنانتە چونییەکەکان کەوتۆتە بڕگەی جیاوازەوە و بەیەکەوە لە یەک بڕگەدا نەهاتون، هەروەهـا لەدوای جوت دەنگییەکە کۆنسـنـانتێکی دیکە بونی نییە، لەلایەکی تریشـەوە ئەو ڤـاوڵەی پێش جوت دەنگییەکە هـاتوە ڤـاوڵێکی کورتە، قـاڵبی بڕگەکانیشی بەم شێوەیەیە:

کەل/لە CVC/CV

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لە زمانی کوردیدا جوت دەنگیی دەکەوێتە بڕگەی جیاوازەوە، هەرگیز بەیەکەوە لە یەک بڕگەدا نایەن، چونکە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە ڕێگە بەم بەیەکەوەهاتنە نادات لە تاکە بڕگەیەکدا.

## ٤-١٢: جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی و سیماکانیان

سـیمـای جیاکەرەوە کرۆکی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنـانە، لە زمـانەوانیـدا بەگشـتی سـیمای جیاکەرەوە بە بنچینەیەکی سـەرەکی فۆنۆلۆژیی دادەنرێت، هەروەها شـیکاری تیۆری فۆنۆلۆژیی لەسـەر بنیادنراوە. سـیمای جیاکەرەوە پێکدێت لە کۆمەڵێک بەش و یەکەی جیاجیا، کە بەپێی سـروشـتی زمانەکان

دەگۆڕێت و لەســـەر چەند بنەمایەک دابەشــکراون، مەبەســت لە بەکارهێنانیان، دیاریکردنی لایەنی هاوبەش و جیاوازییە لەنێوان فۆنیمەکان.

سـیمای جیاکەرەوە یەکێکە لە تایبەتمەندی و لایەنە گرنگەکانی فۆنیمەکان بەگشـــتی. هەروەک دەزانین مرۆڤ ئەو فۆنیمانەی کە دەریاندەبڕێت بە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە جیاوازن لەڕوی دروسـتبون و جۆری ئاواز و گڕی و کپی و دەرچونی هەوا و لەرەی دەنگەکان، هەروەها هەڵوێســـتی ئەندامانی ئاخاوتن لەکاتی گۆکردنی هەر فۆنیمێک.

ســـیماجیاکەرەوەکان لە بەرهەمە جیاوازەکاندا بەشـــێوەی جیاواز و لە دیدگای جیاوازەوە شرۆڤەکراون، بە نمونە (ڕۆمان جاکبسۆن) لە ساڵی (١٩٥٢)دا سیماجیاکەرەوەکانی لەسەر بنەمای فۆنەتیکی بیستەنی (ئۆکۆستیکی) خستۆتەڕو، ئەمەش بۆ ماوەی یەک دەیە دوای ساڵی (١٩٥٩) کارایی هەبوە. لە ساڵی (١٩٦٨) چۆمسـکی و هالی بە خسـتنەڕوی بەڵگە و پاسـاوگەلێک سـیما جیاکەرەوەکانیان لەســەر بنەمای (درکاندن) پتەوکرد و بەکاریان هێنا بۆ جیاکردنەوەی فۆنیمەکان و سەرەنجام فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنانیان هێنایەکایەوە (حەمید: ٢٠١٥: ٥١).

کەواتە دەتوانین بڵێین، نوســـینەوەی یەکەکانی فۆنۆلۆژیی لە قاڵبەکانی ماتریکس لە تایبەتمەندی دو بەهایی، ســـەرەتا لە قوتابخانەی پراگ لەلایەن (ترۆبتسـکۆی ، یاکۆبسـن) ناسـرا. بەڵام لە پێوانەی SPEدا ئەم تایبەتمەندیانە هەموارکرانەوە و کارایی هەر یەکێکیان لە قاڵبێکی ســیســـتەمی یەکگرتوتر لێکدانەوەی بۆ کرا. ئەم تایبەتمەندیانە نەک تەنها بە مەبەسـتی وەسـفی پێکهاتەی فۆنەتیکی، بەڵکو بەمەبەســـتی پۆلێنکردنی ئەو ڕوبەڕوبونەوە فۆنۆلۆژییانەی، کە لە زماندا ڕودەدات، کارایی زیاتریان بەدەســـتهێنا. چۆمســـکی هالیش بە خوێندنەوەی پێکهاتەی کۆئەندامی ئاخاوتنی مرۆڤ و پێداویســـتیەکانی

بەرهەمهێنان، کۆکراوەیەک لە هەژدە تایبەتمەندی فۆنۆلۆژییان بە (٣٦) ئەگەرەوە خســـتەڕو. ئەم ئەگەرانە بە چـالاکبون یـان نـاچـالاکبونی هەر تـایبەتمەنـدیەک بەشـــێوەی ئەرێنی و نەرێنی دروســـتبون. لەڕاســـتیدا لە پێوانەی دەنگی زمانی ئینگلیزی (SPE) هەم جیـاوازی فۆنۆلۆژیی و هەمیش فۆنەتیکی بەیەکەوە باسـکران. لەم بەرهەمەدا بۆ کۆنسـۆنانتەکان و ڤاوڵەکان تایەتمەندی جۆراوجۆر و جیاواز باســـکراون. بە واتایەکی تر، هەندێک لە تایبەتمەندییەکان تایبەتن بە ڤاوڵەکان و هەندێکیش تایبەتن بە کۆنســـۆنانتەکان، لەکاتێکدا کە لە تایبەتمەندییە پێشـکەشـکراوەکان لەلایەن یاکوبســن، ئەم تایبەتمەندییانە بۆ دو گروپی ڤاوڵ و کۆنسـۆنانت دەگەڕێنەوە، واتە لای یاکۆبسـن ئەم تایبەتمەندییانە تایبەت نەکراون بە ڤاوڵ یان کۆنســـۆنانتەکان، بەڵکو هەردوکیان دەگرێتەخۆ. ســـیســـتەمی پێشکەشکراوی چۆمسکی و هالیَ لەڕوی جیهانیبون، سنورداربون و دو بەهایی بونی تایەتمەندییەکان، هاوشێوەی سیستەمی یاکۆبسنە(کامبوزیا: ١٣٩٣: ٢١-٢٢).

لە پێوانەی SPE تایبەتمەندییەکان بەشێوەی (+) و (-) خراونەتەڕو، واتە لەکاتی ئامادەبونی یەکێک لە ســـیماکاندا، نیشـــانەی (+) و لەکاتی ئامادەنەبونی ســـیمـایەکدا، نیشـــانەی (-) دادەنرێت و بەم شـــێوەیە فۆنێمەکان لەیەکتری جیادەکرێنەوە(حەمید: ٢٠١٥: ٥٢).

سـیما جیاکەرەوەکانی فۆنێمەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە فۆنێم کەرت دەکرێـت بۆ پـارچەی وردتر لە خۆی و هەر فۆنێمێـک پێکهـاتوە لە کۆمەڵە سیمایەکی جیاکەرەوە. کەواتە سیماکان دانەی هەرە بچوکی زمانین، کە دەتوانین فۆنێمەکـانی زمـانیـان پێ کەرت بکەین بۆ دانەی لە خۆیـان بچوکتر، کە ئەمە تاڕادەیەک شتێکی نوێیە لە ئیشکردن لەسـەر کەرەستەکانی زمان، چونکە پێشتر دەگوترا فۆنێمەکان بچوکترین کەرەستەی زمانین.

نیشانە جیاکەرەوەکانی زمانی کوردیش بریتین لە (لچولێوی_ لچوودانی_ پوکیی_ ڕەقە مەڵاشـــویی_ مەڵاشـــویی(نەرمە مەڵاشـــویی_پشـــتە مەڵاشـــویی)_ گەرویی_ دەنگەژێی_ دەنگـداریی(دەنگـدار/کـپ)_ لوتیی(دەمیی_لوتیی)(مەحویی: ٢٠٠٨(ب): ٢١٢).

لێرەدا جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی و سیماکانیان، بەپێی ئەو نیشـانە جیاکەرەوانەی زمانی کوردی، لەم خشتەیەدا دەخەینەڕو:

**خشتەی ژمارە ١ سیمای فۆنێمە بەشدارەکان لە جوت دەنگیی**

| | ب | ت | د | ک | گ | ڤ | ف | س | ز | ش | ژ | خ | م | ن | ح | ج | چ | ل | ڵ | ڕ | ر | ق |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لچولێوی | + | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | + | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| لچوودانی | - | - | - | - | - | + | + | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| پوکی | - | + | + | - | - | - | - | + | + | - | - | - | - | + | - | + | + | + | + | + | - | - |
| ددانی | - | + | + | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| مەڵاشویی | - | - | - | + | + | - | - | - | - | + | + | + | - | - | - | + | + | | + | + | - | - |
| لوتیی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | + | + | - | - | - | - | - | - | - | - |
| گەرویی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | + | - | - | - | - | - | - | - |
| دەنگداریی | + | - | + | - | + | + | - | - | + | - | + | - | + | + | - | + | - | + | + | + | + | - |
| گیراو | + | + | + | + | + | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | + |
| لایی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | + | + | - | - | - |

بەم شـــێوەیە دەتوانین بڵێین، بەگوێرەی ئەم داتایەی وەرمان گرتوە و لەبەردەســتماندان، هەریەک لە فۆنێمە کۆنسـۆنانتەکانی(ب، ت، د، ک، گ، ڤ، ف، س، ز، ش، ژ، خ، م، ن، ح، ج، چ، ل، ڵ، ڕ، ر، ق)، بەشـــدارن لە پرۆســـەی جوت دەنگیی، بەڵام فۆنێمە کۆنسۆنسۆنانتەکانی (پ، غ ، هـ ، ع)، جوت دەنگیی دروست


ناکەن. بە واتایەکی تر، هیچ وشـەیەکمان نییە کە ئەم جۆرە کۆنسـۆنانتانەی تیادا بوبێتە جوت دەنگیی و ئەم دیاردەیەیان دروست کردبێت.

## ٤-١٣: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی

دوای ڕوپێوییەکی گشـتی زمانی کوردی، (١٧٨) وشـەمان لە شـێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست و هەندێ لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، دەستکەوت، کە ئەم دیاردە دەنگییەیان تێدا دەبینرێت. دواتر هاتین ئەم وشـــانەمان پۆلێنکرد بەپێی ئەو جۆرانەی کە ئـامـاژەمـان پێکردوە، بەپێی بەرنـامەی Excel ڕێژەی ســـەدی هەریەک لە (ژمـارەی ئەو فۆنێمـانەی جوت دەنگیی دروســـتدەکەن، جۆرەکانی جوت دەنگیی، جوت دەنگیی و پرۆســـە فۆنۆلۆژییەکان، جێکەوتەی جوت دەنگییەکان، جوت دەنگییەکان بەپێی ڕیشـــەی وشـــەکان، جوت دەنگییەکان بەپێی دەرکەوتنیان لەناو برگە)مان دەرهێناوە. بۆ ڕاستاندنی داتاکەمان گەڕاینەوە ســەر فەرهەنگە کوردییەکانی (خاڵ، هەمبانەبۆرینە، کوردســتان) تاکو بزانین ئەم وشـــانە لە زمـانی کوردیـدا تۆمـارکراون، هەروەهـا لە ڕێگەی گوێگرتن لە قسەپێکەرانی زمانەکە چەسپاندنمان بۆ داتای توێژینەوەکە کرد.

### ٤-١٣-١: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی فۆنێمە بەشدارەکان لە جوت دەنگیی

بێگومان هەریەک لەو فۆنێمانەی کە جوت دەنگییان دروســـت کردوە بە ڕێژەی جیاواز بەشدارن لەم پرۆسەیەدا، هەریەک لە فۆنێمەکانی (ب، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن) بەشدارن لە دروستکردنی جوت دەنگیی، کە ڕێژەکەیان لە چارتی ژمارە (١)دیارە:





**چارتی ژماره ١ پیشاندانی ڕێژەی ئەو فۆنێمانەی بەشدارن لە پرۆسەی جوت دەنگیی**

چارتی ژماره (١) نیشـــــاندەری جۆر و ڕێژەی ئەو فۆنێمانەیە، کە جوت دەنگیی دروســـت دەکەن، وەک لە چارتەکەدا دەردەکەوێت، فۆنێمی (ل) بە ڕێژەی (١٩%)، فۆنێمی (ک) بە ڕێژەی (١٦%)، فۆنێمی (ن) بە ڕێژەی (١٦%)، فۆنێمی (م) بە ڕێژەی (٨%)، فۆنێمی (ت) بە ڕێژەی (٧%)، فۆنێمی (د) بە ڕێژەی (٥%)، فۆنێمی (ڕ) بە ڕێژەی (٥%)، فۆنێمی (ڵ) بە ڕێژەی (٤%)، فۆنێمی (گ) بە ڕێژەی (٣%)، فۆنێمەکانی (ز، ش، ڤ، ق) هەر یەکێکیان بە ڕێژەی (٢%) بەشـــداری لەم پرۆســـەیەدا دەکەن، هەروەها فۆنێمەکانی (ب، ج، چ، ح، خ، ر، ژ، س، ف)یش هەر یەکێکیان بە ڕێژەی (١%)، بەشدارن لەم پرۆسەیەدا.

### ٤-١٣-٢: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جۆرەکانی جوت دەنگیی

بەهەمان شـــێوەی دەنگەکان، جۆرەکانی جوت دەنگییش لەڕوی ڕێژەوە جیاوازن و هەریەکەیان بە ڕێژەیەک بەشـــداری لە دروســـتبونی ئەم پرۆســـەیەدا


دەکەن، چـارتی ژمـارە (٢) نیشـــــانـدەری ڕێژەی جوت دەنگییەکـانە بەپێی جۆرەکانیان، بەم شێوەیە:




**چارتی ژمارە ٢ پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی جۆرەکانیان**

بەپێی چـارتی ژمـارە (٢)، ڕێژەی (٦٨%)ی وشـــەکـان جوت دەنگیی بنەڕەتی، ڕێژەی (٣٢%)ی وشەکان جوت دەنگیی ڕۆنانییان، تێدا ڕەچاودەکرێت.


لەناو جوت دەنگیی ڕۆنانی ڕێژەی بەشـداریکردنی جوت دەنگیی دارشـتن و لێکدان جیاوازن لەیەکتر وەک چارتی ژمارە (٣):




**چارتی ژمارە ٣ پیشاندانی ڕێژەی جۆرەکانی جوت دەنگیی ڕۆنانی**

وەک لە چارتی ژمارە (٣) دەردەکەویت، جوت دەنگیی دارشتن بە ڕێژەی (١٩%)، جوت دەنگیی لێکدان بە ڕێژەی (٨١%)، بەشدارن لەم پرۆسەیەدا.

لەناو جوت دەنگیی دارشـــتنیش ڕێژەی بەشـــداری کردنی پێشـــگر و پاشـــگرەکان جیاوازە، بەڵام لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا تەنها جوت دەنگیی بەهۆی پاشـــگرەوە دەبێت، ئەوا ڕێژەکە بەم شـــێوەیە دەبێت وەک چارتی ژمارە (٤):





**چارتی ژمارە ٤ پیشاندانی ڕێژەی بەشداریکردنی پێشگر و پاشگرەکان لە جوت دەنگیی دارشتندا**

وەک لە چارتی ژمارە (٤) دەردەکەوێ، ڕێژەی دروستبونی جوت دەنگیی دارشـــتن بەهۆی پێشـــگرەکانەوە (٠%)، بەڵام ڕێژەی دروســـتبونی جوت دەنگیی دارشـــتن بەهۆی پاشـــگرەکانەوە (١٠٠%)، کە تەواوی وشـــەکانی جوت دەنگیی دارشتن پێکدەهێنێت.

### ٤-١٣-٣: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان

چارتی ژمارە (٥) پیشـــاندەری ڕێژەی ئەو وشـــانەیە، کە بەهۆی پرۆســـە فۆنۆلۆژییەکان دروستبون، بەم شێوەیە:





**چارتی ژمارە ٥ پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگیی و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان**

وەک لە چـارتی (٥) دەردەکەوێ، کە ڕێژەی (٨٦%)ی جوت دەنگیی و پرۆســـــە فۆنۆلۆژییەکـان بەهۆی پرۆســـــەی گۆنجـان، ڕێژەی (١٤%) بەهۆی پرۆسەی گۆڕانی دەنگ، دروستبون.

### ٤-١٣-٤: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی جێکەوتەیان لە وشەدا

بێگومـان زمـانەکـان جیـاوازن لەڕوی جێکەوتەی جوت دەنگییەکـان لە وشـەدا، لە چارتی ژمارە (٦) ڕێژەی سـەدیی جێکەوتەی جۆرە جیاوازەکانی جوت دەنگیی زمانی کوردی دەخەینەڕو، بەم شێوەیە:





**چارتی ژمارە ٦ پێشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەی وشەدا**

وەک لە چارتی ژمارە (٦) پیشـــــاندراوە، ڕێژەی ئەو جوت دەنگییانەی دەکەونە جێکەوتەی ســــەرەتا و کۆتایی وشــــە (٠%)ە، بەڵام ڕێژەی ئەو جوت دەنگییانەی دەکەونە ناوەڕاســتی وشــە (١٠٠%)ە، کە تەواوی جوت دەنگییەکانی زمانی کوردی دەگرێتەخۆ.

## ٤-١٣-٥: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی ڕیشەی وشەکان

چارتی ژمارە (٧) نیشـاندەری ڕێژەی ئەو وشـانەیە، کە ئەم پرۆسـەیەیان تێدایە لەڕوی وشــەی ڕەســەنی کوردی و وشــەی وەرگیراو لە زمانانی تر، بەم شێوەیە:





**چارتی ژمارە ٧ پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی ڕیشەی وشەکان**

وەک لەم چارتەدا پیشـــاندراوە ڕێژەی ئەو وشـــانەی کە جوت دەنگییان تێدایە و وشــەی ڕەســەنی کوردین (٨٨%)ە، بە بەراورد بە وشــە وەرگیراوەکان، کە ڕێژەیان (١٢%)یە، زۆر زیاترە.

### ٤-١٣-٦: خستنەڕوی ئامار و ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی دەرکەوتنیان لەناو برگە

چــارتی ژمــارە (٨) نیشـــــانــدەری ڕێژەی جوت دەنگییەکــانە، بەپێی دەرکەوتنیان لەناو برگەی زمانی کوردی، بەم شێوەیە:




**چارتی ژمارە ٨ پیشاندانی ڕێژەی جوت دەنگییەکان بەپێی دەرکەوتنیان لەناو برگە**

وەک لە چــارتی ژمــارە (٨) دەردەکەوێــت، کە ڕێژەی (١٠٠%)ی جوت دەنگییەکــانی زمــانی کوردی دەکەونە برگەی جیــاوازەوە، کە تەواوی وشـــــە جوتدەنگییدارەکانی زمانی کوردی دەگرێتەخۆ، بەڵام دەرکەوتنی جوت دەنگیی لە یەک برگەدا لە زمـانی کوردیدا ڕێژەکەی (٠%)ە، چونکە لە زمـانی کوردیدا دو کۆنسۆنانتی چونییەک لە تاکە برگەیەکدا بەیەکەوە نایەن.

# بەشی پێنجەم: ئەنجامەکان

# بەشی پێنجەم

## ئەنجامەکان

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشـــتین، کە لە چەند خاڵێکدا دەستنیشانیان دەکەین، بریتین لە:

١_ بەپێی بنەمـای تیۆری فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنـان، جوت دەنگیی دو بڕگەیی یان دو کۆنســـۆنانتی چونییەک، کە بەبێ ئەوەی فۆنێمێکی تر بکەوێتە نێوانیان لە سنوری نێوان دو بڕگە دوبارە دەبێتەوە. لەم پرۆسەیەدا هاتنی یەکەم کۆنسۆنانتی دوبارە لە کۆتایی بڕگەی لای ڕاست دایە، هاتنی دوەم کۆنسۆنانتی دوبارە لە ســــەرەتای بڕگەی لای چەپدایە. کەواتە دەتوانین بڵێین جوت دەنگیی، دوبارەبونەوەی بەبێ ناوبڕی کۆنسۆنانتە.

٢_ جوت دەنگیی دیـاردەیەکی فۆنۆلۆژیی گشـــتی (Universal)ە، لە زۆربەی زمانەکاندا هەستی پێدەکرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا ڕەفتار و دابەشـکردنیان لەنێوان زمـانەکـانـدا لەژێر لێکۆڵینەوەی جیـاوازدان، چونکە لە هەر زمـانێـک تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە، کە وا دەکات جیاوازبێت لەوانی تر. لە جوت دەنگییدا، یەک کۆنســـۆنانت لکاوەتە دو شـــوێنی جیاوازەوە، کە پەیوەندی بە دو بڕگەوە هەیە.

٣_ بەگشتی لە زۆربەی زمانەکاندا و لە زمانی کوردیشـدا دو جۆر جوت دەنگیی هەیە، یەکێکیان لە ناوەڕۆک و پێکهاتەی وشەدا پەیدادەبێت و پێیدەوترێت جوت دەنگیی بنەڕەتی، ئەویتریان بەهۆی ڕۆنانەوە دروســـتدەبێت و پێیدەوترێت جوت دەنگیی ڕۆنـانی. لێکجیـاکردنەوەی ئەم دو جۆرە لەڕوی پێکهـاتەی ڕوکەشـــەوە دیار نییە، چونکە لە پێکهاتەی ڕوکەشـــدا ئەم دو جۆرە جیاوازییان

نییە، بەڵام دەتوانرێت بەهۆی پێکهاتەی ژێرەوە جیابکرێنەوە، چونکە پێکهاتەی ژێرەوەیان جیاوازە.

٤_ لە وشە جوت دەنگییەکاندا، سنوری نێوان دو بڕگە، مەودای نێوان دو کۆنسـۆنانتی یەکسـانە. کەواتە ناتوانین ئەو بە یەک "کۆنسـۆنانتی درێژکراو" لە یەک بڕگەدا بزانین، چونکە هەبونی جوت دەنگیی هەمو کـاتێـک دەبێتە هۆی دابەشبونی بڕگەیی.

٥_ لە زمانی کوردیدا جوت دەنگیی لە وشە یەک بڕگەییەکاندا نمونە پەیدا ناکات، هۆکاری ئەمەش هەر ئەو دابەشـکردنە بڕگەییەی جوت دەنگییە، کە لە نێوان دو بڕگەدا دادەنرێت.

٦_ ئەو بڕگەیەی کە بەشـی یەکەمی جوت دەنگیی تێدایە، لەڕوی هێزەوە هەمو کاتێک بە بڕگەیەکی قورس هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەو بڕگەیەی کە بەشـی دوەمی جوت دەنگیی تێدایە، سوکترە و قورسایی کەمتری لەسەرە.

٧_ بۆ شـکاندنی بڕگە قورسـەکان یان ڕێگەپێنەدراوەکان لە زمانێکدا، زۆربەی جار یەک ڤاوڵ لە نێوان هێشـوە کۆنسـۆنانتەکاندا زیاد دەبێت، تا پێکهـاتەی بڕگەیی سـوکتر بەدیبێت، بەڵام ئەم پرۆسـەیە لە جوت دەنگیی کۆنسـۆنانت کار ناکات، واتە ناتوانین لە نێوان دو بەشـی کۆنسـۆنانتی جوت، ڤاوڵێک زیاد بکەین، چونکە دو بەشی جوت دەنگیی لێکجیاناکرێنەوە.

٨_ لە زمـانی کوردیدا تەنهـا جوت دەنگیی کۆنسـۆنـانت هەیە و جوت دەنگیی ڤاوڵ نییە، چونکە لە زمانی کوردیدا هەرگیز دو ڤاوڵ بەیەکەوە لەتەنیشت یەکتر نایەن.

٩_ لە زمـانی کوردیدا هەمو فۆنێمەکان جوت دەنگیی دروسـت ناکەن، بەپێی داتـای توێژینەوەکەمـان هەریەک لە فۆنێمەکـانی (پ، غ ، هـ ، ع)، لە

بەرهەمهێنانی جوت دەنگیی بەشـدارنین، بەڵام فۆنێمەکانی (ب، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن) بەشـدارن لە دروسـتکردنی جوت دەنگیی و هەر یەکێکیشیان بەڕێژەی جیاواز ئەم پرۆسەیە دروستدەکەن.

١٠_ لە زمانی کوردیدا ڕێژەی (١٠٠%)ی جوت دەنگییەکانی دەکەونە بڕگەی جیاوازەوە، کە تەواوی وشـە جوتدەنگییدارەکانی زمانی کوردی دەگرێتەخۆ، بەڵام دەرکەوتنی جوت دەنگیی لە یەک بڕگەدا لە زمانی کوردیدا ڕێژەکەی (٠%)ە، چونکە لە زمانی کوردیدا دو کۆنسـۆنانتی چونییەک لە تاکە بڕگەیەکدا بەیەکەوە نایەن.

١١_ زمانەکان جیاوازن لەڕوی دەرکەوتنی جوت دەنگییەکان لە جێکەوتەی وشـەکاندا، لە زمانی کوردیدا (١٠٠%)ی جوت دەنگییەکان، واتە سەرجەم جوت دەنگییەکان دەکەونە جێکەوتەی ناوەڕاستی وشە.

١٢_ ڕێژەی ئەو وشانەی کە جوت دەنگییان تێدایە و وشەی ڕەسەنی کوردین (٨٨%)ە، بە بەراورد بە وشە وەرگیراوەکان کە ڕێژەیان (١٢%)یە، زۆر زیاترە. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە جوت دەنگیی پرۆسەیەکی فۆنۆلۆژییە لە زمانی کوردیدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

– ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

– ئیسماعیل، هەژار قادر (٢٠٠٩). ڕۆنانی بڕگە و ئاسانبونی دەنگ لە زارۆچکەی باڵەکیاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– جەمیل، خەبات هادی (٢٠٠٨). فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– حەسەن، ڕەحمان ئیسماعیل (١٩٩١). بڕگە و ئاسانبونی بڕگە لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

– حەمەد، دەریا سابیر (٢٠١٦). کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.

– حەمەد، سۆران عەبدولڕەحمان (٢٠١٤). ڕۆڵی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، سلێمانی.

– حەمید، ساکار ئەنوەر (٢٠٠٩)، وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٥). بەراوردێکی مۆرفۆفۆنێمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، سکوڵی زمان، سلێمانی.

– خەلیل، ناهیدە ڕەحمان (٢٠١٣). زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ_فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

– خورشید، غازی علی (٢٠١٠). فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

– خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٤). دەنگسازی، چاپی دوەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– خضر، ڕێبین خالید(٢٠١٥). ئەرکی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– ژاکاو، سابیر (١٣٩٩). پرشەدارێکی زمانەوانی٢، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، بۆکان.

– سەعید، یوسف شەریف (٢٠٠٦). زمانەوانی کارەکی فەرهەنگسازی، *گۆڤاری ژمارە (١) تایبەت بە توێژینەوەکانی کۆنگرەی یەکەمی زانستی زمان کە لە ١٥-٢٠٠٥/٥/١٧ بەسترا*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

– عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠٠٥). فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپی یەکەم، هەولێر.

– عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٥). دەنگسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– فەتاح، محمد مەعروف (٢٠١١). زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– فەخری، نەسرین محەممەد (١٩٧٧-١٩٧٨). ڕێنوسی کوردی، فەسڵی یەکەم.

– فەرهادی، عاتف عەبدوڵلا (٢٠١٣). هەندێ لایەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەکایەتی لەسەر بنچینەی (prat)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– فەرهادی، عاتف عەبدوڵلا (٢٠١٧). شێوەزاری هەولێر، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٤(١٠)، ٢٧-٤٨.

– قادر، صباح ڕەشید (٢٠٠٠). هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

– قادر، عادل ڕەشید (٢٠٠٨). فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

– قادر، عادل ڕەشید (٢٠١٦). کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر یاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ٣ (٦)، ٨٧_١٠٠.

– مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٥). وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

– مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٦). زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (١٩٨٢). گیروگرفتی ڕێنوســـی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق_دەستەی کورد، بەرگی نۆییەم، بەغداد.

- مەحویی، محەممەد (٢٠٠٠). چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عەرەبی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە، بەشـــی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- مەحویی، محەممەد (٢٠٠٨)(ا). فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

- مەحویی، محەممەد (٢٠٠٨)(ب). فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی دوەم، سلێمانی.

- محێدین، بازیان یونس (٢٠١٣). پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆژیی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

- محەمەد، مەسعود (١٩٨٢). چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنوس و ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق _ دەســـتەی کورد، بەرگی نۆهەم.

- محەمەدئەمین، یوسف نوری (٢٠١٥). ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

- هاشم، ژینۆ بەختیار (٢٠١٢). ئەندازەی دەنگ لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

- واحد، ســاکار کەمال (٢٠١٣). کاریگەری دەنگ لەســەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

- وەیس، غازی فاتیح(١٩٨٤). فۆنەتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی الوديب البغداديه.

### بە زمانی فارسی:

- آرام، یوســف و صــفوت، عاطفه حســینی (١٣٩٥). بررســی پیکرەبنیاد فرایندهای واجی تضــعیف و تقویت در ادوار تاریخی زبان فارســی، نشــریه پژوهش‌های زبان‌شناسی تطبیقی، سال ششم، شماره ١١، بهار و تابستان.

- آرلاتو، آنتونی (١٣٨٤). در آمدی بر زبانشــناســی تاریخی، ترجمه یحیی مدرسی، تهران: پژوهشگاه علوم انسانی.

- اسلامی، محرم (١٣٨٤). واج‌شناسی: تحلیل نظام آهنگ زبان فارسی، تهران: سمت.

- باقری، مهری(١٣٧٤). مقدمات زبانشناسی، چاپ سوم، چاپ دانشگاه تبریز، تبریز.

- بحرانی، نوال (١٣٩٦). بررسی ساخت واجی گویش عربی خوزستانی شهرستان آبادان در چارچوب واج‌شناسی زایشی، پایان نامه، دانشگاه علامه طباطبائی، تهران.

- بی‌جن‌خان، محمود (١٣٨٩). واج شناسی نظریه بهینگی، چاپ سوم، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم إنسانی.

- ثمره، یدالله (١٣٩٥). آواشناسی زبان فارسی، ویرایش دوم، چاپ سیزدهم، تهران: مرکز نشر دانشگاهی.

- جم، بشیر(١٣٩٤). تبین تشدیدزدایی از پایانه مشدد وام واژه‌های عربی در چارچوب نظریه بهینگی، پژوهش های زبان شناسی، دانشگاه اصفهان، سال هفتم، شماره اول، شماره ترتیبی ١٢، بهار و تابستان.

- حق‌شناس، علی محمد (١٣٨٠). آواشناسی، چ ٧، تهران، نشر آگاه.

- رخزادی، علی (١٣٧٩). آواشناسی و دستور زبان کردی، چاپخانه رامین، تهران.

- رزمجو، سید آیت‌الله (١٣٨٦). گویش شناسی(گویش لری کهگیلویه بررسی و توصیف نظام آوایی)، الناشر فرهنگستان زبان و ادب فارسی، دانشگاه تهران، شماره ٦.

- قوامی، گلناز مدرسی (١٣٩٣). آواشناسی، چاپ چهارم، چاپ گلها(قم). زمستان، تهران.

- قوامی، گلناز مدرسی (١٣٩٤). فرهنگ توصیفی آواشناسی و واج‌شناسی، تهران: انتشارات علمی.

- کامبوزیا، عالیه ک. ز. (١٣٩٣). واجشناسی رویکردهای قاعده بنیاد، تهران: سمت.

- کامبوزیا، عالیه ک. ز. و تاج‌آبادی، فرزانه (١٣٩١). مقایسه مشددسازی و تشدیدزدایی در زبان فارسی و گویشهای ایرانی، فصل نامه پژوهش های زبان و ادبیات تطبیقی، دانشگاه تربیت مدرس تهران، دوره ٣، شماره١ (پیاپی٩)، بهار.

- کامبوزیا، عالیه ک. ز. و عزت‌آبادی‌پور، طاهره(۱۳۹٦). بررســـی فرایند ارتقاء واکه و واژگونی این قاعده در گونه‌های زبان فارســـی: رویکرد زایشـــی، دانشاه رازی کرماشان سال پنجم، شماره ۱۹، ص ۱۹-۳٦.
- کامیار، تقی وحیدیان (۱۳۷۱). بررســـی تشـــدید از دید علمی و حل یک مشکل املایی، *مجله رشد آموزش ادب فارسی*، سال هفتم، شماره ۲۹ و ۳۰.
- مقداری، صـدیقه سـادات و رمضـانی، محمد (۱۳۹۵). بررسـی فرایندهای واجی و برخی ویژگی های زبانشـــناختی، گردهمایی انجمن ترویج زبان و ادب فارسی ایران(مقاله)، دانشگاه گیلان، دوره ۱۱.
- مشـکوةالدینی، مهدی (۱۳۸۵). سـاخت آوایی زبان، چاپ پنجم، انتشـارات دانشگاه فردوسی، مشهد.
- نجفی، ابوالحســـین (۱۳۵۸). مبانی زبانشـــناســـی و کاربرد آن در زبان فارسی، تهران: انتشارات نیلوفر.

**به زمانی عەرەبی:**

- بشیر، کمال (۲۰۰۰). علم الاصوات، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع، القاهره،
- الغامدی، منصـــور محمد (۲۰۰۱). الصـــوتیات العربیه، الریاض: مکتبه التوبه.

**به زمانی ئینگلیزی:**

ABERCROMBIE, D. (1967). Elements of General Phonetics, Edinburgh: Edinburgh University Press.

ANDERSON, S. R. (1981). why phonology isn’t ‘natural’, linguistic Inquiry, 12(4), 493-539.

AHMED, M. S. & SAMEER, I. H. (2016). Difficulties Faced by British and Iraqi Undergraduate Students of English When Pronouncing Arabic True Geminates and English Fake Geminates, *Alustath Journal*, 1(217), 1-20.

BEN HEDIA, S. (2019). Gemination and Degemination in English affixation, Berlin: Language Science press.

BURQUEST, D. A. (2001). phonological Analysis: A Functional approach, 2nd edn., Texas: SIL.

CANTINEAU, J. (1960). Etudes de Linguistique Arabe, 1st edn., Paris: C. Klincksieck.

CARR, P. (2008). A Glossary of Phonology, Edinburgh: Edinburgh University Press.

CARR, P. (2020). English Phonetics and Phonology: an introduction, 3rd edn., John Wiley-Blackwell.

CATFORD, J. C. (2001). A Practical Introduction to Phonetics, 2nd edn., Oxford: Oxford University Press.

CHOMSKY, N. & HALLE, M. (1968). The Sound Pattern of English, New York: Harper & Row.

CRYSTAL, D. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics, 6th edn., London: Blackwell Publishing.

DAVENPORT, M. AND HANNAHS, S. J. (2005). Introducing Phonetics and Phonology, 2nd edn., London: Hodder Arnold.

DAVIS, S. (2011). Geminates, In M. van Oostendorp, C. J. Ewen, E. Hume & K. Rice (eds.), The Blackwell Companion to Phonology, V.2, Malden, Mass & Oxford: Wiley-Blackwell.

DELATTRE, P. (1971). Pharyngeal features in the consonants of Arabic, German, Spanish, French, and American English, *Phonetica*, 23(3), 129-155.

DIRVEN, R. (2004). Cognitive Exploration of Language and Linguistics, John Benjamins Publishing company, 2nd edn., USA .

ERWIN, W. M. (1969). A Basic Course in Iraq Arabic, 1st edn., Washington: Georgetown University Press.

FATTAH, M. M. (1980). On the Stress system of Kurdish zanco, 6, 177-200.

FATTAH, M. M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Doctoral Disserations, University of Amsterdam.

FLEMMING, E. (2001). Scalar and categorical phenomena in a unified model of phonetics and phonology, phonology 18, 7-44.

FUDGE, E. C. (1967). The nature of phonological primes, *Journal of linguistics*, 3(1), 1-36.

GIEGERICH, H. J. (1992). English Phonology: An introduction, Cambridge: Cambridge University Press.

GOLDSMITH, J. (1990). Autosgmental and metrical Phonology, 1st edn., Oxford: Basil Blackwell.

GRACE, E. OH & REDFORD, M. A. (2012). The production and phonetic representation of fake geminates in English, *Journal of Phonetics*, 40(1), 82-91.

GUSSMANN, E. (2002). Phonology: Analysis and Theory, 1st edn., New York: Cambridge University press.

GUSSENHOVEN, C. & JACOBS, H. (2011). Understanding phonology, London: Hodder Education.

HAM, W. H. (2002). Phonetic and Phonological aspects of geminate timing, 1st edn., New York, USA: Routledge.

AL-HAMASH, K. (1984). English phonetics and phonology. Baghdad: The Institute for the Development of English Language teaching in Iraq.

HASSAN, S. A. (1970). Arabic Phonology, 1st edn., Berlin: De Gruyter.

HAMEED, A. F. (2018). The basic Tenetsof Generative Phonology, *Journal of Education and practice*, 9(2), 7-16.

HAYES, B. (2009). Introductory Phonology,1st edn, London: Wiley-Blackwell.

HYMAN, L. M. (1975). phonology: Theory and Analysis, 1st edn., New York: Holt: Rinehart & Winston Inc.

JENSEN, J. T. (2004). Principles of Generative Phonology, 1st edn., USA: John Benjamins.

JONES, D. (1967). The Phoneme: Its Nature and Use, 3rd edn., Cambridge: Cambridge University Press.

KEATING, P. (2006). Phonetic encoding of prosodic structure. In J. Harrington & M. Tabain (eds.). Speech Production, New York: Psychology Press.

KENSTOWICZ, M. (1994). Phonology in Generative Grammar, Oxford: Blackwell.

KHATTAB, G. (2007). A phonetic study of germination in Lebanese Arabic. Proc. Of 16th International Congress of Phonetic Sciences, Saarbrucken, 153-158.

KIRCHNER, R. (2001). An Effort Based Approach to Consonant Lenition,1st edn., New York: Routledge.

KUBOZONO, H. (2017). The Phonetics and Phonology of Geminate Consonants,1st edn., Oxford: Oxford University Press.

KUIPER, K. & ALLAN, S. (1996). An Introduction to English Language: Sound, Word, and Sentence, London: The Bath Press.

LADEFOGED, P. & MADDIESON, I. (1996). The sound of the world’s Languages, 1st edn., Oxford: Blackwell.

LADEFOGED P. & JOHNSON, K. (2011). A Course in Phonetic, 6th edn., Canada: wadsworth.

LASS, R. (1984). Phonology, 1st edn., Cambridge: Cambridge University Press.

LEHISTE, I. & MORTAN, K. & TATHAM, M. (1973). An instrumental study of consonant germination. *Journal of Phonetics*. 1(2). 131-148.

LODGE, K. (2009-A). Fundamental Consepts in Phonology: Sameness and Difference, Edinburgh: Edinburgeh University press.

LODGE, K. (2009-B). A Critical Introduction to Phonetics, London: British Library.

MCCARTHY, J. J. (1986). Gemination and Antigemination, Amherst: University of Massachusetts, 17(2). 207-263.

MCMAHON, A. (2002). An Introduction to English, Edinburgh: Edinburgh University Press.

MOHANAN, K. P. (1982). The Theory of Lexical Phonology, Doctoral dissertion, MIT, Cambridge, Massachusetts.

MUBARAK, A. S. & JEBUR, A. B. (2018). The Phenomenon of Gemination in English and Arabic, *British Journal of English Linguistics*, 6(5), 28-37.

MURRAY, J. A. H. (1933). The Oxford English Dictionary, 1st edn., Oxford: Oxford University Press.

NASR, R. T. (1960). Phonemic length in Lebanese Arabic. *Phonetica*. 5(3). 209-211.

NATHAN, G. (2008). Phonology: a cognitive grammer introduction, John Benjamins Publishing company, USA.

OBIED, I. M. (2016). Phonological Rules, *Journal University of Babylon of Humanities*,1(24), 168-176.

OGRADI, W. & DOBROVOLSKY, M. & KATAMBA, F. (2001). Contemporary Linguistics, 2nd edn., Pearson ESL.

RIDOUANE, R. (2010). Geminates at the junction of Phonetics and Phonology, In Cécile Fougeron (ed.), Laboratory phonology 10 (Phonology and Phonetics), 61–91. Berlin, Germany & New York, NY, USA: Mouton de Gruyter.

ROACH, P. (2002). A Little Encyclopedia of phonetics, 1st edn., Cambridge: Cambridge University Press.

ROACH, P. (2009). English ponetics and phonology: a practical course, Cambridge: Cambridge University Press.

ROBINS, R. H. (1964). General Linguistics An Introductory Survey, 1st edn. London: Longmans, Green & Co. LTD.

EL-SAARAN, M. H. A. (1951). A Critical Study of the Phonetic Observations of the Arab Grammarians. Unpublished PH.D. Thesis, SOAS, London: University of London.

VAN ESS, J. (1938). The Spoken Arabic of Iraq. 2nd edn., London: Oxford University Press.

VAN RIPER, C. & ROBERT, L. E. (1996). An Introduction to Speech Pathology and Audiology, 9th edn., Boston: Allyn & Baccon.

WATSON, J. (2002). The phonology and morphology of Arabic, 1st edn., Oxford: Oxford University Press.

# پاشکۆکان

# پاشكۆكان


## ـ پاشكۆی ژماره (١) خشتەی ئەلفبای فۆنەتیكی جیهانی:

بۆ نوسینی دەنگیی سودمان لەم خشتەیە وەرگرتوه

THE INTERNATIONAL PHONETIC ALPHABET (revised to 2020)

| | Bilabial | Labiodental | Dental | Alveolar | Postalveolar | Retroflex | Palatal | Velar | Uvular | Pharyngeal | Glottal |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Plosive | p b | | | t d | | ʈ ɖ | c ɟ | K g | q ɢ | | ʔ |
| Nasal | m | ɱ | | n | | ɳ | ɲ | ŋ | ɴ | | |
| Trill | ʙ | | | r | | | | | ʀ | | |
| Tap or Flap | | ⱱ | | ɾ | | ɽ | | | | | |
| Fricative | ɸ β | f v | θ ð | s z | ʃ ʒ | ʂ ʐ | ç ʝ | x ɣ | χ ʁ | ħ ʕ | h ɦ |
| Lateral fricative | | | | ɬ ɮ | | | | | | | |
| Approximant | | ʋ | | ɹ | | ɻ | j | ɰ | | | |
| Lateral approximant | | | | l | | ɭ | ʎ | ʟ | | | |

VOWELS



**پاشکۆی ژمارە (٢) وشە جوت دەنگییدارەکان:**

**١- دەنگی (ب)**

جوببە (جۆرێکە لە کەوای مەلایان )

دەببە

**٢- دەنگی (ت)**

ختتە (وشەیەکە بۆ دەرکردنی پشیلە بەکاردێ)

تونتتر

کورتتر

سەختتر

وتتان

ڕاستتر

چەوتتر

دەستتان

پوختتر

کردتان دەبێتە کرتتان

ویستتان

هەشتتیر (دەمانچەیەکە کە هەشت گوللە بخوات)

**٣- دەنگی (ج)**

فججور (دەنگی فڕینی کەو، خۆفڕێدان)

**٤- دەنگی (چ)**

حەچچە (وشەی لێخوڕینی گوێدرێژ)

کچچە (وتەیەکە ڕەشەوڵاغی پێ لێدەخوڕدرێت)

**٥- دەنگی (ح)**

تەححە

**٦- دەنگی (خ)**

یخخە (بۆ ئاژۆتن و وەدەرنانی بزن بەکاردێت)

قخخە (دەربڕینێکە بۆ منداڵ بەکاردێت واتە پیسە)

**٧- دەنگی (د)**

مادده

سەڵاحەددین
شەددە
ئەددی (وشەی وەڵامدانەوە یان ئاگادارکردنەوە)
یادداشت
خەتدار = خەددار
غوددە
موددە
ماتدان = مابدان
**٨- دەنگی (ر)**
دەردان = دەرران
**٩- دەنگی (ڕ)**
هەڕڕاج
زەڕڕە
گوڕڕە (کێبڕکێ، هەراهەرا)
زڕڕە (لە زڕڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ)
کڕڕە (زۆر حەزلێبون)
جەڕڕاح
مشەڕڕەت (نێردراو بۆ دۆزەخ _ بە جەهەننمێیان مشەڕڕەت کرد)
گڕڕە (گڕی ئاگر)
سڕڕە (نهێنی)
**١٠- دەنگی (ز)**
هەززە
جززە
فززە
سازان
**١١- دەنگی (ژ)**
ڕۆژژمێر
**١٢- دەنگی (س)**
قەسسان
عەسسە (شتێکی ڕاست کە گاڵتەی تێدا نەبێ)
**١٣- دەنگی (ش)**

مورڕەششەح

هێششە (بۆ گێڕانەوەی بزن و مەڕ بەکاردێت)

کششە

**١٤- دەنگی (ف)**

کففە - کففەی یەک لەدواییەک- جۆرە دەنگێکە وەک دەنگی هـاتنە دەرەوەی خوێن لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵدا

قوففە (قایغ)

**١٥- دەنگی (ڤ)**

گڤڤە (دەنگی شتێک کە زۆر بە تیژی تێپەڕێ)

بڤڤە

حەڤڤە

**١٦- دەنگی (ق)**

شەققە

شوققە

ڕەققە

تەققە

**١٧- دەنگی (ک)**

فێنککەرەوە

مەککە

پەککەوتە

چاککردن

پاککردن

ڕێککەوتن

کۆمەککردن

هاککردن

ڕێککردن

پێککەوتن

لێککردن

پەککو (وشەی سەرسوڕمان-وشەی داخ و خەم)

حەککو (وشەی سەرسوڕمان)

وشککردنەوە

چەککردن
یەککردن
ئەککو
ئەتککردن
شەککەر
درککردن
ناوککەوتن
نینۆککردن
وێککەوتن
مێڵاککردن (بریتییە لە چەشتنی خواردەمەنیەک)
نزیککردنەوە
کۆککردن (قورمیشکردنی سەعات-سازکردنی شت)
لەچککردن
سوککردن
تەککەوتو (کەسێک دوای کەسێک کەوتبێ)
**١٨- دەنگی (گ)**
ئاهەنگگێڕ
ژەنگگرتو (فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد لا ١١٦)
یەگگرتو
ڕەنگگرتن
چنگگرتن
**١٩- دەنگی (ل)**
میللەت
گوللە
کوللە
زللە
قاللۆر
هێللانە
جۆللانە
جەللاد
حەللاج

باللۆره
کەلله
سەلله
ڤێللا
عیللەت
کۆللاره
شوقەللـــــەت (شتێکه وەک سەکۆیەکی باریک لای سەروی ژورەوه دروست دەکرێت ژێرەکەی بۆش و خانخانه شتیان تێدا دادەنرێ و لەسەریشی شتومەک دادەنرێ)
حەللاق
فەللاقه
ئیللا و بیللا
کوللەک (کڵاوڕۆژنه، شەل)
حەللەق مەللەق (قسەی بێسەروبەر)
حەللــــەلا (وتەیەکه له کاتێکدا بەکاردەهێنرێت که یەکێک قسەت بۆ بکا و تۆش بەلاتەوه وانەبێ و زۆر دور بێ)
تللۆر و خللۆر
حللور بللور (یاریەکی منداڵێنێیه)
عاللاوه (گوندێکه له دۆڵی قەڵاسنج)
قولله واته (بەرزایی یان ترۆپک) یاخود (بەنده-کۆیله)
حیلله (حلکه)
ئەللو (هەڵوژه)
کیلله (کلیل)
گەللاسی (فیتنەو فەساد)
قەللاش (بێ ئابڕو)
عەلله
ژیللک (ژیلاوک)
حوللەســێ (وتەیەکه له کاتێکدا بەکاردێ که یەکێک قســەیەک یان کردەوەیەکی ناشـــرین بکا و لەلایەن یەکێکەوه پێی وترابێ به نەکردنی کەچی ئەم هەر بچێته سەری و بیکا، لەو حاڵەتەدا پێیدەوترێت : وا چوەسەر (حوللەسێ)کەی خۆی)

**٢٠- دەنگی (ڵ)**

هەڵڵا
بەڕەڵڵا (بەرهەڵا)
ئەڵڵایی (شارۆچکەیەکە لە نزیک ناحیەی بازیان)
تەقەڵڵا
پاڵدان = پاڵڵان
گوڵدان = گوڵڵان
دڵدار = دڵڵار
قەڵڵاس (پرژی گوڵی گەنم و جۆ و برنج)

**٢١- دەنگی (م)**

شەممە
محەممەد
هیممەت
ئەمما
مەممە – مەممان (وتەیەکە منداڵی شیرەخۆرە بە مەمکی دەڵێت)
جممە (وتەیەکە بۆ کۆبونەوەو بەسەریەکدا کەوتنی مرۆڤ لە شوێنێکدا بەکاردەهێنرێ (ئەمڕۆ بازاڕ جممەی دەهات)
ئۆممەت
پێغەممەر
ئاممەتێ (بۆ کارێک کە لەجێی خۆی بێت و جێی ڕەزامەندی بەرانبەرەکەت بێت)
مشەمما (وەکو خێمە وایە ئاو نادات، جاران بەسەرباری وڵاخیان دەپێچا بۆئەوەی تەڕ نەبێت)
کاممان
زامدار = زاممار
لێمدا = لێمما
جامباز = جامماز
عەمبار = عەممار

**٢٢- دەنگی (ن)**

قەنناس
سوننە
جەهەندەم = جەهەننەم
جننە (ژنی خراپ-سۆزانی) _ جننەباز (پیاوی خراپ )

دەروونناس

ژیاننامە

دەرماننناسی

زماننناس

ژیاننناسی

تەمەننا

شەننەومەننە

کوندە = کوننە

هاندان = هاننان

ڕۆماننوس

جواننناس

کوژاندنەوە = کوژاننەوە

سۆندە = سۆننە

بریندار = برینار

بەیاننامە

کولاندنەوە = کولاننەوە

لاواندنەوە = لاواننەوە

قەننە

کزاندنەوە = کزاننەوە

سەر ئەنناز (سەرپۆشێکە کە بدرێ بەسەر شتدا)

سەندنەوە = سەننەوە

ڕازاندنەوە = ڕازاننەوە

چەماندنەوە = چەماننەوە

تننە (نییە)

تەقاندنەوە = تەقاننەوە

زانكۆى سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# التشديد من المنظور الفونولوجي التوليدي في اللغة الكردية

رسالة

مقدمة الى مجلس كلية التربية الاساسية في جامعة صلاح الدين – اربيل وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في اختصاص اللغة الكردية


من قبل: **راز عزيز احمد**

بكالوريوس في اللغة الكردية – كلية التربية – جامعة رابرين –٢٠١٣


باشراف: **أ.م.د. شيروان حسين حمد**

اربيل ـ كوردستان
تيشرين الثاني ـ ٢٠٢١

**الملخص**

يدرس هذا البحث الذي يحمل عنوان (التـ شديد من المنظور الفونولوجي التوليدي في اللغة الكردية) عن اتيان صوتان ساكنان متـ شابهان معا اللذي ندرس فيه ظاهرة التـ شديد بـ شكل عام و خا صتا في اللغة الكردية حـ سب المنظور و المبادئ النظرية الفونولوجي التوليدية. و أيـ ضا قمنا بعرض طبيعة ونمط ومكونات هذه الظاهرة ونمط ومخرجات كل صوت من الأصوات الساكنة في تكوين هذه الظاهرة في اللغة الكردية. التـ شديد هو عبارة عن توالي حرفان الـ ساكنان متـ شابهان معا وهي عملية فونولوجية تحدث في اللغة الكردية والعديد من اللغات الأخرى مثل (الإنجليزية، الإيطالية، الفار سية، العربية، التركية، الرو سية ... إلخ). بالإ ضافة إلى ذلك، فإن سلوكهم وتوزيعهم يخـ ضعون لدرا سات مختلفة في اللغات، لان اللغات تختلف من حيث ظهور الأنواع المختلفة من التشديد.

**يتضمن هذا البحث الخاتمة والمصادر، كما يتكون من ثلاثة أجزاء:**

الجزء الأول يدرس علوم الفونتيك و الفونولوجي والوحدات الـ صوتية. في الجزء الثاني من هذا البحث نظرًا لأن عملنا يعتمد على مبادئ الفونولوجي التوليدية، فقد أو ضحنا هذه النظرية بـ شكل عام، وفي هذا الجزء جعلنا محور حديثنا عن العمليات الفونولوجية. في الجزء الثالث من هذا البحث بـ شكل عام تحدثنا عن مفهوم التـ شديد المكون من ( ١٧٨ ) كلمات من اللهجة الكرمانجية الو سطى و بعض اللهجات الكردية الأخرى، أخذنا امثلة وحاولنا شرح التـ شديد في اللغة الكردية. ولجعل أهدافنا وأغراضنا أكثر وضوحًا، قدمنا وشرحنا بياناتنا كرسم بياني.

## Abstract

This research under the title of (Gemination from a Generative Phonology perspective in Kurdish Language) studies the phenomena of appearing two similar consonants, in which we discuss the phenomena of gemination in general and in Kurdish language specifically according to the principles of theory of generative phonology. Here, we show the nature, patterns and composition of this phenomenon and the pattern and the outcome of each of the consonant sounds in creation of this phenomenon in the Kurdish language. Gemination is occurrence of two similar consonants that they come consecutively which is a phonological process that occurs in the Kurdish language and many other languages like (English, Italian, Persian, Arabic, Turkish, Russian…etc.). In addition to that, their behavior and distribution are under different studies in the languages, since the languages are different in the aspect of appearance of the different types of the gemination.

This research consists of three parts in addition to conclusion and the list of references:

The first part studies the phonetic and phonology and acoustic units. In the second part of this research since our work is based on principles of generative phonology, we generally explain this theory. Moreover, in this part we discuss the phonological processes. In the third part of this research we show the concept of gemination of 178 words in Central Kurdish dialect in generally and we take samples of some other Kurdish accent words, and we try to explain gemination in Kurdish language. And to make our goals and purposes more clear we show and explain our data by a chart.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Gemination from a Generative phonology perspective in Kurdish language

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Basic Education at Salahaddin University-Erbil in partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in kurdish Language

By

**Raz Aziz Ahmed**
BSc. Kurdish Department-Faculty of Education-University of Raparin-2013

Supervised by
**Assistant Prof. Dr. Sherwan Hussen Hamed**

Erbil-KURDISTAN
November 2021